کۆمەڵگای تەقلیدی ، سیستەمی خێڵ و
خێزان ، و پێویستی بوون
بە شۆڕشێکی نوێ

د. سالار باسیرە لا٦٠

ئەردوغانیزم سەرچاوەیێ تیرۆریزمێیە!!

سەید ئەکرەم لا١٦

ڕۆژهەڵاتی کوردستان،
قوربانییەکی زۆر و
سیاسەتێکی بێدەنگ

د.سیڤان سەعید لا١٢

# ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە


٢
ساڵی یەکەم
ژمارەی دووهەم
31-1-2016
ڕێبەندانی
٢٧١٥


## چۆن پێکهاتەیەکی سیاسی لە باشور پێویستە

نەجیبە قەرەداخی لا٣٤



## کاریگەری باکوری کوردستان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان

دیاری خالید لا٢٠

## دەوڵەتی کوردیی و ئاڵای نەژادیی

کامیار سابیر لا٥٣

# ناوەڕۆک



ڕێکەوتنی ئێران و وڵاتانی ٥+١،
ئێران بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات
سەلاح خدر
٩


توانەوە لەسیاسەتی تورکیادا
کامەران گوڵپی
٦٠


هەڤپەیڤین
دکتۆر سەلاح ئەحمەد توێژەرێکی سەربەخۆ
لە فەلسەفەی سیاسی
٤


دەوڵەت خوای سەر ئەرز نیە،
بێ دەوڵەتیش ژیان دەبێ
قادری حاجی محمد
٢٦


دەوڵەت بۆکێ سازدەکەن
کوردۆ شوانی
٣٩


سەرمایەداری بون چ مانایەکی هەیە
دەیڤید هارڤی
لە ئینگلیزییەوە
نەجیبە قەرەداخی
٤٩






ئازادی کۆمەڵگە



**خاوەن ئیمتیاز:**

محمد کیانی عبدالرحمان(د.محمد کیانی)

**سەرنووسەر:**

گۆران علی حسن (گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران:**

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

پارێزەر هیلال ئیبراهیم



ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)

gmail.com@azadi1
www.facebook.com/Azadi Komelge



تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# ئەوەی ئێران بەرانبەر بە جوڵانەوەی ئەیلول کردی؛ ئەمڕۆ تورکیا دووبارەی دەکاتەوە

نزیکەی دووساڵ تێپەڕ بوو بەسەر قەیرانەکانی باشووری کوردستاندا. کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کەلە بەهاری ٢٠١٤دا حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان ئەنجامدا بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی پەیوەندی هەرێم و بەغداد تێک بچێت و لە ئەنجامدا حکومەتی ئێراق بودجەی هەرێم ببڕێت. هەرچەندە دوای لەسەرکارلادانی مالیکی و دەست بەکاربوونی حەیدەر عەبادی وەکو سەرۆک وەزیر، بە تایبەتیش دوای ڕێکەوتنی سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ ی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئێراق هیوایەک دروستبوو کە ئاڵۆزیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد چارەسەرببن و لەو ڕێگەیەشەوە هیوایەک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووریەکانی باشوور دروست بوو.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنج بوو ئەوەبوو کە دوای دوو مانگ لەو ڕێکەوتنە پارتی دیموکرات و سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ئامادەکاریان بۆ فرۆشتنی نەوت بە بۆری سەربەخۆ لەڕێگای تورکیاوە تەواو بووە و دەتوانن ئیتر سەربەخۆ نەوت بفرۆشن و تورکیاش ئامادەیی نیشاندا کەلەوبوارەدا بە ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد، هاوکاری بە هەرێم دەکات. ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە ئیتر بەغداد بە تەواوی بودجە ڕابگرێت، هاوکاتی ئەم هەنگاوە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانیەکانداو پشتبەستنی هەرێم بە تەنیا بە داهاتی نەوت بووە هۆی ئەوەی کە قەیرانی ئابووری هەرێم قوڵتر ببێتەوە. لەگەڵ ئەمانەدا نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی وادەی سەرۆکی هەرێم، هەر لەو کاتەداو کۆبوونەوەی ٢٠١٥/٦/١٩ ی پەرلەمان و پێداگیری پارتی لەسەر مانەوەی مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم قەیرانێکی سیاسی دروستکرد. واتە وەکو کورد دەڵێت مەیمون خۆی زۆر جوان بوو ئاولەشی گرت!

حکومەتی هەرێم، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەو قەیرانانە لە ماوەیەکی کورتدا تێپەڕ دەکەن. بەڵام هەرچەندە کات تێپەڕ دەبێت قەیرانەکان قوڵتربوونەوەو زیاتریش بوون. ئەوەشی کە زۆر سەرنجڕاکێشە پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێم لەم ماوەیەدا لە جێگەی ئەوەی کەهەوڵبدەن لەگەڵ بەغداد دا چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکە بکەنو بگەڕێنەوە بۆ ڕای جەماوەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان، دەبینین زیاتر خۆیان لە بەغداد دوور دەخەنەوە، هەروەها بەتەواوی جەماوەری باشووری کوردستان پشتگوێ دەخەن. لەجێگەی ئەوە خۆیان لە تورکیا نزیک دەکەنەوەو دەخوازن لەڕێگەی تورکیاوە سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی بەدەست بهێنن و پێداگیری لەسەرهەمان ئەو مۆدێلە سیاسیە دەکەن کە ئەردۆغان و پارتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە هەوڵی بۆ دەدەن. ڕێگەدانی تورکیا بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم و دانانی ئاڵای هەرێم لەلایەنی سەرۆک وەزیری تورکیاوە لەکاتی پێشوازیکردنی لە مەسعود بارزانی لە دوا سەردانیدا بۆ تورکیا لەلایەنی بەرپرسانی پارتیەوە وەکو ئاماژە بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری بەناو دەکرێت. هەر ئەمەش کراوەتە بناغەو لە ئێستادا دەخوازن بەپشت بەستن بەو هەنگاوانە ڕیفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵی پار کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕایگەیاند کە ناتوانێت هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێم ئاوڕێک لەمێژووی سیاسەتی ڕابردوو بدەنەوە. بیرمان نەچێت ساڵەکانی ٧٠ ڕژێمی ئێران کاریگەری سیاسی هەبوو لەسەر جوڵانەوەی ئەیلولی ١٩٦١، لەوکاتەدا ڕۆژ بەڕۆژ هاوکاری پارتی دەکرد بە چەک و ماددی و دەیخواست لەبەرانبەر بە حیزبی بەعس بەکاری بهێنێت و کاریان بۆ گەورەکردنی درزی نێوانیان دەکرد. ئەمە وایکرد جوڵانەوەی ئەیلولی گەیاندە ئاستێک کە پێی لەسەر ئەرز بڕی، جوڵانەوکە هەموو تۆپەکانی خۆی خستە سەبەتەی ئێرانەوە. کە ئێرانیش گەیشتە مەرامەکانی لەگەڵ ئێراقدا، ئیتر دەستی لە جوڵانەوەی کوردی بەردا. لە ئێستاشدا ئەوەی گومان دەکرێت ئەوەیە کە تورکیا دەخوازێت پارتی و حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر حکومەتی بەغداد بەکاربێنێت. گومانی تێدا نیە هەر کاتێک تورکیا بگاتە مەرامەکانی، ئەوا هاوشێوەی ئێرانی سەردەمی شا دەست لە پارتی و حکومەتی هەرێم بەردەدات. ئەو کاتە حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی جوڵانەوەی ئەیلول دەبێتەوە. لەو حاڵەتەشدا مافی ئەوەمان نابێت کە گلەیی لەکەس بکەین.

# هەڤپەیڤین



## د. سەلاح ئەحمەد

دکتۆر سەلاح ئەحمەد توێژەرێکی سەربەخۆ تایبەتمەندبوون لە فەلسەفەی سیاسی، دکتۆرا دەگرێت لە فەلسەفە لە زانکۆی ئۆتەوا، کەنەدا. لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگەدا، هۆشداری دەدات کە سیستەمی پەروەردە داوەشییەوە. یەکێ لە فەشەلە هەرە گەورەکانی ئەزموونی باشور فەشەلی دەزگای خوێندن و پەروەردەیە، و ئەم سەردەمە سەردەمێکی تاریکە. بەگشتی هێزی کۆنەپارێز لە هەڵکشاندان، بەڵام لەبەر هەمان هۆ دەبێ هێزی پێشکەوتووخوازی جیهانگۆڕیش لە دەرکەوتندا بێت.

سەبارەت بەپرسی کۆچی گەنجان ئەو دکتۆرە دەڵێت: دەبێ مەبەستت کۆچی کوڕان و پیاوان بێت، چونکە زۆرینەی کچان و ژنان ئەو بژاردەیەیان نییە کە سەری خۆیان هەڵگرن، کەواتە ئەوانەی بۆیان هەیە بڕۆن لە خانەی هەرە پەراوێزخراو یان هەرە ستەمدیدەدا نین، چونکە ئەو ملیۆنەهایەش هەن کە تەنیا ڕێگایان بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی کە بەسەریانا سەپێنراوە لەلایەن پیاوانەوە لە باشترین حاڵەتدا چوونە چیایە و لە خراپترییندا مردنە.

**ئازادی کۆمەڵگە-لەلای ئێوە گەنج کێیە و بۆ پێی دەڵێین گەنج؟ داخۆ مەسەلەیەکی تەنیا تەمەنە؟ یان چییە؟... لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە گەنج کێیە؟**

لە بەکارهێنانی ووشەی گەنجدا لە سیاقی گوتاری باودا، کە بەکارهێنانێکی لاساییگەرانەی بەرۆمانسیکراوە، سێ گریمانەی هەڵە هەن کە نائاگایانە وەکو ڕاستی پرسیارهەڵنەگر بەرهەمدەهێندرێنەوە:

یەکەم: گەنجان بە سیفەتی گەنجبوونیان بەشێک نین لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسسییەکان بەڵکو قوربانیین.
دووەم: گەنجان یەک گروپی لێکچووی خاوەن یەک ناسنامەی هاوبەشی ئایدیۆلۆجی و چینایەتیین.
سێیەم: کچان وەکو بەشێک لە گەنجان نایەنە هەژمارکردن، واتا "گەنجان" تەنیا ئاماژەیە بۆ کوڕان. بۆ نموونە کە دەگوترێ کۆچی گەنجان، ڕوونە کە کچان لەدەرەوەی پۆلێنکردنەکەدان.

گریمانەی یەکەم ڕەگی لە بێدەسەڵاتکردندایە چونکە تێڕوانینێکە پێیوایە گەنجان هەمیشە کارلێکراون نەک کاریگەر. گەنج بە سیفەتی گەنجبوون زوڵمێکی تایبەتی لێنەکراوە کە لەوانی دیکە نەکرابێ لە باشور. بە پێچەوانەوە ئافرەت و منداڵ زوڵمیان لێدەکرێ بە سیفەتی ئافرەتبوون و منداڵیی. زۆر جار ئەوەی کە پێی دەگوترێ گەنج بەشێکە لە هێزی چەوسێنەر. دواجار ئەو جەماوەرە نێرەی کە شەقامەکان دەتەنن بۆ تەحەروشکردن بە ئافرەتان، ئەو هەزاران کوڕە گەنجەی کە لە ناو هێزە ئیسلامییەکاندان، ئەو سەدان هەزار گەنجەی کە بۆ وانەی ڕەوشت گوێ دەدەنە مەلاکان، و ئەو سەدان هەزار گەنجانەش کە هێزی جەماوەریی سێ پارتی دەسەڵاتدار پێکدەهێنن (بە جاسوس و جەلادەکانەوە) دەبێ لە ناو پێناسەی گەنجاندا جێیان هەبێ. کە جێیان هەبوو لە پێناسەکەدا، ئیتر ووشەکەش ئەو سیحرەی نامێنێ کە هەیەتی.

گەنج دەکرێ ستەملێکراو بێت بە سیفەتی ناسنامەی چینایەتی یان کەمایەتی ئیتنی و ئاینیی یان وەکو ئافرەت، بەڵام هیچ لەم ناسنامانە بەشێک نییە لەو گوتارە چاولێکەرەی کە باوە دەربارەی ئەوەی کە پێی دەگوترێ "گەنجان". یەکێ لە سیفەتەکانی چەوساندنەوە ئەوەیە کە لە زمانیشدا شوێنێک نادرێ بە چەوساوە. واتا هەروەک چۆن ئافرەت شوێنی نییە لە فەزای گشتییدا، لە زمانیشدا بوونەوەرێکی لەیادکراوە. بۆ؟ چونکە زمانی باو (ئەو زمانەی کە لە خێزان و دەزگای ڕاگەیاندن و دەزگای خوێندن و دەزگای ئاینی و ڕۆشنبیرییدا بەکاردەهێنرێت) ڕەگندانەوەی بیرکردنەوەی سەردەستە، لەم حاڵەتەدا واتا بیرکردنەوەی پیاو. هەروەک چۆن فەزای گشتی فەزای پیاوە لە شارەکاندا، زمانی سەردەستیش زمانی پیاوە. هەروەک لە شارەکاندا، بۆ نموونە، ئاودەستی ئافرەتان نییە و ئەمە هەرگیز نەبووە بە کێشەی گشتیی، لە زمانیشدا ئافرەت بێشوێنە و ئەم بێشوێنییە هەرگیز نەبووە بە جێگای پرسیار لەو ڕۆشنبیرییە پیاوسالارە شۆڤێنیستەدا.

هەڵبەت دەکرێ گەنجبوون بە ماناياکی مەجازی بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتوخوازی خاوەن جیهانبینی نوێ بەکاربهێنرێت، بەڵام بەکارهێنانێکی لەو چەشنەش هیچ ئامادەگییەکی نییە لە باشور، دروست لەبەر ئەوەی بزوتنەوەیەکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە.

**بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوخوازی بێوێنە سەریهەڵداوە لە باکور و رۆژئاوای کوردستان و لە خەباتدایە نەک هەر دژی هەموو بەرەکانی فاشیزمی نەتەوەپەرست و ئیسلامیست بەڵکو دژی پیاوسالارییش بە گشتیی**

جۆرە بەکارهێنانێکی دەگمەنتر ئەوەیە کە لە پەیوەند بە بیرێک، بیریارێک، یان فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە گەنجبوون بە مانای درێژکراوەی، واتا هێڵی نوێی، ئەو بیرە، بیریارە، یان فەلسەفەیە بە کاربهێندرێت. بۆ نموونە کە دەڵێین هێگڵییە گەنجەکان مەبەستمان ئەو قوتابیانەی هێگڵن کە بەردەوامییان بە فەلسەفەی هێگڵ دا لە رێگای بەرهەمهێنانی خوێندنەوەی چەپانە بۆ هێگڵ بە بەراورد لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەی کە پێیان دەگوترێ هێگڵییە راسترەوەکان یان پیرەکان.

**ئازادی کۆمەڵگە-پێویستییەکانی بەرهەم هاتنی گەنجێکی کارا و چالاک چییە؟**

دۆخی مێژوویی هەیە کە مەرجەکانی ناکرێن بە لیست. بۆ نموونە لە دوایین چارەگی سەدەی هەژدەدا، فەرەنسا بە دۆخی نوێبوونەوە و درەشانەوەدا تێپەڕی. نزیکەی سەد ساڵ پاش ئەوە لە پرۆسیا تەوژمی شۆڕشگێڕانەی فەلسەفی و بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانگۆڕ پەیدابوون. پاشان لە سەدەی بیستدا بزووتنەوەی پێشکەوتوخواز لە شەستەکاندا گەیشتە ترۆپکی خۆی. مەرجەکان ناژمێردرێن. ئەو پرسە تیوری مێژوویی دەوێ. وەستاوەتە سەر ئەوەی لە کام گۆشەنیگای فەلسەفەی مێژووییەوە دەمانەوێ لەو وەرگێڕانانە تێبگەین.

هەر واشە: لەبەرانبەر ئەو تەوژمە کۆنەپارێزە فاشیستە ئاینییەی کە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیای گرتووەتەوە، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوخوازی بێوێنە سەریهەڵداوە لە باکور و رۆژئاوای کوردستان و لە خەباتدایە نەک هەر دژی هەموو بەرەکانی فاشیزمی نەتەوەپەرست و ئیسلامیست بەڵکو دژی پیاوسالارییش بە گشتیی. بەڵام ئەو جەماوەرەی کە پێیان دەگوترێ گەنجان لە باشور بەشێک نین لەو بزووتنەوە یەکسانیخوازە (بە ژمارەی زۆر کەم نەبێت).

هەڵبەت ئەتوانین هەندێ لەو شتانە ئاماژە پێبکەین کە لە بنەڕەتی ئەو دۆخە تایبەتییەدان کە باشوری تێکەوتووە. بۆ نموونە بەردەوامیی پیاوسالاریی، زماننەزانیی، نەبوونی کولتوری خوێندەواریی تەنانەت لە دەزگاکانی خوێندندا، زاڵبوونی پەیوەندییەکانی خوێن، کولتوری بەکاربردن و پشتبەخۆنەبەستن هەم هۆکارن و هەم دەرهاویشتەی هەرە روونی ئەو داوەشانە فەرهەنگیی و هوشیاریی و کۆمەڵایەتییەن کە باشوری تێ کەوتووە.

**ئازادی کۆمەڵگە-ئەرک و رۆڵی گەنج لە بونیادنان و گۆڕانکاری دا چۆن دەنرخێنن؟ ئەو ئەرکەی چەند پێکهێناوە ئەگەر نا هۆکارەکەی چییە؟**

گەنجان بەردەوامن لە درێژەدان بە جیهانی پیران، و لەبەر ئەوەش ووشەی گەنجان گرنگییەکی ئایدیۆلۆجی تایبەتی نییە. بزووتنەوەی یەکسانیخواز لەسەرانسەری پرسەکاندا لە جێندەرەوە بۆ چین لە سەرەتای نەوەدەکاندا زیندووتر بوو. بزووتنەوەیەکی چەپ لە ئارادا بوو دەکرا چارەنووسی ژیانی لەو کۆمەڵگایەدا سەرتاپا پێشبخستایە. بەڵام لەبەرانبەردا تەوژمێکی (دیسان هی گەنجان) کۆنەپەرست و راستڕەو لە دژی ئەو بزوتنەوە گەنجە وەستایەوە. ئەو تەوژمە راستڕەوە دەسەڵاتدارێتی بۆ ئەم هێزانەی ئێستا زامن کرد.

زۆر لە چەپەکان خۆشیان خیانەتیان لە بزووتنەوەکە کرد بەوەدا کە دابەشبوون بە سەر بەرەی راستڕەودا، واتا بەسەر هەمان ئەوە بەرەیەدا کە چەپی کوشت، هەم وەکو تیرۆرکرن و هەم وەکو دژایەتیکردنی رۆشنبیریی. دیاردەی ئەوانەش هەیە کە لە گەنجێتیدا خەونی گەورەیان هەیە و لەو پێناوەدا کۆشش دەکەن، بەڵام پاشتر وەکو قۆناغی سەرکێشیی سەیری ئەو بەشەی ژیانی خۆیان دەکەن، وەکو ئەوەی شۆڕش بەشێک بێت لە ژیانی هەرزەکاریی. بەهەر حاڵ،پەیدابوونەوەی بزووتنەوەیەک بە قەبارە و هوشیاریی چەپەکانی ئەو کاتە لە ئەمرۆی باشوردا جێگای وێناکردنیش نییە.

رۆژانە بە پێی شەریعەت ژنان و منداڵان کۆیلە دەکرێن، بەڵام ئەو پلاتفۆرمە سیاسییەکەی کە بە سەدان هەزار گەنج لەدەوری کۆبوونەوە بە شانازییەوە لەسەر "سەوابیتی ئیسلام" (واتا نەگۆڕەکانی ئیسلام) پێدادەگرێ. گەنجانێکی ئاوها

بەرهەمهێنەری ئەو دۆخەن نەک قوربانی.

ئەوانەی پێیان دەگوترێ گەنجان لە ڕۆشنبیرییەکدا گەورەبوون کە دوو دەستە سنوورەکانی دیاریکرد: ئەو سیاسییە فاشیلانەی کە پەلاماری نووسینیاندا، و ئەو نووسەرە فاشیلانەی کە پەلاماری سیاسەتیاندا.

**قسەکەر زۆرە، قسەکردن نییە. ڕۆژنامەوان زۆرە، ڕۆژنامەگەریی نییە. کتێب زۆرە، نووسین نییە. زانکۆ زۆرە، زانین نییە. باشور نموونەی شوێنێکە کە راسترەوان تیایدا دەبن بە سەردەست بە بێ هیچ ڕەقیبێک**

دەرئەنجام ئەو کەوتنە فەرهەنگیی و زمانەوانیی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە کە دیبینی. تێکەڵەیەک دروست بووە تایبەتە بە باشور: گەندەڵیی سیاسیی لە ڕۆشنبیرییدا و بێخەیاڵی ڕۆشنبیریی لە سیاسەتدا درێژکراوەی یەکتریین. قسەکەر زۆرە، قسەکردن نییە.

ڕۆژنامەوان زۆرە، ڕۆژنامەگەریی نییە. کتێب زۆرە، نووسین نییە. زانکۆ زۆرە، زانین نییە. باشور نموونەی شوێنێکە کە راسترەوان تیایدا دەبن بە سەردەست بە بێ هیچ ڕەقیبێک. دواجار هیچ تێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ چارەنووس، بەرگریی، داهێنان، ژیانی گشتیی، و بۆ فەرهەنگ نامێنێ. ئەوەی کە دەمێنێ لاساییگەرییە تا رادەی مەرگی تاکەکەس، تا ڕادەی وێرانبوونی زمان و توانستی بیرکردنەوە. لەو جۆرە شوێنەدا گەنجبوون پیربوونە و پیربوونیش ناپێگەیشتنی هزریی و دەروونی.

**ئازادی کۆمەڵگە-لە ماوەی ٢٤ ساڵی حوکمڕانی کوردیدا لە هەرێمی باشوری کوردستان ڕەوشی گەنجی ئێستا و گەنجی سەردەمی بەعس چۆن دەنرخێنن؟**

لە سەردەمی بەعسیشدا زۆرینە لەگەڵ دەسڵاتی بەعسدا بوون بە بێ ئەوەی باوەڕیان بەو دەسەڵاتە هەبێ. کەمینەیەکی کەمیش بەرەنگاری بەعس دەبووەوە، بەڵام زۆرینەی ناو ئەو کەمینەیەش خاوەن جیهانبینییەکی تایبەت نەبوون لەوە بترازێ کە دژی ستەمکاریی و داگیرکاریی بەعس بوون، کە بێگومان بە جێی خۆی خەباتێکی ڕەوایە. لە باشور شەڕ هەبوو، بەڵام شۆڕش بە مانای بە گژداچوونەوەی پەیوەندییەکانی نایەکسانیی نەبوو. نەوە دوای نەوە پەیوەندییە قەبەلییەکان بەرهەمدەهێندرێنەوە. ئێستاش ئینتیمای زۆرینە بۆ خێزانە، پاشان بۆ خزم و عەشیرەت، دوای بۆ ناوچە. ئەو ئینتیمایانە زیادیانکردووە لە سایەی حوکمی هێزەکانی کوردایەتییدا.

توندوتیژیی دەوڵەتی عێراق کاردانەوەی توندوتیژی دروست کرد لە باشوری کوردستان. بەڵام ئایا شۆڕش دروست بوو؟ نا. ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام ڕاستییە. ئەو شەڕانەی کە کران، شەڕبوون لە دژی دەوڵەت، نەک لە دژی خودی نایەکسانی و ژیانی نائازادی کۆمەڵایەتی. تەنانەت دروشمەکان لاساییکردنەوەی دروشمی هێزە فەلەستینیی و نەتەوەپەرستە عەرەبییەکان بوون. بۆ نموونە لە کاتێکدا کوردستان قوربانیی ئیمپریالیزمی نەتەوەپەرستی عەرەبیی بوو بە پلەی یەکەم، گوتاری سیاسیی بزوتنەوەی کوردایەتی بە ڕاست و چەپێوە پڕ بوو لە دژایەتیکردنی زایۆنیزم! بزووتنەوەی کوردایەتیی نەک هەر شۆڕشی نەکرد بەڵکو بەرگرییەکی شێلگیرانەشی لە کولتوری شۆڤێنیستی پیاوسالاریی و ئاغایەتی کرد. ئەو بزوتنەوە و کەسانەی کە بۆ یەکسانی کۆششیان کرد، تێکڕا خیانەتیان لێ کرا.

**ئازادی کۆمەڵگە-هۆکاری کۆچی گەنجان بەرەو دەرەوەی وڵات چییە؟ ئایا هۆکارەکان خۆیانن؟! یاخود کێشەکە سیستەمی بەڕوەبردنی دەسەڵات دارانی هەرێمی باشوری کوردستانە؟ پارتە سیاسییەکان چ مۆدێلێکیان لە ژیانی گەنج زەق کردۆتەوە؟**

دەبێ مەبەستت کۆچی کوڕان و پیاوان بێت، چونکە زۆرینەی کچان و ژنان ئەو بژاردەیەیان نییە کە سەری خۆیان هەڵگرن. کەواتە ئەوانەی بۆیان هەیە بڕۆن لە خانەی هەرە پەراوێزخراو یان هەرە ستەمدیدەدا نیین، چونکە ئەو ملیۆنەهایەش هەن کە تەنیا ڕێگایان بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی کە بەسەریانا سەپێنراوە لەلایەن پیاوانەوە لە باشترین حاڵەتدا چوونە چیایە و لە خراپتریندا مردنە. دەبێ زۆرتر باسی ئەو بەشە



لە کۆمەڵگا بکرێ کە تەنانەت بواری گازندەکردنی پێ نەدراوە. کچان و ژنانی باشور لە دۆخی دەسبەسەرییدا دەژین. فروانترین ژمارەی ئینسانی بێدەنگکراون لەو ناوچەیەدا. ئەوەی کە پێدەگوترێ گەنجان راستەوخۆ بەشدارن لەو بێدەنگکردنەدا.

لەوە بترازێ کە دەبێ هەموو کەسێ مافی هەڵبژاردنی جێگای ژیانی هەبێ، کە وەکو بنەما هیچ جێگای پرسیار نییە، رۆشتنی پیاوانی گەنج و پیر بۆ دەرەوەی وڵات شەپۆلێکی لاساییگەرایە. کۆمەڵگای باشور کۆمەڵگایەکی زۆر لاسایگەرە. بە سەدان هەزار بە جارێک دەبن بە جاش، ئینجا بە پێشمەرگە، ئینجا وولات بەجێدەهێڵن، ئینجا دێنەوە بۆ وولات، ئینجا دیسان دەڕۆنەوە. زەقترین هۆکار چاولێکەرییە. بڕیاری تاکەکەسی و بیرکردنەوەی سەربەخۆ مانای زۆر کەمە لە کۆمەڵگەی لاساییگەردا.



راستە دۆخی ژیان خراپە، بەڵام دۆخی ژیانی ئەوانەی کە لە بەنگلادیشەوە دێن بۆ کوردستان خراپترە. هیوادارم گەنجێکی کوردستان پێی وانەبێ کە ئەو لە گەنجێکی بەنگلادیشی گرنگترە، ئەگەر پێی وابێ، با مامەڵەی رەگەزپەرستانەی پیاوی سپی لە ئەورووپا پیرۆز بێت. رەوشی ژیان لە باکوری کوردستان دەیان جار خراپترە، بەڵام بزووتنەوەیەکی گەنجان (هی کوڕ و کچ) هەیە کە تەسمیمی گرتووە لەسەر ئەوەی سەرتاپای مەرجەکانی ژیان بگۆڕێ. سەرباری هەموو هێزی سەرکوتکەری دەوڵەت و هەموو کۆت و بەندی کۆمەڵگا، کوڕان و کچان خۆیان بە خاوەنی ئەرز و ئاسمان و رابووردوو و چارەنووس دەزانن. سەرباری ئەو جەنگ و داگیرکاری و هەژارییەی کە لە باکور و رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، ئەوە باکور و رۆژهەڵاتە کە باشور بە خێو دەکەن لە رێگای بەرهەمی کشتوکاڵەوە و باشور ئاوەدان دەکەنەوە لە رێگای دەستی کارەوە. باشور چی دەکا لە بەرانبەردا؟ گەمارۆ دەخاتە سەر رۆژئاوای کوردستان و بەدڵ و بە گیان دەبێ بە نۆکەری ئانکەرە.

**پارتە سیاسییەکان رۆڵیان هەبوو لەوەی کە جاسوسیی و نۆکەریی و مشەخۆریی و توندوتیژیی بکەن بە کولتوری کۆمەڵایەتی**

باڵاترین دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان، کە سەرۆکایەتی هەرێمە، دەبێ بە نۆکەری بەئەمەکی ئەردۆگان. خەڵکی گلەیکەر و گوایە بێدەسەڵاتیش بە هەموو توانایانەوە کۆمەکی ئابوری تورکیا دەکەن. گەنجانێک گوێ بەوە نەدەن کە ئەو پارەیەی لە ئەنتالیا و ئەستانبول خەرجی دەکەن دەبێ بە بۆمب و لە دژی جزیرەی بۆتان بەکاردەهێنرێ، دەبێ بە تەقەمەنی دەدەرێ بە دەوڵەتی ئیسلامی، ستەمدیدە نین، ستەمکارن.

ووردە بۆرژوا پێیوایە کە سیاسەت ئیشی ئەو نییە، بێئاگا لەوەی کە ئەو پاسیڤیتییە لە خۆیدا درێژەدانە بە سیاسەتێکی ستەمکار. تۆ دەتوانی وەها سەیری جیهان بکەی کە قەرزاری تۆیە، بەڵام دواجار ئەوە ئینسانە جیهانی خۆی دادەمزرێنێ جا بە ئاگایی یان بەبێئاگایی، بە گەنجیی بێ یان بە پیریی، وەکو ئافرەت یان وەکو پیاو.

**ئازادی کۆمەڵگە- ئایا گەنجان چ مۆدێلێکیان لە ژیانی سیاسیی زەق کردۆتەوە؟**

وەڵام: مۆدێلیکی سەقەت.
ژبێگومان پارتە سیاسییەکان رۆڵیان هەبوو لەوەی کە جاسوسیی و نۆکەریی و مشەخۆریی و توندوتیژیی بکەن بە کولتوری کۆمەڵایەتی، بەڵام دەسەڵات هەر ئەوان نیین. دەسەڵات تێگەیەکی زۆر فراوانترە. ئەوانەی کە لە دەزگاکانی خوێندندا کار دەکەن بەرهەمهێنەری سەرەکیی دەسەڵاتن. خێزان دەسەڵاتی هەرە کاریگەرە. میدیاکاران و نووسەران دەسەڵاتی سەرەکیین لە پشت گوتاری سەردەستەوە. ئیسلام و پیاوانی ئیسلام دەسەڵاتن. بێگومان پیاوان دەسەڵاتن. ئەگەر باسی گەندەڵیی دەسەڵات بکرێ، دەبێ باسی هەموو ئەو کایانەی دەسەڵات بکرێ.پارتە سیاسییەکان نیشانەی ئاسانن لەبەر ئەوە هەموو کەس پەنجەی تاوانیان بۆ درێژ دەکات و لەو رێگەیەوە خۆی وەکو قوربانی نمایش دەکات.

**ئازادی کۆمەڵگە-ڕۆڵی خێزان، سیستمی پەروەردە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەرانبەر پرسی گەنجدا چۆن دەبینی؟ ئەوەی لەم قۆناخەدا دەبێ گەنج بیکات بە بۆچوونی ئێوە چییە؟**

خێزان دەزگایەکی پیاوسالارە و مۆڵگەی دروستکردنی نایەکسانییە. لە خێزانەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمدەهێنرێنەوە. هەر لەوێشەوە کۆنەپەرستیی وەکو بونیاد درێژدەکرێتەوە بۆ ناو ژیانی گشتیی. لە کوردستان خێزان وەکو سەرچاوەی هێزی خۆپاراستن لە دژی جیهانی دەرەوە زۆر نەگۆڕاوە. هەر ئەو ڕۆڵەشە کە تاکەکەس لە هێزی سەربەخۆ دادەماڵێ. ئینسانی کورد قەت لە بەندی خێزان ڕزگاری نابێ. پاڵنەرێکی سەرەکی کۆچکردن پاڵنەرێکی نائاگایانەیە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی. بەڵام لە دایەسپۆرا، لە نیشتیمانی دوور لە خێزان، کارەکتەری کورد توندتر دەبەسترێتەوە بە خێزانەوە، چونکە کەرەستەکانی سەربەخۆبوونی نییە، چونکە لە پەیوەند بە دایک و باوک دەروونی هێشتا دەروونی منداڵە.

سیستەمی پەروەردە داوەشییەوە. یەکێ لە فەشەلە هەرە گەورەکانی ئەزموونی باشور فەشەلی دەزگای خوێندنە. لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرباری شەڕێکی توند و گەمارۆ بە مەبەستی خنکاندن لە لایەن دەوڵەتی تورک و هێزە ئیسلامییەکان و هەروەها کوردی باشورەوە، دەستوبرد مەنهەج گۆڕدرا. شۆڕش لە سیستەمی پەروەردەوە دەست پێدەکات. لە باشور ئەگەر شۆڕش هەشبێ لە سیستەمی پەروەدەدا تەواو دەبێ. ئەگەر پێناسەکەی یونیسکۆ بۆ خوێندەواری لە بەرچاوبگرین، زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە کوردستان بە مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار و تەنانەت خاوەن دکتۆراکانەوە نەخوێندەوارن، چونکە خوێندنەوە و نووسین بەکارناهێنن بۆ پەرەدانی بەردەوام بە ئاسۆکانی ژیانی خۆیان و بەشداریکردنی چالاکانە لە ژیانی گشتییدا. لە زانکۆکانی کوردستان شتێک کە دەگمەنە کتێبە. شوێنێک کە گرنگ نییە کتێبخانەیە. کردەوەیەک کە لەبیرکراوە خوێندنەوەیە. نەبوونی خوێندنەوە لە ناو سیستمی خوێندندا چییمان پێدەڵێ لەسەر ئەو سیستەمە؟

کچان هەن و کوڕان هەن، گەنجی هەژار هەیە و گەنجی دەوڵەمەند هەیە، گەنجی شارەکان هەن و گەنجی پەراوێزە جوگرافییەکان، گەنجی سەر بە زۆرینە هەیە و گەنجی سەر بە کەمینەکان، گەنجی چاولێکەر هەیە و گەنجی نامۆ، گەنجی سەرکوتگەر هەیە و گەنجی بەرەنگار.






ئەم گەنجانە سەر بە جیهانگەلێکن کە سنووری ئازادییەکانیان زۆر جیاوازە. ئەوەی کە دەبێ گەنجی چەوساوە نەیکات ئەوەیە گوتاری چەوسێنەر، گوتاری سەردەست، بەرهەمبهێنێتەوە. دەبێ خۆێ نەکات بە درێژەدەر بە زمان و بەها و ڕۆشنبیریی سەردەست. دەبێ پیاوە فاشیستە بچووکەکەی ناو خۆی بدۆزێتەوە و بیکوژێ بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ ژیانێکی بە مانا بکاتەوە لەبەردەم خۆیدا. ئەو پیاوە فاشیستە لە ناو ئافرەتان و کەمینەکانیشدا نیشتەجێیە هەر لەبەر ئەوەشە کە دۆخی نایەکسانی بەردەوامە.

ئازادی کۆمەڵگە: دکتۆر سەلاح زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

د.سەلاح: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم.

# ڕێکەوتنی ئێران و وڵاتانی ٥+١، ئێران بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات



سەلاح خدر

دوای چەندین ساڵ گەمارۆ و دەیان دانوسان و گفتوگۆ دواین جار لە 16.01.2016 دا ڕێکەوتنی نێوان وڵاتی ئێران و وڵاتانی پێنج +1 بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش کۆمەڵێک پرسیار و لێکدانەوەی لەمەڕ کاردانەوەکان لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردوە.

هەڵبەتە ئەو ڕێکەوتنە لە هەڵگرتنی ئەو گەمارۆیانە زۆر دەستکەوتنی بۆ ئێران دەبێت کە گەورەترینیان کۆتاییهێنانە بەو دابڕانەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە لەساڵی 1979 بەگەمارۆکانی ئەمەریکا و پاشان نەتەوەیەکگرتوەکان دەستی پێکرد، ئیدی ئێران دەتوانێت بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگای جیهانی و لامپی کەسک بۆ سەرمایەدار و بەرهەمهێنەران لە جیهاندا هەڵدەکرێت کە ڕووبکەنە ئێران.

ئەوەنەبێت کە هەڵگرتنی ئەم گەمارۆیانەی سەر ئێران کێشەی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا نەهێنابێت، لەم نێوەندەدا دوو گروپی سەرکەوتوو و دۆڕاو بەدی دەکرێت کەبەپێی گوتەی هەندێک دەورووبەر لە ئەنجامی پاڵنەرە ئابووریەکانەوە دێت و کاردانەوەی سیاسی و ستراتیژی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ڕۆژهەڵاتی ناوین دروست دەکات.

بەپێی بڕیارەکانی ئەو ڕێکەوتنە لەدوای هەڵگرتنی گەمارۆکان دەبێت بڕی پارە بلۆککراوەکانی ئێران لە بانکەکانی، چین، ژاپۆن، کۆریای باشوور، هندستان و یەکێتی ئەوروپا کە دەگاتە 100 ملیار دۆلار بگەڕێندرێتەوە بۆ ئێران، بەڵام لەو بڕە تەنها 50 ملیار دۆلاری دەگەڕێندرێتەوە بۆتاران، بەڵکو ئەوانی دیکەی بۆ دانەوەی قەرزەکانی ئێرانە.

یەکێکی دیکە لە دەستکەوتە ئابووریەکانی ئێران لەو ڕێکەوتنە کڕینی 114 فڕۆکەی نەفەرهەڵگری جۆی ئاری پاسە بەرامبەر 7.4 ملیار دۆلار، هەروەها بوژاندنەوەی سوپای ئێران بە فڕۆکەی جەنگی و تانک و چەکی نوێ، هەروەها زیادکردنی هەناردەی نەوتی ڕۆژانەی وڵاتەکەیە، کە زۆربەی ئەو قازانجانەش دەچێتە گیرفانی لایەن و کۆمپانیا ئەمەریکیەکانەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بڕیارە لەداهاتویەکی نزیکدا حەسەن ڕوحانی بەیاوەری شاندێکی وەزیری گەورە سەردانی پاریس بکات و لەوێ کۆمەڵێک ڕێکەوتنی ئابووری لەگەڵ سەرمایەدار و کۆمپانیا فەڕەنسیەکان واژۆبکات، بەتایبەت کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل، فڕۆکەی ئایرباس، کەرتی تەندروستی و ئوتێل و کارگوزاری گشتی.

بەهۆی گەمارۆی چەندساڵەی سەر وڵاتەکە ئابووری ئێران توشی دارمانێکی خراپ بووە، وەلێ هەڵگرتنی ئەو گەمارۆیانە هۆکارێک دەبێت بۆ نوێکردنەوەی کارگە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و کێڵگە نەوتیەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیە ئەساسیەکانی، ئەمەش لە کاتێکداکە ڕێژەی بێکاری لە ئێران لە ئاستێکی مەترسیداردایە، بۆیە وڵاتەکە پێویستی زۆری بە بەرهەمهێنای بیانی و ئەو پارە بلۆککراوانەی هەیە بۆی بگەڕێتەوە.

لەلایەکی ترەوە پسپۆڕانی ئابووری ئاماژە بەوە دەکەن کە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لەلایەن وڵاتی سعودیە و هەندێکی وڵاتی دیکەی کەنداو بەئەنقەست و بۆ لێدان لە ئابووری ئێران دوای هەڵگرتنی گەمارۆ ئابووریەکان کراوە، چونکە ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی ئەمەریکا ئاماژەیان بەوەکردوە کە بۆئەوەی ئێران بتوانێت لەدوای گەمارۆکان لەبواری ئابووریدا سەرکەوتووبێت دەبێت لانیکەم نرخی هەر بەرمیلە نەوتێک بگاتە 70 دۆلار، بۆیە لەئەگەری نرخی ئێستای نەوت کەلەکەمتر لە 30 دۆلار نزیک دەبێتەوە زیانێکی مەزن بەر ئێران دەکەوێت، کەواتە لەو حاڵەتەدا هەڵگرتنی گەمارۆی هەناردەی نەوتیش نابێتە فریادڕەس و ڕزگاربوونی ئێران لە قەیرانە ئابووریەکانی، کە خەونی سەرۆکی ئێران حەسەن ڕوحانی بوو.
لەپاڵ ئەوانەشدا هەندێک لە شرۆڤەکاران ئاماژە بە جەنگێکی سیاسی ناوخۆ لەو وڵاتە لە نێوان باڵی ڕێبەری ئێران عەلی خامنەئی و سەرۆکی ئێران حەسەن ڕوحانی دەکەن.

**زۆربەی ئەو قازانجانەش دەچێتە گیرفانی لایەن و کۆمپانیا ئەمەریکیەکانەوە**

باڵی یەکەم کە پشتی بە هێزەکانی ڕگاری شۆڕشی ئێرانی (سوپای پاسداران) بەستووە، پێیانوایە ئەو ڕێکەوتنەی تاران لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا واژۆی کردوە خراپە، کەبەخاتری ڕەهەندە ئابوورییەکان ئەو پەیماننامەیە واژۆکراوە، ئەوەش بەواتای هەڕەشە بۆسەر ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران هەژمار دەکرێت.

## هەناردەی نەوتیش نابێتە فریادڕەس و ڕزگاربوونی ئێران لە قەیرانە ئابوورییەکانی

لە 09.04.2015 دا خامنەئی دوای ڕێکەوتنی ئێران و وڵاتانی زلهێز لەسەر پرسی ناوکی بێدەنگی شکاند و وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە دەیانگوت بۆ ڕابەری ئێران بێهەڵوێستە، لەو بارێەشەوە وتی:» جێگەیەک نەماوە بۆ هەڵوێست، کاربەدەستان دەڵێن هێشتا هیچ نەکراوە، و هیچ پێویست ناکات، من نەلەگەڵ ئەو ڕێکەوتنەم و نەدژی دەوەستم».
خامنەئی وتیشی:» بێمانایە کە من و هەندێک کەسی تر پیرۆز دەکەن، ئەوەی ئێستا ڕوویداوە مژاری سەرەکی ڕێکەوتن نیە و زامنی ناوەڕۆکی بابەتەکە ناکات، زامنی ئەوە لەئارادانیە دانوسانەکان بە ئەنجام بگات».
دەوترا بێدەنگی عەلی خامنەئی لەبەر ئەوەبووە کە پشتگیری ڕێکەوتنەکە دەکات، بەڵام بەو لێدوانە لێکدانەوەکان پێچەوانە دەرچوو.

لە ڕوانگەی قسەکانی خامنەئی ئەحمەدی خاتەمی وتاربێژی هەینی تاران سەرنجیراکێشایە سەر قسەکانی خامنەیی و وتی: گروپی دانوستانکاری ئێرانی تەنیا بۆیان هەیە لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامە ناوەکییەکە قسە بکەن، بۆیان نییە لەسەر کاروباری سەربازی دانوستان بکەن، ئەگەر ئەمریکا پێداگیری لەسەر قسەکردن لەسەر بابەتی تر دەکات، ئەوا ئەنجامی دانوستانی یەکەم بۆ ئێمە دەبێتە ئەزمون و لەوچوارچێوەیەدا دەتوانین بڕیار بدەین کە ئایا دەکرێ لەسەر بابەتی تر لەگەڵیان ڕێکەوتن بکەین یان نە.
هەرلەوبارەیەوە عەلی ئەکبەری ڕەفسنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی ئێران پێش خامنەئی وتبووی ئەو گروپەی کە ناسراون بە دڵگرانەکان لە ئێران بوونەتە هاوزمان لەگەڵ بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل.

لەبەرامبەردا باڵی ڕوحانی بەهۆشیاری لە ئەنجامە سیاسیەکانی زیاتری گرنگی بە ڕەهەندە ئابوورییەکان دەدەن لەگەڵ کرانەوەکاندان بەڕووی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەپێناو باشکردنی ئابووری وڵاتەکەیان، بەتایبەت لەم کاتەدا کە ڕێژەی بێکاری لە ناو گەنجانی وڵاتەکەیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و ترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی دروست کردوە.

سەرۆکی گشتیی بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر گەڕانەوەی پارە بلۆککراوەکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاندبوو کە ڕژاندنی ئەم هەمووە پارەیە یەکجێ بۆ ئێران مەنتیقی نییە. وەلیوڵڵا سەیف ڕایگەیاندبوو کە بە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان نزیک بە ٣٠ میلیارد دۆلار لە پارە بلۆکەکراوەکانی ئێران ئازاد دەبێت، هێنانەوەی ئەم هەمووە پارەیە بۆ ئێران مەنتقیو عاقڵانە نییەو هەوڵ دەدەین کە بۆ هاوردەی کاڵا پێویستەکانمان بەکاری بێنین.
هەرلە ئێستاوە پێشبڕکێکان لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەی جیهانیدا دەستی پێکردوە، ڕۆژی هەینی 22.01.2016 جین پینگ سەرۆکوەزیرانی چین چووەتە تاران تا سەبارەت بەباشکردنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی دوابەدوای هەڵگرتنی گەمارۆکان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران وتوویژ بکات.

لەو سەردانەیدا لەگەڵ ڕێبەرانی ئێران و سەرۆک وەزیران دیدار و گفتوگۆی ئەنجامدا، هاوکات پێش ئەو سەردانەی چووبوە وڵاتانی میسر و عەرەبستانی سعودی، کە شیمانە دەکرێت پەیامێکی جیاوازیشی لەگەڵ خۆیدا بردبێتە تاران.

## ئەو گروپەی کە ناسراون بە دڵگرانەکان لە ئێران بوونەتە هاوزمان لەگەڵ بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل

«پاش 14 ساڵ ئەمە یەکەم دیداری فەرمی سەرۆکوەزیرانی چین بوو لەئێران»
لەساڵی 2014 دا ئاستی هەنارده و هاردەی نێوان چین و ئێران بەئەندازەی 52 میلیار دۆلار بووە، بەڵام لەساڵی رابردوو بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت ئەم ئاستەی بەئەندازەی بەرچاو دابەزیووە، بۆیە دەوترێت 16 ڕێکەوتنی ئابووری لە نێوان

هەردوو وڵاتدا واژۆکراوە.

لەئاستی کاردانەوە سیاسیەکانی ڕژێمی ئێران دژ بە بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەی لەناوخۆ و دەرەوە بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ترس و گومانی ئەوە هەیە ئێران ئەم کرانەوەیە بۆ سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازیەکان بەکاربهێنێت، چونکە بەپێی ئەزمونەکانی ڕابردوو لەگەڵ هەر نەرمی نواندێکی خۆرئاوا بەرامبەر ئێران ئەو وڵاتە دەستی ستەمی لەسەر ئۆپۆزسیۆن کراوەتەوە.

کۆمەڵگاکانی ئێران دەگرێت.

ڕژێم لە باشترین فرسەتدایە کە باری ئەمنیەتی خۆی لە ناوخۆدا قایم بکات، کوردی کلاسیک کە پشتی خوی بە ئەمریکا بەستبوو دۆڕاوی سە رەکی مە یدانەکەیە، دەمێنێتەوە بزووتنەوەیەک کە خوی لە بەرێکخستنکردنی گەل و کۆمەڵگادا دەبینێتەوە کە گرینگ نیە داگیرکەر چی گەمەیەک دەکات، بەڵکوو گرینگە گەل چ بەرخۆدانێک لەکەرامەت و کەسایەتی خۆی دەکات.

## هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەر ئێران هیچ کارتێکەری گەلانی نابێت

زانرا چوارشەممە 20.01.2016 نوێنەری دادستانی تاران بۆ بەدواداچوونی سکاڵای زیندانی سیاسی ڕەمەزان ئەحمەد سەبارەت بە ئەشکەنجە و لێدان و بێڕێزیکردن لەلایەن پاسەوانانی زیندانەوە چووەتە زیندانی ڕەجایی شار.

نوێنەری دادستان سەبارەت بە سکاڵانامەکەی ڕەمەزان ئەحمەد لەگەڵ چەند کەس لەزیندانیان لەوانە زانیار مرادی قسەی کردوە و لەنێوان گفتوگۆوەکاندا جێگری داواکاری گشتی ڕەجایی شار قسەکانی زانیاری بڕیوە و پێوتووە: «بەرجام جێبەجێ بووە و و تۆش لەسێدارە دەدرێیت».
چاودێری سیاسی سەعید ساعدی لەوبارەیەوە دەڵێت: لەڕوانگەی منەوە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەر ئێران هیچ کارتێکەری گەلانی نابێت، پرسی کورد لە دەرەوەی بازنەی زەمەنی و ستراتژیکی پرسی ئەتۆمی ئێرانە، پرسی کورد پرسی چارەنووسی ژیانی و کەسایەتیە و پرسی ئەتۆمی ئێران پرسی پاراستنی سوڵتەی تاران و بەرژەوەندی سیستەمی مودێرنیتەی کاپیتالیستیە.

لەپرسی ناوەکیدا ڕژێمی تاران توانیان یەکێتی خۆیان بپارێزن، واتە تیۆری نەرم نواندنی خامنەئی براوەی مە یدانەکەیە.
ڕژێمی ئێران نیشانیداوە خاوەنی شعووری ئابووری نیە، چونکە هەموو سەرچاوەکانی ئابووری ئێران لە کۆنترۆڵی سوپادایە و واپێشبینی دەکە م کە لەوانەیە زۆر کاتی و مە قتەعی لە بازار کاریگەری هەبێت بەڵام دیسانەوە گرانی و هەڵاوسان بەرۆکی



# رۆژهەڵاتی کوردستان، قوربانییەکی زۆر و سیاسەتێکی بێدەنگ



د.سیڤان سەعید

دەوڵەتی ئێران رۆژانە بە تۆمەتی جودا لانیکەم حەوت کەس لە سێدارە دەدات. دەیان هەزار زیندانی سیاسیی وهەزارانی دیکەش بەتاوانی جۆربەجۆر لە زیندانەکانی رژێمی ئێرانداهەن. رێژەیەکی زۆر لەم قوربانییانە خەڵکی کورد و تێکۆشەرانیی ئازادیین کە بە تۆمەتی دژایەتیکردنی خودا و دەوڵەتی ویلایەتی فەقێ سزادەدرێن. گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی بندەستی ئێراندا دۆخێکی هەرە دژوار و بێحاڵ بەسەردەبات. لەلایەک فەرق و جیاوازییەکی یەکجار مەزن لە نێوان رەوشی ژیان و گوزەرانی خەڵک و خزمەتگوزاریی و جوڵەی ئابووریی، فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی لە نێوان کوردەکان و ئەوانیدیدا هەیە؛ لەلایەکیدی رژێمی ئێران فشار و زەختێکی زیاتر و دژوارتری لەسەر گەلی کورد بە تایبەتیی و کەمیینە ئێتنیکیی و کولتورییەکانیدیکە داناوە. دەوڵەت بە بەرنامە و پلان لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و تاوانە و هەوڵی پەرەپێدانی زیادبوونی ژمارەی ئالوودەبووان بە مادده بێهۆشکەرەکان دەدات. بێکاریی و هەژارییەکی ئەوتۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرەی پێدراوە کەرێژەیەکی بەرچاوی خەڵک لەبەر خەمی نان بەئاستەمیش بیریان لەلای ژیانێکی ئازاد و خۆشگوزەرانیی ماوە.

لەم نێوەندەدا، بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، رەوشی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە حاڵێکی زۆر پەشێوو ناچالاکدایە. پارتە سیاسییە کلاسیکەکانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا لە حاڵێکی ئەوتۆدان کە بەهیچ شێوەیەک لە ئاستی ئومێد و چاوەڕوانییەکانی گەلی کوردد نین. دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم پارتانە بەهیچ شێوەیەک مایەی هەڕەشە نین بۆ دەوڵەتی ئێران و کۆماری ئیسلامیی. پرسیاری ئەم نووسیینە کورتە ئەوەیە کە بۆچی لەپاش ئەو هەموو قوربانیی و ئەو هەموو دژواریی و سەختییەی کوردان لە رۆژهەڵات و لەپاش نزیکەی حەفتا ساڵ لە خەباتیی پارتە سیاسییە کلاسیکەکانی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا؛ هێشتا رەوشی کورد لە ئاستێکدایە کە بەهیچ شێوەیەک جێگەی ئومێد و هیوای کوردان نییە؟

ئەگەر بیانووی پارتە سیاسییەکان ئەوەبێ کە دەوڵەتی ئێران بەهێزە و بەهیچ جۆرێک بوارنادات بە کورد و پارتە سیاسییەکانیی، کەوا هەنگاوێک بنێن؛ ئەوە رەوشی کورد لە سێ پارچەکەی تردا لە ژێر حوکمی دەوڵەتگەلێکی بەرەحمتر یان مرۆڤدۆستتردا نەبووە و نییە. ئەدی چما لە باکوری کوردستان گەلی کورد خاوەنی پارتیگەلێکی بەهێز و تەڤگەرێکی فرە چالاکییە کە بەهیچ جۆرێک نە لەلایەن دەوڵەتی تورک و نە لەلایەن هێزە ناوەکیی و دەرەکییەکانیشەوە قابیلی فەرامۆشکردنینە. چما لە رۆژاوای کوردستاندا کوردان خاوەنی پێگە و هێز و بەڕێوەبردنگەلێکی ئەوتۆن کە شایانی لێخوردبوونەوە و چاولێکردنیشە. هەڵبەت لێخوردبوونەوەی رەخنە ئامێز و هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لەو ئەزموونە نەک تەنها بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو بۆ باشووری کوردستانیش شتێکی باش و پێویستە.

کەواتە کێشەی بێدەنگیی و ناچالاکیی تەڤگەریی ئازادیی کوردستان هۆکارگەلی ناوەکیی، رێکخراوەیی، ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی هەیە. لەم بەشەی وڵاتدا، نە گەلی کورد و نە پارتە سیاسیەکانی و نە دەزگا و دامەزراوە کولتوورییەکانیی بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەرێکخستن نەکروان کە ببێتە مایەی گەرانەوەی ئومێد و چاوەڕوانیی خەڵک لە تەڤگەریی ئازادیی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوە زۆر ئاشکرایە کە رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنیی مێژوویەکی درێژ و سەرۆک و رێبەرگەلێکی بەناوبانگە کە لە خەباتیی

رزگاریی کوردستاندا تا ئەمڕۆیش ناو دەنگیان هەیە. بەڵام ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە هەم پارتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و هەمیش سەرۆک و ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنیی ڕوئیاو دنیابینییەکی ئەوتۆنەبوون کە ببێتە مایەی سەر ڕێگاخستنی گەلی کورد و ئاراستەکردنیی خەڵک بەرەو ئازادیی و سەربەخۆبوون. بەمانایەکیدی، پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات لەئاست خوێندنەوەی ڕەوشەکەدا نەبوون و تائەمڕۆکەیش هەر لەوئاستەدانین. لەهەمووشی ناهەموارتر، پارتەکانی ڕۆژهەڵات هەمیشە پشتبەستوو بوون بە هێزگەلێکی دەرەکیی کە هیچکات، یان زۆربەکەمیی نەبێت بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانیان لەبەرچاونەگرتووە. زیادەڕۆییینییە کە بڵێین هەر لەسەروەختی کۆماری میلیی کوردستانەوە تا ئەمڕۆ، هێزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات لە چاوەڕوانیی هێزگەلێکی دەرەکییدابوون بۆ کۆمەککردن پێیان و هەروەها بۆ لێدان لە دەوڵەتیی داگیرکەریی کوردستان و ڕەخساندنی هەلێکی ئازاد بۆ کورد. ئاشکرایە لەوەها حاڵەتێکدا هێزە دەرەکییەکان بەرژەوەندیی خۆیان لەگەل دەوڵەتە بەهێزەکاندا ناگۆڕنەوە بە ڕەوایی پرسێکی بێ پشتیوانیی وەک پرسی کورد.

### ڕەوشی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە حاڵێکی زۆر پەشێوو ناچالاکدایە

دەتوانین بە ڕوونی ئەوە بڵێین کە لەسەردەمی شەڕیی ئێران– ئێراقەوە تا ئەمڕۆ، پارتە کلاسیکە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەخەباتێکی نێگەتیڤدان و لەنێوەندی شەڕی (پرۆکسی) بەلەجیاتییدانان دا دەسووڕێنەوە. واتە هەمیشە لە کێشە هەرێمییەکاندا بەکارهێنراون وەک داردەستێک بۆ دەوڵەتگەلی ئێراق و ئێران. لەپاش ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووریی کوردستانیشەوە، ئەم پارتانە بوونە کەمپنشین و بەتەواوی کەوتنە بەر ڕەحمەتی هێزە سیاسییەکانی باشور و بەناوی تێکنەدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کێشەی کوردییان سپاردە دۆخێکی ناچالاک و بێ کاریگەر کە بووە مایەی نائومێدبوونی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا. لەمەش کارەساتبارتر، بەهۆکاریی بەرژەوەندییخوازیی کەسیی و باڵباڵێنی ئەم پارتانە، هەردوو پارتی تەمەندرێژیی کلاسیکی کوردیی، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە و دیموکرات)، بوونە چەندین پارچەو و گرووپیی بچوک و بێ کاریگەر. حاڵی حازر چوار گرووپی ڕۆژهەڵات لە ژێرناوی کۆمەڵەدا لە ململانێیەکی ناساز و بێسوود دا بەسەردەبەن کە بەهیچ جۆرێک بچوکترین کاریگەریی و هەڕەشەیان لەسەر کۆماری ئیسلامیی نیە. هەروەها دوو دیموکرات هەن کە لەقەیرانگەلێکی زۆر نەشازیی ناسنامە و ئایدیۆلۆژیدا بەسەردەبەن.

بەشێوەیەکی گشتیی، ئەم پارتانە چاوەڕێی ڕەحمەتیی هێزە دەرەکییەکانن کە ئاوڕێکیان لێبدەنەوەو کۆمەکێکیان پێبکەن. لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هەتا ئێمڕۆ، ئەم پارتانە بەهیوای ئەمریکا وخۆرئاوابوون کە کۆماری ئیسلامیی بروخێنێت و ئەمانیش بڕۆنەوە بۆ ڕۆژهەڵات و پشکی خۆیان لە حوکمداریی ئێران وەربگرن و لە بەشێکی کوردستاندا ببنە حاکم. ئیدی بەبێ ئامادەکاریی و بە بێ بوونی هیچ پلانێکی ئەوتۆ بۆ خەباتکردن و بەبێ بیرکردنەوە لە ئەگەرێکی دی لە حاڵی نەڕووخانی ڕژێمی ئێران و وەک ئێستا دەیبینین لەحاڵی سەرکەوتنی پرۆژەی مامەڵەی ئێران لەگەڵ خۆرئاوادا ئەم پارتانە هیچ پلانێکی دیکەیان نەبووە و نیە. ئەم لاوازیی و نەشارەزاییە سیاسییە تەمەنێکی درێژی هەیە لە خەباتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. کارەساتیی تیرۆری دوو سەرکردەی دیاریی ڕۆژهەڵات بەهەمان شێوازو متمانەی سادەلۆحانەی سەرکردەکانی ئەم پارتانە بە ڕژێمی ئیسلامیی دەربڕی ئەو ڕاستییە تاڵەن لە خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵاتدا.

دەکرێ دیسان پرسیارەکە دووبارە بکرێتەوە؛ چ هۆیەکە وا گەلی کوردی بێ ئومێد کردووە لەم پارتە سیاسییانەی ڕۆژهەڵات؟ ئەگەر جاران لە ساڵرۆژی شەهیدکردنی پێشەوا قازیی و کۆماری کوردستاندا، یان لە ساڵوەگەڕی شەهیدگەلێکی وەک دکتۆر قاسملو و فواد سوڵتانیدا پارتەکانیی کۆمەڵە و دیموکرات داوایان لە گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکردایە بۆ

دەربڕینی ناڕەزایی و لانیکەم داخستنی دوکان و بازاڕ؛ بێگومان گەل بە پیر ئەم داوایانەوە دەچوو. ئەدی ئێستا ئەگەر داواگەلێکی وا لە خەڵک بکەن داخۆ وەڵامەکەیان چی دەبێ؟ لە ڕاستیدا هۆکاریی بێ ئومێدبوونی گەل لەم پارتە کلاسیکییە کوردییانە هەر ئەوەیە کە بەتەواوی سروشتیی بێ کاریگەریی و بێ بەرنامەییان لەلایەن گەلەوە دەرکیپێکراوە. چیدی گەلی ڕۆژهەڵات باوەڕی بە بەرنامە و پرۆگرامی ئەم پارتە کلۆڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە.

## کێشەی بێدەنگیی و ناچالاکیی تەڤگەریی ئازادیی کوردستان هۆکارگەلی ناوەکیی، ڕێکخراوەیی، ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی هەیە

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم پارتانە لە قەیرانێکی ناسنامەیی قووڵ و لە بێمتمانەییەکی ترسناکدا دەژین. نە سەرقاڵی کوردایەتییکردنێکی ئەوتۆن کە داوای مافیی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکەن؛ نە بە ڕوونییش خەریکی ئێرانچێتیین و توانیویانە لە گەڵ پارت و ڕێکخراوە ئێرانییەکانیدیدا خۆیان ڕێکبخەن بۆ داواکردنیی ئێرانێکی دیموکرات و لەناویشیدا کورد وەکو گەلێکی ئازاد و ئۆتۆنۆم. بەمانایەکیدی، لەگەڵ ئەوەی کە بەهیچ جۆرێک لە ئەرزی واقیعدا کاریگەرییان نیە؛ لە حاڵی تیۆرییشدا سەرگەردانییەکی ئایدیۆلۆژیی و سیاسییش هەناوی ئەم پارتانەی خواردووە. دەکرێ ئەم سەرگەردانییە ئایدیۆلۆژیی و ناڕێکخراوییەیان بەسبێت بۆ بێخەمبوونی دەوڵەت و ڕژێمی ئیسلامیی و حسابنەکردن بۆ ئەم هێزانە.

بەپێی دانپێدانانە فەرمییەکانی ئەم پارتە کلاسیکییە کوردییانە، لە پاش ڕاپەڕینی باشووری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ؛ لە هەرێمی کوردستاندا سەدان کادر و سەرکردەیان بە دەستی ڕژێمی ئێران تیرۆرکراون. بەڵام ئەم تیرۆر و ڕەشەکوژییانە نەبووە هۆی هەستانەوە و خۆ ڕێکخستنەوەی ئەم پارتانە. لانیکەم نەبووە هۆی وەلانانی کێشە کەسیی و بچووکەکانی نێوانیان و تادێت پارچە پارچەولاوازتر دەبن. ئیدی دەبێت ئەم پارتانە ئەو ڕاستییە تاڵە قوبووڵبکەن کە کارو دەوریی ئەوان تەواو بووە و زۆر ئاسایی و بگرە شەرەفمەندانەیە کە جاڕی کۆتایی هاتنی دەوریی خۆیان بدەن و ڕێگە چۆڵبکەن بۆ خوێن و وزە و هێزی گەنجان و بۆ گرتنەبەری شێوازێکی دیکەی خەبات کە ببێتە مایەی گۆڕینی ئەم ڕەوشە دژوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کێشەی هەرە مەزنی ئەم پارتانە لە چل ساڵی ڕابردوودا ئەوەبووە کە نیەتی خۆنوێکردنەوەو دەستاودەستکردنی ڕێبەرییان نەبووە و نوێکردنەوەی پەیڕەوو ڕێکخستنەکانیان فەرامۆشکردووە. شایانی ئاماژە بۆکردنە، ئەم نەخۆشییە لەناو سەرجەم پارتەکانی باشووری کوردستانیشدا بەشێوەیەکی بەربلاو بەدیدەکرێت. هەرئەمەشە ڕێگەی لە بەردەم پارچەپارچەبوون و لێکترازان کردۆتەوە. لەمەش زیاتر، بووەتە هۆی پشتبەستن بە هێزە هەرێمیی و دەرەکییەکان نەک بۆ ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی باڵ و پارچە جیاوازەکانی ئەم پارتانە لە تەک یەکتر. بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاوان بگیرێت کە سەرەڕای ئەم هەموو کێشە و لاوازیی و گرفتە کوشندانە، ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بێت؛ هێشتا کۆمەڵێک لە خەڵکان و پێشمەرگە و کادری دلێر و دڵسۆز بەخەڵک و خاکی کوردستان لەناو ئەم پارتانەدا هەبووە و هەیە. لەناو وڵاتیشدا گەلی کوردستان خاوەنی پۆتێنسیاڵ و ماتەوزەیەکی ئەوتۆیە کە هەرکات هەلی بۆ بڕەخسێت دەبێتە پزیسکی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش.

گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵات خاوەنی ماتەوزەیەکی شاراوەیە، ئەگەرچی سەدان هۆکار هەیە بۆ تووڕەیی و ناڕەزایی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامیی و دەوڵەتیی ئێران؛ بەڵام لە ئەنجامی ساڵانێکی دوور و درێژ لەژیانیی کەمپنشینیی و ناچالاکییەکی بێ ئومێدکەری ئەم پارتانە، وا دەردەکەوێت کە گەلی کورد چیدی بڕوا و ئومیدی نەماوە بە ئازادبوون و هەوڵدان بۆ ڕزگاریی خەڵک و خاکەکەی. لێرەوە دەکرێت بڵێین کە تەنها ڕێکخستنێکی چالاک و لەخۆبووردوو لەناوەوەی وڵاتدا؛ هاوڕێ لەگەڵ ڕێبەرایەتییەکی لەخۆبووردوو لێبڕاوو بڕوا بەخۆ و پشتبەستوو بە هێزیی خەڵک و

خاکی کوردستان، دەتوانێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بێ ئومێدیی و بڕوا بە خۆنەبوون دەربهێنێت. ئەوەش بە هێزێک دەکرێت کە لە ڕوئیاو دنیابینیدا جیاوازبێت لە پارتە سیاسییە کلاسیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئەم پارتانە بوونە کەمپنشین و بەتەواوی کەوتنە بەر ڕەحمەتی هێزە سیاسییەکانی باشور و بەناوی تێکنەدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانەوە**

پارتە سیاسییە کلاسیکییەکانی ڕۆژهەڵات بە درێژایی تەمەنی خۆیان تەنیا بیریان بەلای دەسەڵات و هێزەوە بووە، چ وەکو سەرکردەکانییان لەسەر ئاستیی کەسیی و چ وەک سیاسەتی پارتەکانیشیان هەمیشە لەخەمی پاوانکردنی دەسەڵات و پێگەی شەخسیی و پارتەکانیاندابوون. لەم ڕێگەیەشدا، ئەم پارتانە هەرگیز سڵیان لە دژایەتیکردنی یەکتر نەکردووەتەوە و زۆر بەئاسانی دەستیان لەگەڵ نەیارانی خەڵک و خاکیی کوردستاندا تێکەڵکردووە. شتێکی زۆر ترسناک کە ئەم پارتانە کردوویانە ئەوەبووە کە نەک هەر کار لەسەر گۆڕینی خەیاڵ و زیهنیەتی خەڵکی ڕۆژهەڵات نەکراوە، بەڵکو درێژە بە خەیاڵ و هزری پاوانخوازیی و داگیرکاریی دوژمنەکانی کوردستاندراوە. بە مانایەکی دی؛ بەهەمان میتۆد و پلانی دوژمنانی کوردستان هەوڵیانداوە ڕووبەڕووی پلان و هێرشە سیاسیی و کولتووریی و سەربازییەکانی ڕژێمی ئێران بدەنەوە. بە داواکردنی کۆمەک لە دوژمنێکی سەرسەختی کوردستان، ویستوویانە خۆیان بەهێزبکەن و ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئێران ببنەوە. لەوەش خراپتر، قەیرانی ناسنامەی نیشتیمانیی و نەتەوەیی ئەم پارتانە هاوڕێ لەگەڵ ناچالاکیی و بێ بەرنامەیی سیاسیی و ڕێکخراوەیی بۆتە مایەی لاوازیی و بێ کاریگەریی خەباتی سیاسیی و کولتووریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بەکورتی دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ئەم نووسینە زۆر ڕەخنە ئامێزو توندە دەرهەق بە کار و خەباتی پارتە کلاسیکییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.بەڵام بەهیچ شێوەیەک بەمەبستی بەکەمگرتنی خەباتی دوور و درێژی ئەم پارتانە نەنوسراوە. ڕەخنەگرتنێکی واقیعی و پێشنیارگەلێکی دڵسۆزانەیە بۆ باشترکردنی ڕەوشی زۆر خراپی خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا. پرسیاری کۆتایی ئەوەیە کە ئایا هیچ هێز و پارت و دونیابینیەک هەیە کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم هەموو قەیرانەی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵات؟ ڕەنگە ڕەخنەکردن و شیکردنەوەی دروستبوون و گەشەکردنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان "پەژاک" و دواتریش بنیاتنانی سیستمی کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "کۆدار" وەک بەشێک لە دنیابینیی و تیۆرانینی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی باکوریی کوردستان و لەسەر بنەمای تێگەیشتنی عەبدوڵلا ئۆج ئالان، ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستان شتێکی بەسوود بێت بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕەوشی گۆڕانکارییەکانی خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دەکرێت شرۆڤەکردنی ئەم مژارە بکەوێتە نووسینێکی تر وەک درێژەدانێک بە ڕەخنە و سەرنجەکانی ئەم نووسینە لەسەر ڕۆژهەڵاتی وڵات. بەڵام لەم نێوەندەدا، زۆر بەکورتی دەکرێت ئەوە بگوترێت کە کۆپی کردنی خەباتی باکوری کوردستان و هەوڵی پراکتیککردنی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات کارێکی سەرکەوتوو نابێت. بەڵام تەبەننیکردنی ئایدیا و خەیاڵی کەجەکە لەلایەن کۆدار و پەژاکەوە دەشی قابیلی لێخوردبوونەوە بێت. ئەم بابەتە لە بۆنەیەکی تردا بە شێوەیەکی زیاتر و لەسەر بنەمای زانیاریی ورد دەدرێتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.



# ئەردوغانیزم سەرچاوەیێ تیرۆریزمێیە!!



سەید ئەکرەم

چەمکێ تیرۆریان تیرۆرزم، چەمکەکێ کەڤنە و هەر ل دەستپێکا پەیدابونا ژیانی دروست بویە، مروڤ بونەوەرەکێ کەڤنە، سرۆشتێ ژیانێ ددەستپێکا خودا، سرۆشتەکێ تژی هەڤرکی و تژی دورندایەتی و تژی توندوتیژیە، ل بەریا دروست بونا شارستانیەتێ، مروڤ وەکی هەر گیاندارەکێ، دیێ کویڤی ل چول و دەشت و دول و چیادا دژی، هەمی هەول و بزاڤێن وی، ئەو بوون خوبخوادن بکەتن، ل سەر خارنا کشتووکال و گوشتێ گیاندارێن کویڤی و ئاڤی دژیا، واتە ل وی دەمی مروڤ دبزاڤەکا بەردەوام دابوو، تاکو خارنا خویا رۆژانە پەیدا بکەتن، دیسان ژ بەر گەرم و سەرمایێ ژی خو لناڤا شکەڤت و دناڤا کونجاندا دپارست، ل وی دەمی ژیان زۆریا گران و بزەحمەت بۆ، ژ بەر هندێ هەردەم دهەڤرکیێ دا بوو تاکو بژیتن و ئەڤێ هەڤرکیێ ژی توندوتیژیەکا مەزن پێڤە دیار دبۆ، ل وی دەمی یاسا یاسایا جەنگەلستانێ بۆ، ژیان ژی بۆ یێ بهێز بۆ، تاکو مروڤ شیابایە بژیتن، دڤیا ئامادەی توند و تیژی و هەڤرکاتیەکا، دژوار کربایە تاکو شیابا بژیتن.

ئەگەر ئەم دێرۆکێ بخوینین و بتایبەتی دێرۆکا شارستانیەتێن کەڤن، وەکی دێرۆکا سومەری، مصری، بابلی، صین و هندی، هیتی...پاشی دێرۆکا ئەوروپا و تاکو دگەهیتن، ڤەدیتنێن رۆژهەلات و رۆژئاڤایی و نەخاسم ڤەدیتنا کیشوەرێ ئەمریکا، ئەم دێ بسەر توندوتیژی و تیرۆریزما دەستپێکا دروستبونا شارستانیەتێ هەلبن و دێ خویا بیتن، تیرۆر دیاردەیەکا کەڤنە و دگەل پەیدابونا مروڤی دا دروست بویە.

ئەگەر ئەم دێرۆکا عێراقێ بخوینین، وەکی نمونەیەک، بتایبەتی ئەوا دپەرتوکا نڤیسەرێ عەرب (یاسین باقر) دا هاتی، بناڤێ(تاریخ العونف الدموی فی العێراق)، نمونەیەکا ساخا تەندوتیژیا رۆژهەلاتا ناڤین، دێ بئاشکرایی کەڤیتن بەرچاڤێن مروڤی، لێ ئەگەر ئەم دێرۆکا( کوردوعەجەم) بخوینین، ئەواژلایێ بەرێز (ناوشێروان مستەفا )ڤە هاتیە نڤیسین، یان ژی دێرۆکا جڤاک ناسی بخوینین، ئەوا دپەرتوکێن نڤیسەر(حسێنێ خەلیقی)دا هاتی، نمونەیەکا دیا ساخا توندوتیژیێ ل کوردستانێ دێ کەڤیتن بەر دەستێ مروڤێ کورد و کوردستانی، لێ ئەگەر مە بڤێتن وێنەکا ساخ و دیارێ تەمام ئەم وەرگرین، یاگرنگە ئەم دێرۆکا ئیسلامێ و ڤەکرنێن ئیسلامێ بخوینین و نەخاسم ل سەردەمێ دەولەتا ئەمەوی و عەباسی و پاشی دروست بونا ئیمپرتوریەتا عوسمانی و دێرۆکا شاهێن ئیرانا ئیسلامی...ل سەردەمێ دێرۆکا نوی ژی، یا گرنگە ئەم دێرۆکا هەردوو شەرێن مەزنێن جیهانی بخوینین و نەخاسم پشتی دروست بونا دەولەتا عێراقێ ل سالا1921ز و بسەردا و پاشی، ئەم دێرۆکا دەولەتا تورکیا و سوریێ و ئیرانی بخوینین، ئێک ل دویڤ ئێکێ و لپاش ڤی سەردەمی، نەخاسم پشتی کەمال ئەتاتورک و عسمەت ئەنوینوی دەستهەلات بدەستێ خو گرتی و تورکیا نوی ئاڤاکری...پاشی یا گرنگە ئەم دێرۆکا بزاڤا ئازادیخوازیا کوردی(ل هەر چار پێنج پارچێن کوردستانێ) بخوینین، ئها ل ڤێرە دێ وێنەیەکا تەمام و تژی بویەرێن بتوندو تیژی کەڤن بەردەست و چنەناڤا زێهنیتا مەدا، ئەڤا مەگوتی و بکورتی دایە دیار کرن، خاندن و شلوڤەکاری و دیراسەت کرنەکا تژی و دویر و درێژ پێ دڤێتن و ئەم نەشێن بچینە ناڤا کویراتییێن ڤی بابەتی، چونکی زور دەم و شیان پێ دڤێن و هەمیش ئەم دەرحەقی بابەتەکێ هوسان دەرناکەڤین و دێ دناڤا بویەر و شروڤەکاریان دا ئاسێ بین و توشی شاشی و هەزڤینێن زور مەزن ژی بین...لەومانێ دێ ڤی بابەتی بۆیێن شارەزا و یێن تایبەتمەند هێلین، لێ بتنێ مەرەم مە پێ ئەوە، هندەکێ ژ دیتنێن خو ل سەر تیرۆرا، نهاد بینین، بدەیینە دیار و شلوڤەکاری کرن.

پشتی ئازادیا عێراقێ و هەڤدەمی لپاش دێرۆکا2003ز، وەسان دهاتە پێش بینی کرن، بۆ

دەمێ نێزیک ژ پێنج سالان عێراق بکەڤیتن ناڤا شەرو ناڤا تیرۆرەکا گران دا، ل پاش ڤی دەمی هێدی هێدی تەناهی بکەڤیتن ناڤا عێراقێ و نەخاسم پاش عێراق دبیتن دەولەتەکا فیدرالی، هەرئێک ژ کورد، شیعە، سونە، کو پێکهاتەیێن سەرەکینە و رهوریشالێن توندوتیژیێ لنادا هەنە، ل ڤی وەلاتی، هەرئێک ئیدارەیەکا مەدەنی و تایبەتی بخوڤە، دروست بکەتن و ئیدارا خو بکەتن و هەرسێک ئیدارەژی بکەڤن ناڤا چارچوڤەیێ، دەولەتەکا رێکخستی و بناڤێ عێراقا فیدرالی...راستە رژێما بەعسا صەدامی زوی هەرفت، لێ بۆ سەرچاوەیەکێ تیرۆرێ ل عێراقێ و تاکو نهاژی گروپ و پشکێن ڤێ حزبێ، دبنە بنیاتێ تیرۆرا هەی، ل ڤی وەلاتی و بنەخاسمەیی، پەرجەمێ گروپێ نەقشەبەندی، بسەروکاتیا(عزت الدوری)، جێگرێ ئێکێ یێ سەدام حوسێنێ دکتاتور و تیرۆرزم، ئەوا راستی ژی بیتن ئەمریکا دگەل وێ تەحالفا وان سەرکێشی دکر، ل ئازادی یا عێراقێ، نەشیان بتەمی ئەرمانجێن خو بدەست بێخن، دەستێ ئیرانێ برەنگەکێ درێژ شور بوو، بۆناڤ وێ عێراقا پتریا وێ شیعە مەزهەب و دیسان ئیران بۆ مفادارێ ئێکێ دئازادیا عێراقێ دا، ئەمریکا وەکی هێزەکا شکەستی یان ئارمانج بدەست نەگرتی ژ عێراقێ هاتە ڤەکێشان، ل دەمەکی تیرۆرەکا دژوار و شەرەکێ بەرفرهە دهاتە دیتن و برێڤە برن دڤی وەلاتی دا، پشتی ئەمریکا ڤەکشیای و ئارمانجێن خو وەرنەگرتین، ئێدی تورکیا و سعودی یا و هندەک میرگەهێن خەلیجی، بزاڤێن خورت کرن، تاکو بەرژەوەندیێن خو ل ڤی وەلاتی بپارێزن، ل دەمێ دیتی بەرژەوەندیێن وان بساناهی ناهێن پاراست، بهویری و بچری دەست دا، دروست کرنا گرپ و هێزێن ئیسلامیێن نەژاد تیرورزم، ئەو ژی راستە مەملەکەتا عەرەبیا ئیسلامیا سعودی و هندەک میرگەهێن دی یێن خەلیجی، رابردویەکێ درێژ و تاقیکرنەکا زەنگین هەیە بخودان کرن و خولقاندنا پارت و گروپ و هێزێن تیرۆرزمیێن ئیسلام رەگەز، وەکی دروست کرن و پشتەڤانی کرنا بزاڤا تیرۆرزمی یا تایبان، قاعیدە و گروپ و هێزێن سەر بقاعیدە، جەبهەت النسر، دەولەتا ئیسلامی یا بناڤێ(داعش) ل عێراق و شامێ و گەلەک گروپ و حزبێن دی یێن تیرورست.

تورکیا نوی هەر ل دەستپێکا دروست بونا وێ ل سالا1923ز، وەکی دەولەتەکا کەمالستیا تورک رەگەز، کەڤتە ناڤا دەستهەلات و ناڤا رێڤەبەری کرنێ، زولم و زەرەرێن زور مەزن گەهاندن گەل و مللەتێن تورکیا کوردستانی و ئەنادولییان، بدەهان مللەت و گروپێن ئەتەنی لناڤا جوهنیێ ترک پەرستیێ دا دانە حەلاندن و قەلاندن، وەکی مللەتێ رۆمانی، یونانی، ئیتالی، چەرکەس، لاز، عەرەب، قەفقاسی، شیشانی...گەلەکێن دی، مللەتێ کورد ژێ ئێک بویە ژوان مللەتێن بزاڤێن حەلاندن و قەلاندنا وی بچری کرین، راگوهاستن، کوشت و کوشتار، گرتن و ئەشکەنجەدان، قەدغەکرنا زمان و جلێن نەتەوەیی...هەوەکا رەگەز پەرستی و تورگچییاتیا دژوار کرە سەر مللەتێ کوردی برەنگەکێ گشتی،



هەرچەندە تاکو رادەیەکا زور شیان کوردا ژئاخا وان ڤەکەن و زمانێ وان لبەر بەرزەکرن و جلێن وان ژبەر کرن، لێ کورد وەکی گەلەکێ خودان ماف و خودان ناسنامە و خودان ئەرد...وەکی شێرا کەڤتنە ناڤا مەیدانا خەبات و خوراگریێ و بزمان و بجلێت تورکی، خەباتا خویا کوردایەتی بەردەوامی دایێ و بزەحمەتی دا هاژوتن و دخەبات و تێکوشانێن خودا موعجزەیێن مەزن و تژی ئاستەنگی برین و دەرباز کرن و هەبونا خودا ئیسبات کرن.

ل دەمەکی بزاڤا رزگاری‌خازی یا کوردی ل سەر ئاخا خو بدژواری دهاتە دوماندنێ، وەرگەریانەک هاتە دروست کرن، لناڤا تورکیا و دوێ وەرگەریانێ دا، ئاڤ پارتی بسەروکاتیا سەروکێ خویێ ژ بەند کرنێ بەردای(رەجەب تەیب ئەردوگان)، دەستهەلاتا تورکیا بتەمی وەرگرتی و هەر ل سالا2001ز، بناڤێ

چاکسازیێن جڤاکی و راستڤەکرنێن داریی و پەرەپێدان و ساخ کرنا ژێرخانا ئابوری، شیيان زوربەیا دەنگێن کوردا بدەست خوڤە بینن و بەردەوامیێ بدەن خەباتا خویا ئەردوگانی، ل دەمەکی داخویانی و پشتەڤانی دانە مەشاندن و راگەهاندن و پشتەڤانی یا پروژێ ئاشتیا کوردێن باکور، ئەو پروژێ رێبەرێ روحیێ کوردی(عەبدولا ئوجەلانی) دناڤ زیندانا خویا ئیمرالی دا، دایە راگەهاندن...دیارە ئەردوگان و پارتیا خو لوێ باوەرێ بوون، گەلێن تورکیا و ژ وانان مللەتێ کوردی، وەکی توبەکێ حەریری دێ کەڤیتن ناڤا دەستێ وی و حزبا وی، بکەیفا خو دێ گەز و مەقەس کەن و ل گورەی حەزکرنا خو دێ نەخشە و پلانان پێ دروست و جێ بەجێ کەن، لێ ل دەمەکی دیتی کوردێن باکور نە توبەکێ

## هەوەکا رەگەز پەرستی و تورگچییاتیا دژوار کرە سەر مللەتێ کوردی برەنگەکێ گشتی

خو بخو هەنە و ل سەر هاتینە پەروەردە و مەزن کرن، ئێدی پێ ل سەر پروژێ ئاشتیا باکور دانا و دەست بکودەتا و پلانێن خوینێن رەگەزپەرست و تیرۆریزمی کرن، نەخاسم پشتی دیتی بهارا عەرەبی دەستپێکر و وەلاتێن عەرەبی(تونس، لیبیا، مصر، سوریا، یەمەن، عێراق...)، ئێک ل دویڤ ئێکێ کەڤتین، ئێدی دەست بگروپ و پارتیێن سەربخوە کرن لناڤا ڤان وەلاتا و مایتێکرنێن خو دڤان بهارێن عەرەبی دا کرن، ئەڤ وەلاتە کرنە بازارەکێ ڤەکی، بۆ بازرگانێن خو، بۆ میت و ئوزەلتیمێن خو، بۆ لەشکەر و بۆ دروست کرنا پارتێن سەربوان ڤە، خودا هێلا ناڤا دەستهەلاتێن ڤان وەلاتا، نەخاسم ل مسرێ پشتەڤانیا برایێن بسلمان(الاخوان المسلمین) کرن، ئێدی پشتی دی تی روژ ل دویڤ روژێ رژێمەکا دەڤەرێ یا دکەڤیتن و ئەڤ وەلات و ئەڤ دەولەتە بو وان یا دبیتن بازارەکێ ڤەکری و بێ کونترول... ئێدی غرورەکا مەزن بۆ ئەردوغانی و بۆ پارتیا وی دروست بۆ، هزر ل هندێ کر، ئەو زەلامێ نەخوشێ عوسمانی، ژ قەبرێ راکەتن و دەرمان بکەتن و ل سەر جەنەکێ وێ ئیمپراتوریەتا خویا تورانیا

ئەردوغانزمی دروست بکەتن، گەلێ هشیارێ مصرێ، یەکەمین گەل بویە هەست بخەتەرا ئەردوغانیزمێ کری، ئەو بۆ دەست بگرتنا سەرانێن ئیخوانیان کرن و تاکو گەهشتیە وی رادەی کودەتایەکا سپی ل سەر رابەرێ ئیخوانان(مرسی)کری و ژ دەستهەلاتێ هاڤێت و کرە ناڤا زیندانێ و پاشی بحوکمێ ئیعدامێ حوکم کر، ئەڤە بخو هشیاریەک و سەرخوییەکا گەل و خەلکێ مسرێ بویە، ل دەمێ هەست بخەتەرا ڤی کەسی و ڤێ دەستهەلاتێ کری، ژ دەستهەلاتێ هاڤێتە دەرێ.

ل دەمەکی ل بیست و حەفت دەولەتێن ئەفریقی، دەستهەلاتا ئەردوغانی نونەریێن خو ڤەکرن، وەکی رێبەرەک و وەکی سەرکردەکێ دەڤەرەکا پاوان کری، سەردەری دکرن، خو ددیت شاە و سولتانێ دونیایا ئیسلاما سونی، لێ پشتی دیتی ل هەرئێکێ ژ یەمەن و مصرێ توشی شکەستن و توشی بێ ناڤیێ بووی، دئالیێ دی دا دیت، بزاڤا ئازادیخوازی یا کوردی ل روژئاڤا یا پێشدا دچیتن و دەستکەڤتان بسەر فەرازی وەردگریتن، نەخاسم پشتی کوبان نەکەڤتی و هاتیە رزگار کرن، دئالیێ دی ژی دا، بزاڤا ئازادیخازیا کوردی لباکور بسەروکاتیا(HDP) و بپشتەڤانییا پارتیا کارکەرێن کوردستانی و بریبەریا رێبەرێ روحیێ کورد(عەبدولا ئوجەلان)، کورد شیان سەرکەڤتنێن مەزن تومار بکەن و زێدەی(80)هەشتێ پەرلەمانتەرا ببەنە ناڤا پەرلەمانێ تورکیا و دیسان ل ڤیرەژی پارتیا وی توشی شکەستنەکا مەزن بۆ، ئێدی ئەردوغان وەکی دینەکێ هار کەڤتە ناڤا دروست کرنا تەل و خیچ و تورێن تیروٚرێ دا، چ تیروٚرا هەی لناڤا(40)چل دەولەتێن ئیسلامی(سونی) دا، پشتەڤانی کرن و کێشانە ناڤا تورکیا و پاشی داقوتانە ناڤا ئەڤان دەولەتێن عەرەبێن ئیسلامی و بنەخاسمەیی دناڤا سوریێ و عێراقێ دا، ئەڤان هەمی هەول و بزاڤێن وی کرین و بەردەوامە ل سەر، سەخەمەراتی دوو ئارمانجێن سەرەکییە، یائێکێ چەسپاندنا سستەمێ سەروکاتیێ، تاکو دناڤا ڤی سستەمی دا بکاریتن ئیمپراتوریەتا خویا تورانی دروست بکەتن، سەرومالێ گشتی لناڤا تورکیا و ل دەڤەرێ بکەیف و بهەوەسێن خو تالان و وێران بکەتن و گەندەلیا خو ژێ بڤەشێریتن و هەمی بریارێن دەولەتا تورکی دناڤا دەستێ خودا حەبس بکەتن و

ببیتن تاکە سەرچاوە و تاکە دەستهەلات و بریارێن وی ببن خەتێ قورئانێ و ببن پیرۆزی و بێی سێ و دوو و بێ دوودلی بێنە بجهکرن...یادووان بتوندی ل بزاڤا ئازادیخوازیا کوردی بدەتن، چ لباکور یان ل رۆژئاڤا، قەندیل و دیاربەکر و ئیمرالی ژێک جودا بکەتن و بکەتن نەیارێن هەڤدو، دیسان دەولەت و مللەتێ دەردور و هەڤسنور بێ هەیبەت و بێ ئەرک بکەتن و بکەیفا خۆ دەستهەلات و ئیمپراتوریەتا خو ل سەر سەرێ وا بدەتن هاژوتن و بجهکرن، نەخاسم پشتی سەروسامانێ کوردستانێ(هەرێما باشور) کەڤتیە بن دەست و کەڤتیە ناڤا بەرژەوەندیێن وی، ئیدی وەکی گورگێ دەڤ بخوین کەڤتە ناڤا کورد و کوردستانیان و بکەیفا خو، گروپێن تیرۆرزمی دروست دکەتن و چەکدار دکەتن و بەرددەتن سەروچاڤێن خەلکێ دەڤەرێ و نهاژی باشور کەڤتیە بن دەستهەلاتا لەشکەر و میت و بن چارچوڤێن ئوزەلتیمێن دام و دەزگەهێن وی یێن ئەمنی و ئابوری...نها ژی بشاحینان عیتاد وسیلاح و هاریکارێن لوجستی ددەتن داعش، بکاروانێن دوێر و درێژ نەفتا داعش ڤەدگوهێزتن تورکیا و ببهایەکێ زورێ کێم وەردگریتن، مەیدانێن مەشق و راهێنانێن لەشکەری و تیرۆریزمی بۆ ڤەدکەتن، بکەیفا خو لەشکەرکێشیا بو دەرڤەی سنورێن خو، بۆ ناڤا باشور دکەتن، هوسان و بڤی رەنگی، باشور کریە دورگەیەکا خەندقی و داگیر کری.

**پرۆژێ رێبەرێ رۆحیێ کوردی(عەبدولا ئوجەلانی) دناڤ زیندانا خویا ئیمرالی دا، دایە راگەهاندن**

ژبلی وێ ژی دبێژیتن (پەکەکە) و (پەیەدە) تیرۆرستن و ئێخستنە ناڤا لیستا تیرۆرا تەحالفا تیرۆریزمیا ئیسلامی دا، ئەو بخو تیرۆرستن، خەلکێ مافپەروەر و خودان حەق ل سەرئاخا باب و کالێن وان دکەنە تیرۆرست...ئەڤە بخو نەهەر شاشیەکە دەرحەقێ(پەکەکە) و(پەیەدێ) دهێتن کرن، بەلکی ئەڤە بێ ناڤی و بێ رێزیەکا مەزنە هەمبەری گەل و مللەتێ کورد و هەمی خەلکێ کوردستانێ و دەڤەرێ، پەکەکە و پەیەدە دوو پارتیێن شورەشگێر و ئازادیخواز و ئاشتی پارێزن، ئەو ل سەر ئاخا خو داخازیا ماف و ئازادیێن خو بروەاتی و ل گورەی پرەنسپ و یاسایێن ناڤنەتەوەیی دکەن، دوو بزاڤێن نیشتیمانی و نەتەوەیی و مللی و دیموکراتی و ئاشتی و ئازادی پارێزن، ئەو مافێن خو ل سەر ئاخا خو داخاز دکەن، براتیا گەل و مللەت و مافێن مروڤاتی داخاز و ممارەسە دکەن، بهیچ رەنگەکی و بهیچ پێوەرەک و بهیچ یاسایەکێ ناکەڤن ناڤا خانا تیرورێ، ئەوێن بدرێژاهیا سالا ئاخا وان داگیر کری، خەلکێ وان قەتل و عام کری، ژ سەر جهوژسەر وارێ وان دەرکرین و ل سەرئاخا وان کرینە غەریبە و بێ ماف و بێ ئازادی و لبن زولم و زورداریێ توشی نەهامەتی و توشی جەڤروجەڤایەکا مەزن کرین، ئەو تیرۆستن، ئەردوغان و پارتیا وی تیرۆرستن، دەولەتا تورک نەژاد تیرۆرستە، ئەو چ یاسا و چ عورف و عاداتن، غازیان و ئەوێن ل سەرپشتا هەسپی هاتین ژ مەنگولستانێ و وەلات داگیر کرین و بکولاتی و بدرێژاهیا سالان زولم و زوریێ دکەن..چاوان دبیتن ئەڤ زالمە و ئەڤ تیرۆرستە خودان ماف بن و خودانێن ئاخێ و ل سەر ئاخا خو، داخازییا ماف و ئازادیێن خو دکەن و دخازن ئەو ژی وەک مروڤ وەکی کورد ل سەر ئاخا خو مافێن خو بکار بینن و بئازادی کار بکەن و بئازادی بخوینن و بزمانێ خو یێ دایکێ باخڤن... ئەڤ مەزلومە تیرۆرست بن و بکوم ل سەر ئاخا خو بێنە کوشتن، بپیرۆ شیر، ژن و زاروک...لناڤا مال و لناڤا لاندکێن خودا برەنگەکێ هوڤاتی بێنە کوشتن...کەچی کورد(پەیەدە و پەکەکە) تیرۆرست بن و ئەردوغان بدروندەیی و بقەتلازیێن خو، بەهشتی بیتن و ببیتن خودانێ(70)حەفتێ حوریکێن بەهشتی، بروبیارێن شیری خوبشوتن و ژرۆیبارێن عەرەق و مەیسەر و ویسکیێ ڤەخوتن، ئەرێ گەلا ئەڤە چ ئەقل و چ رەنگێ دادی و چ مروڤاتیە..ل سەر کوردان و لناڤا وەلاتێ کوردا دا دهێتن برێڤەبرن و بریار ل سەر دهێتن وەرگرتن...لەومان ل ڤێرە ڤەکری دبێژم و بلا هەر کەس و هەر مروڤ و هەر کورد و کوردستانی بزانن و ژێ پشت راست ژی بن، ئەردوغان و پارتیا وی نەهەر تیرۆرستن، بەلکی پارتیا وی دەیکا تیرۆریزمێیە، ئەو بخو بابێ تیرۆرزمێ یە، وەلاتێ وی ژی هێلینا تیروریزمێیە.... واتە ئەردوگانیزم تاکە سەرچاوەیێ تیرۆریزما دەڤەرێ یە و نەخاسم ل سەر کوردا و لناڤا کوردستانێ دا!!

# کاریگەری باکوری کوردستان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان لە کۆمەڵەی خۆیبونەوە بۆ



دیاری خالید

کاریگەری و ڕۆڵی کوردانی باکور، لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان مێژوویەکی درێژ و پەیوەندیەکی قوڵیی هەیە. کە بەردەوام وەک دوو دراوسێی بەش پێکەوە ژیاون، بەجۆرێک لایەنی سیاسی تەنیا هۆکارێک نەبوە و بەس، بەڵکو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، جیوگرافی، مێژوو، شێوەزاری قسەکردن، جلوبەرگ و شێوەی ژیان هۆکاری سەرەکین و پەیوەندی و کاریگەریان لەسەر یەکتر زیاتر بوە. ئەمەش بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ئەوەی لەنیوان باکور و ڕۆئاوا هەیە، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندیەکە بەهێزتربوە و ڕۆشتنی کوردانی باکور بۆ ڕۆژئاوا، بە شێوازی جیاواز، بەتەواوی کاریگەرێتی باکوری وەدەرخستوە. بەتایبەت لەدوای شکستپێهێنانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران ساڵی (١٩٢٥)، زنجیرەیەک ئامادەبوون و کەریگەری باکور لە ڕۆژئاوای کوردستان دەردەخات. کە دواین هەڵقەی زنجیرەکە کاریگەری و خۆسەلماندنی پەکەکەیە لە چەند ساڵی ڕابردوو.

لەدوای لەناوبردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925، ڕەفتاری توند و ڕەقی دەسەڵاتی تورکەکان و بەردەوامی زوڵم و ستەمیان لە کوردەکان، بە ناچاری باکوری کوردستان کە بە «کوردستانی تورکیا»ش ناودەبرێت جیبهێڵن و بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆن. بەڵام بڕیاریاندا سەر لەنوێ خەبات دژی توکیا دەست پیکەنەوە، ئەوەبووخەباتەکەیان لە چیای «ئاگری داخ» لەخاکی کوردستانی ڕۆژئاوا «کوردستانی سوریا» بوو کە تیایدا ئیحسان نوری پاشا ڕێبەرایەتی دەکردن و توانیان «کۆمەڵەی خۆیبوون» ساڵی (١٩٢٧) دامەزرێنن. دواتریش لە زۆرینەی شوێنە کوردیەکان لق و مەڵبەندیان بکەنەوە.(١)

لەوێوە چالاکیەکانیان زیاتر بردە شارەکوردیەکانی ڕۆژئاوا و دەستیان کرد بە چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەمەش کاریگەری لەسەر جوڵانەوەکەی ناوچەی «جزیرە» هەبوو کە لە ساڵی (1937) خەڵکی داوایان کرد حکومەت ئیشیان بۆ بدۆزێتەوە و دان بە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان لە جەزیرە بنێت. (٢)

بەڵام دەبێت باس لەوەشبکەین کە لە پێش جولانەوەکانی ئاگری داخ، کوردانی باکور لەو بەشەی کوردستان کاریگەریان هەبوە کە هێشتا کوردستان، کاتیک کوردستان، لە نێوان دەوڵەتان دابەشنەکرابوو. بە جۆرێک لەسەردەمی میرنشینە کوردیەکان، باکور، ئەو کاریگەریانەی هەبوە. تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەو کات کوردستان دابەش نەکرابوو، وەک لە نمونەی میرنشینی بۆتان، بەتایبەتی لەسەردەمی میر بەدرخان(1821–1847)، پایتەختی میرنشینەکەی ناوچەی لە جەزیری بۆتان – ئیبن عومەر تاکو شاری وێران شهر، لە باکوری «سەرێ کانی» لە سوریا درێژبوەتەوە.(٣)

بۆیە دروستە بوترێت کوردستانی ڕۆژئاڤا، بەدرێژایی مێژوو بوەتە لانکە و پەناگەی خەبات و کوردایەتی کوردستانی باکور، ئەوانەی بە وردی خۆیان و نەوەکانیان بێ وچان تێکۆشاون بۆ دروستکردنی بنکەیەکی پتەوی کوردایەتی لەو پارچەی کوردستان. (٤)

ئەوەی لە ساڵانی سیەکانی سەدەی ڕابردوو، کوردانی باکور بەتایبەت ماڵباتی بەدەرخانیەکان بناغەیەکی ڕۆشنبیریان بۆ هۆشیاری خەڵکی دانا، کە چیتر خەڵکی بێدەنگ نەبن و داوای مافی خۆیان بکەن. بۆیە هەر لەژێر کاریگەری ئەوان جوڵانەوە و تێکپشان بەردەوام بوو. بەدرێژەی سەدەی ڕابردوو لە ساڵانی (1940)کان، تاکو دەرکردنی ڕژێمی

بەشار ئەسەد، لە رۆژئاوای کوردستان، کوردەکان چالاکی و بزاڤیان بەرامبەر رژێمە جیاوازەکان هەبوە. بەڵام لەبەر چەندین هۆکار کە (لێرەدا مەودای باسکردنیان نیە هۆکاربون لە سەرکەوتنی جوڵانەوەکان.

## کوردانی باکور بەتایبەت ماڵباتی بەدەرخانیەکان بناغەیەکی رۆشنبیریان بۆ هۆشیاری خەڵکی دانا

هەروەها بەدرێژایی سەدەی بیستەم، چەند نوسەر و سیاسی و خەباتکار چونەتە رۆژئاوا و خەباتیان کردوە، تەنانەت بەشێوەیەک لێبڕاون و کاریان کردوە، وەک خەڵکی رۆژئاوا ناویان دەهێنرێت، لەنمونەی ئەو کاسایەتیانە وەک : میر جەلادەت بەدرخان، دکتۆر کامەران بەدرخان، جگەرخوین، قەدریجان، عوسمان سەبری، دکتۆر مەمدوح سەلیم بەگی وانلی، قەدری جەمیل پاشا(زنار سلوپی)، رەشیدێ کورد، رەوشەن بەدرخان، نورەدین زاز، د. ئەحمەد نافیز، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی تێکەلبون و پەیوەندی باشیان ئەوەە، لەرووی جیوگرافیەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان هەردوو بەشەکەی کوردستان نیە، کە بەربەستێکی بەهێز هەبێت لە تێکەڵبونیان، وەک بەربەستەکانی: چیا، رووبار، دابڕانی زەوی و کەندەڵان یان هەر رووداوێکی تری سروشتی. بۆیە وەک بەشی لێکدانەبڕاو تەماشا دەکرێن. چونکە بە سنوری نێوان (باکور و رۆژئاوی کوردستان) لەسوریا و تورکیا دەڵێن «خەت- هێڵ»، کە مەبەست لەو هێڵی شەمەندەفەریە ئەڵمانیەکان لەسەرەتای سەدەی (٢٠)، بیست دایانمەزراند، بەجۆرێک بوو هەردوو بەشەکەی لێکجیا کردوە. بۆیە بە کوردەکانی باکور، دەوترێت «سەری خەتێ_ سەرییا خەتێ» و بە رۆژئاواش دەوترێت «خواروی خەتێ_ بەنییا خەتێ» (٥).

ئەم جۆرە ناوهێنانەیان وەک سەری خەت و بنی خەت، وەکو ناو هێنانی دوو گوندە بەیەک ناو، وەک چۆن دەوترێت کاڵی سەر و کاڵی خواروو، سێفی سەرو سێفی خواروو، لە ناوچەی مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمانیش نوشێوە دێتەوە. بۆیە جیوگرافیایەکی لێکدانەبڕاو هاوکاریان هەیە بۆ تێکەڵی زیاتر.

هەرچی لەرووی کۆمەڵایەتی و شێوەزاری ئاخافتنەوەیە، نزیکایەتیەکی تەوایان هەیە، ئەوەش راستە کە شێوەی دەربڕینیان تارادەیەکی کەم جیاوازە، بەڵام بەهەمان شێوەزاری کرمانجی سەروو قسەدەکەن. لەرووی جۆری جلوبەرگ و خواردنەوە نزیکایەتیەکی زۆریان هەیە.

لەرووی سیاسیەوە کە زیاتر لەم توێژنەوەیەدا باس دەکرێت بەتایبەت دوای روشتنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بۆ رۆژئاوا و سوریا، لەساڵی(١٩٧٩)، باس دەکەین.

بەوپێیەی پەکەکە کارگەریەکی زۆریان لە رۆژئاوای کوردستان هەیە و ئەنجامەکەی ئەوەبوو، توانیان یەکەم جوڵانەوەی رۆژئاوا، لەدوای ساڵی ( 2011) سەرخەن و نمونەیەکی نوێ لە ناوچەکە بخەنەڕوو. کە ئەمەش دیارە لە ژێر چەتری پەکەکەدا بەدیهاتوە. ئەمە بەشێوەیەکە بەوتەی بەرپرسانی پەکەکە لەبەر ئەو پێویستی و مەترسەیەیە کە لەناوچەکەدا هەیە هەروەک جەمیل بایک، سەرۆکی کۆنسەی پەکەکە بەراشکاوی بڵێت؛ لە رۆژئاوا خەتەر هەیە و ئێمە لەدژی دەوەستینەوە (٦).

ئەوەی بایک باسی دەکات، تائێستا سەلماندویانە و بەڵگەی ئەوەیە شۆرشی رۆژئاوا، بە شۆڕشی خۆیان دەزانن و پەیەدە، کە حیزبی فەرمانڕەوای رۆژئاوایە، لەدایەنگای پەکەکە بەخێوکراوە.

بۆیە لێرەدا ئەوەندەی بکرێت باس لەو هەیمەنە و کاریگەیە قولانەی پەکەکە دەکەین، وەک حیزب و هێزێکی باکور لەسەر رۆژئاوا. کە چۆن پەکەکە توانی لەو پەیوەندیە قولەی هەردوو پارچەکە بەردەوام بێت و پارتە کوردیەکانی دیکە بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەباشوری کوردستان، نەیان توانی کاریگەریان هەبێت، لەگەڵ ئەوەی هەردوو حیزبەکە پێشتر لە سوریا بونیان هەبوە، بەجۆرێک یەکێتی

نیشتمانی کوردستان لەوێ دامەزراوە و پارتیش بەشێک لە بەرپرسانی رۆژئاوا لێیانەوە نزیک بوون.

بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان، چەند ساڵێک دوای دامەزراندنیی، بۆ کار و چالاکیەکانیان لەساڵانی (1979–1980)، روویان لە سوریا کرد و لە دەشتی بیقاعی سوریا مانەوە، لەوێ، بەسەرپەرشتی عەبدوڵا ئۆج ئالان، رێبەری گەلی کورد، دەستیان بەکار و چالاکی و پێگەیاندنی گەریلا کرد، لەو ژمارە گەریلایەی کە لەوێ مەشقیان پێدەکرا، بەشێکیان خەڵکی رۆژئاوابوون. بەجۆرێک دواتر 4/1یەک لەسەر چواری چەکداری پەکەکە لەو بەشەی کوردستان بوون.

لەئەنجامی مانەوەی پەکەکە لەماوەی نزیکەی (20) ساڵ، واتە تاکو ساڵی (1998)، پەکەکە توانی سەرنجی خەڵکی رۆژئاوا راکێشێت و کەوتنە ژێر کاریگەری ئایدەلۆژی و بیرکردنەوەی پەکەکە، بەجۆرێک بوو، دواتر بە پارە و هاوکاری ماددی و مەعنەوی لەگەڵیان بوون. بۆیە ئەنجامەکەی ئەو ئەزمونەی رۆژئاوای لێ بەرهەم هاتوە.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارەی پێشتر بکرێتەوە کە بۆچی پارتی و یەکێتی یان هەرحیزبێکی دیکە نەیانتوانی ئەو کاریگەرییەیان هەبێت؟ سەرەڕای ئەوەی پارتی و یەکێتی پێشتر نوێنەرایەتیان هەبوو لە سوریا و لە چەندین بۆنە و یاد و روداودا بەرپرسانی هەردوولا چونەتە سوریا و پێشوازیان لێ کراوە. وەک لەساڵی (1999) مەسعود بارزانی چوە سوریا و لەلایەن حافز ئەسەدەوە پێشوازی لێ کرا.(٧)

لەگەڵ ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کورستان، لەسڵی (1974) لە دیمەش دامەزراوەو وەک حیزبێکی چەپ خۆی ناساند وپشتگیری گروپەکانی بەرهەڵستکاری فەلەستینیان دەکرد. لەهەمان کات وەک لایەنگری ئەمرکیا نەبو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی مەحافیزکاری لایەنگری ئەمریکا خۆی ناساندوە، بەڵام هەردووکیان نەیانتوانی لەسەردەمی حوکمی حافز ئەسەد و بەشاری کوڕی کاریگەری لەسە کوردانی رۆژئاوا دانێن. یاخود بەشێویەکی دیکە دروستە بلێین، پارتی و یەکێتی خاوەنی ستراتیژی نەتەوەی دوور مەودانەبون لە رۆژئاوا، رەنگە بیریان لەوەش نەکردبێتەوە باودۆخی سوریا بەو شێوەی ئێستا ئاوەژۆ دەبێتەوە.

**یەکەم جوڵانەوەی رۆژئاوا، لەدوای ساڵی (٢٠١١) سەرخەن و نمونەیەکی نوێ لە ناوچەکە بخەنەڕوو. کە ئەمەش دیارە لە ژێر چەتری پەکەکەدا بەدیهاتوە**

لەلایەکی دیکەوە، لەدوای روخانی رژێمی بەعسی عێراقی، پەیوەندیەکانی سوریا و حیزبە کوردیەکانی باشور ساردی تیکەوت یان هەر بەرەو نەما رۆشت، چونکە پێشتر سوریا دژی حکومەتی عێراق، هەوڵی دەدا نەیارەکانی ئەو حکومەتە کۆبکاتەوە کە حیزبە کوردیەکانیش لە نەیارانی بەعسی عێراقی بوون. لە هەمان کات حیزبە کوردیەکان بەشێک لە کاروباریان لە سوریا دەڕۆیشت کە لەو وڵاتەوە گەشتی ئەوروپایان دەکرد.

لەدوای ساڵی (2003) پەیوەندی سوریا و عێراق تا رادەیەک ئاسای بوەوە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەتی ئێرانەوە هەبوو، کە پاڵپشتی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بوو لە سوریا و بەهۆی نزیکی مەزهەبەوە لە حکومەتی عێرق کە بە دەست شیعەکانەوەیە لەبەرژەوەندی نیە ناکۆکیان هەبێت. یەکیکی دیکە لە هۆکارانەی کە حیزبە کوردیەکانی فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستان، لە سوریا دووربکەونەوە، ئەوەیە پەیوەندی نێودەوڵەتیان رووی لە گەشەسەندن و پێشکەوتن بوو، کە ناچارنەبون لە سوریانزیک بنەوە، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان بوە دۆستی نزیکی حکومەتەکەی

سوریا کە تورکیا وئەمریکا ئەورووپایە. کە بەکۆی ئەم هۆکارانە، وایکرد، ئەو دوو حیزبە هیچ ستراتیژێکیان بۆ ئەو بەشەی کوردستان نەبێت، تەنیا تیشکیان لەسەر باشور بوو. هەرچەندە لەم دواییانە پارتی هەندێک هەوڵیدا، بەڵام هەوڵەکان لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی حیزبی، دژایەتی کردنی پەکەکە و پاراستنی ستراتیژەکانی تورکیا بوو. کەلەمانەشدا شکستی هێنا.

بەڵام ستراتیژێکی پەکەکە جیاوازە، بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە ساڵانی نەوەدەکانەوە لەو بەشەی کوردستان کاری کردوە. هەروەها بۆ هەرپارچەیەکی کوردستان حیزب و بزاڤی هەبوە و بە وردی چاودێری کردوون. لەگەڵ ئەوەی هەل و مەرج و دەرفەتێکی بۆ هاتە پێش کە لەناو سوریا و لەژێر دەستی رژێمێکی دژە کورد سەرقاڵ پێگەیاندنی نەوەیەکە بۆ دوارۆژ. بەس دەبێت ئەو هۆکارانە باس بکرێن کە سوریا دەرفەتی دایە پەکەکە کاروچالاکیان بکەن. ئەو شێوە پەیوەندیەی نیوان سوریا وپەکەکە، جێگەی پرسیاری زۆرێک لە خەڵکی بوو کە سوریا، کوردەکان دەچەوسێننەوە و مافەکانیان زەوتدەکەن چۆن رێگەیان داوە پەکەکە لە خاکی وڵاتەکەی چالاکی بکات؟ ئایا پەکەکە لەبەرژەوەندی سوریا کاری دەکرد؟ یاخود پەکەکە ببوە بەشێک لە ستراتیژی سوریا. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکرێت لێرادا هەندێک هۆکار بخرێتەڕوو کە سوریا رێگەی بەپەکەکە دابوو، بڕواتە خاکی وڵاتەکەیەوە. وەڵامی ئەو پرسیارانەش لەنێو ناکۆکۆیەکانی هەردوو دەوڵەتی تورکیا_سوریا و دواتریش سوریا و ئیسرائیل دەخرێنەڕوو، چونکە تورکیا، لە چەندین لایەنەوە گوشاری لەسەر سوریا دانابو و ناکۆکیان هەبوو، لەبەرامبەردا سوریا بە کارتی پەکەکە گوشارەکانی تورکیای کەمدەکردەوە.

کێشەکانی تورکیا – سوریا و گەمەی پەکەکە لەنێوانیان

دەوڵەتی تورکیا، لەچەندین لایەنی وەک ئاو، کیشەکانی پارێزگای حەتی و پەیوەندی دروستکردن لەگەل دەوڵەتی ئیسرائیل، گوشاری لەسەرسوریا دروستدەکرد، لەبەرامبەردا سوریا، بەهۆی پەکەکە و دالدەدانی لە خاکی وڵاتەکەی گوشاری لە تورکیا دەکرد. بەڵام براوەی یەکەمی ئەو ململانێیانە پەکەکە بوو کە توانی لە خاکی سوریا، خۆی تۆکمە بکات و رەگی خەباتی شۆڕشگێڕی دانا کە لەئێستادا وادیار دەکەوێت. ناکۆکیەکانی سوریا و تورکیا، لەسەر خاک و ئاو و پارە بوو کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

## پارتی و یەکێتی خاوەنی ستراتیژی نەتەوەی دوور مەودانەبون لە رۆژئاوا

1– پارێزگای حەتێ:
پارێزگای حەتێ، لەسنوری نێوان هەردوو وڵاتەدایە، لەلایەن ئینتیدابی فەرەنسا وە لە ساڵی (1939) خرایە سەر تورکیا کە بە (ئەسکەندەرونە یان ئەلێکسندەرەیت)ناسرابوو، لەبەرامبەردا تورکیا، رێکەوتنامەی ئاشتی لەگەل دەسەڵاتی ئینتیدابی ئەورووپی ئیمزاکرد. بەڵام تائێستا سوریا، ئەو شارە بەخاکی خۆی دەزانێت وەک چۆن جارجار باس لەبەرزاییەکانی جۆلان دەکات.(٨) ئەمەش کێشەی لەنیوان هەردوو وڵات دروستکردوە.

٢– کێشەی ئاو:
ئاو یەکێکە لە کێشەکانی دیکەی نێوانیان، بەتایبەتی رووباری ئۆرەنتیس و (پرۆژەی ئەنەتۆڵیای باشوری رۆژهەڵات)، لە تورکیا، بەجۆرێک وای کردوە تورکیا، ئاوی فورات کۆنترۆڵ بکات و وەک چەکێک دژی سوریا بەکاری بهێنێت و لەبەرامبەردا سوریا بۆ ئەمە بەردەوام لۆمەی تورکیا دەکات و ناکۆکی نێوانیانە .(٩) .

٣– هەروەها ململانێیەکی دیکەی نێوان سوریا و تورکیا، بۆ پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل دەگەڕێتەوە. چونکە ئەو دوو وڵاتە خاڵی هاوبەشیان دژی سوریا هەبوو، بەحۆرێک سوریا پشتگیری لە گروپ و جوڵانەوە فەلەستینیەکان دژی ئیسرائیل دەکرد، وەک چۆن پشتگیری لەپەکەکە دەکرد دژی تورکیا، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی ئابوری تورکیا و ئیسرائیل، لەو کاتەدا لەپێشکەوتندابوو، کە لە ساڵی (1996)، رێکەوتنێکیان کرد.

هەروەها کاتێک سوریا، باسی بەرزاییەکانی جۆلانی دەکرد ئیسرائیل، گرژ دەبوو وەک چۆن تورکیا بەناوهێنانی پارێزگای حەتێ تێکدەچوو. لەهەمان کات سوریا، یەکێک بو لەو وڵاتانەی پشتگیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەگەڵ وڵاتانی میسر و ئەردەن، دژی ئیسرائیل دەکرد.

لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەی تورکیا و ئیسرائیل، سوریا پەکەکەی وەک گوشارێک بۆ سەر تورکیا داڵدەدابوو تاکو هاوسەنگی هێز راگرێت.(١٠). بەڵام لە رێکەوتنامەی «ئەدەنە» ی سالی (1998)، سوریا رازی بوو، هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ پەکەکە دوروست نەهێڵێت وتورکیا گوشارەکانی کەمبکاتەوە.
هەروەها لەئەنجامی ناکۆکیەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە، سوریا لەکۆتایی حوکمڕانی ئەسەدی باوک، رەفتارێکی نوێی لەگەڵ کوردی ناوخۆی وڵاتەکەی و وەک هێمایەک بۆ راگرتنی پشتێنی عەرەبی کرد.بەڵام ئەمە تەنیا دژی تورکیا کردیان نەک لەبەر کوردەکان.(١١)

## ناکۆکیەکانی سوریا و تورکیا، لەسەر خاک و ئاو و پارە بوو

لەبەرامبەر گوشارەکانی سوریا، وەک هاوکاری پەروەردەکردنی پەکەکەی لە لوبنان و کارئاسانی بۆدەکردن، لەبەرامبەردا تورکیا هەڕشەی سزادانی دەکرد، وەک چۆن مەسعود یەڵمازی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەساڵی( 1996)، سوریای ئاگادارکردوەتەوە و باسی لە سزادانی قورسکردوە و کێشەکانیان توندتر بون. هاوکات تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل زیاتر نزیک بونەوە.(١٢).

لەوماوەی پەکەکە لە سوریابوو، پەکەکە و خودی ئۆج ئالان، زیاتر پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیان دروست دەکرد، نەک پەیوەندی سیاسی بێت، ئەم سیاسەتەش بۆئەوە بوو سیاسەتی سوریا کاریگەری بەسەریانەوە نەبێت. هەندێک جاریش پەیوەنیەکانی ئۆج ئالان لەگەڵ کەس و کارەکانی حافز ئەسەد بوو، نەک لەگەڵ خودی ئەسەد خۆ. لەگەڵ ئەوەش کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەبوو رێگریان لە کارەکانیان دەکرد.

هەندێک جاریش بە لێدوانێک ئۆج ئالان، دڵنەوای دەسەڵاتدارانی سوریای دەکرد، وەک ئەوەی دەریدەخست کە سیاسەت و کار و چالاکیەکانیان زیانی بۆ سوریا نابێت، بۆ نمونە ئۆج ئالان، لەساڵی (1996) رایگەیاند، زۆربەی کوردانی سوریا، پەنابەرن و لەتورکیاوە هاتوون بۆیە بەگەڕانەویان بۆ تورکیا، شادومان دەبن. بەوەش پەکەکە هەزاران کوردی سوریای بە پلە جیاواز هێنایە ریزەکانیاوە کە وەک راپۆرتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن نزیکەی( 7–10) هەزار کوردی سوریا رۆشتونەتە ناو پەکەکە، هەندێکی لە سوریا کوژراون.(١٣).

بەڵام ئەگەر لەلایەنی نەتەوەیەوە خوێندنەوە بۆ لێدوانەکانی ئۆج ئالان بکرێت، ئەوا بەکارێکی هەڵدادەنرێت، چونکە سالانێکی زۆر بوو دەوڵەتی سوریا، کوردەکانی وڵاتەکەی بە کۆچبەر ناودەبرد بۆیە نکوڵی لێدەکردن و مافیان نەبوو. بەڵام لێدوانەکانی ئۆج ئالان کوردەکانی نیگەران نەکرد و دوای نزیکەی (20) ساڵ، لەمەبەستەکەیی گەیشتون. کە سەدان کوردی رۆژئاوا و باکور پێکەوە لەناو یەپەگە و یەپەژە دژی داعش، دەجەنگن.

جگەلەمەش ئەو ئەو کوردانە سوریا، کە چونەتە ناو پەکەکە بەزەبری هێز و فشار نەبو، بەڵکو بە ویستی خۆیان بوە، چونکە زۆرینەیان لەژیانی سەخت و گراندابون، هەندێکی لە وڵات هەڵدەهات، هەنێکی تری بیری دەکردەوە خزمەتی سوپای سوریا نەکات و بڕواتە ناو پەکەکە.

بۆیە زۆرینەیان رێگەی دووەمیان هەڵبژارد. لەئێستاشدا، باکور، دەرگای بەرووی خزمەت و تێکۆشانی بۆ رۆژئاوا کراوەیە و بەردەوامە، بەشێکی زۆر لەو شەڕڤانانەی لە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری «حەسەکە» لەداعش و رێکخراوەتوندڕەوەکان، گیانیان لەدەستدا خەڵکی باکورن، وەک ئەوەی بڵاوکراوەتەوە تەنیا لەشەڕەکانی سەرەتادالەو شارە، لەکۆی (20) کەس کە گیانی لەدەستداوە (18)

کەسیشیان خەڵکی باکورن.
هەروەها لەکاتی رۆشتنی خەڵکی رۆژئاوا بۆ باکور، خەڵکی باکور لە خەمیاندابوون و بەدەمیانەوە دەڕۆشتن.

## ئەنجام

– باکور و رۆژئاوا، دوو بەشی لێک نزیکن، بەجۆرێک لەڕووی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، جیوگرافی و شێوەزارەوە تێکەڵیەکی زیاتریان لەبەرامبەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە.
– کاریگەریەکانی باکوری کوردستان لەسەر رۆژئاوا، لە خۆیبونەوە بەتەواوی دەسی پێکردوە و لە سەردەمی پەکەکە گەیشتە لوتکە و لە ئێستادا شەمەندفەری لە رۆژئاوا، بە تونێلی پەکەکەدا تێدەپەڕێت و فە لسەفەی سیاسەتی ئۆج ئالان جێبەجێ دەکەن.
– لەژێر کاریگەری پەکەکە، یەکەم جوڵانەوەی رۆژئاوا، سەرکەوتوبوو، نمونەیەکی نوێیان لە ناوچەکە پیشانداوە.

پەراوێز وسەرچاوەکان:

–1 بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد، وەرگێڕانی ، مەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، لاپەڕە سلێمانی 1992.
–2 عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: کورد لە سوریا 1920–1946، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، لاپەڕە 118، دهۆک، 2009.
–3 هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 80.
–4 کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەرتانیادا، ئامادەکردنی ،عەبدوڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیرحەیدەری، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، لاپەڕە 211، هەولێر، 2009.
–5 عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: سەرچاوەی پێشو ، لاپەڕە 36.
–6 لە قەندیلەوەبۆکوبانێ، چاوپێکەوتنی جەمیل بایک، ئەنوەر حسێن و شۆڕش مستەفا، چاپخانەی دلێرن سلێمانی، 2015 .
–7 سامی شۆڕش: عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چ 1 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لاپەڕە 43 هەولێر، 2002.
–8 هێریەت مۆنتگرمی: کوردی سوریا_ بونێکی نکوڵی لێکراو، وەرگێڕانی، محەمەد ئەمین حسین عەلی(مینە)، پێشەوا عەبدولحالق محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، لاپەڕە 183، سلێمانی، 2009.
–9 هەمان سەرچاوە، لاپەڕە184.
–10 هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 186.
–11 سامی شۆڕش: عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چ 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لاپەڕە 43، هەولێر ، 2002.
–12 گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، ئەفریم ئینبار، ژمارە 3، لاپەڕە 71، سلێمانی، 2006.
–13 هێریەت مۆنتگرمی: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە189



# دەوڵەت خوای سەر ئەرز نیە، بێ دەوڵەتیش ژیان دەبێت



قادر حاجی محمد

ماوەیەکە هەندێ ناوەند لە راگەیاندنەکاندا بابەتێکی هەستیار و گرنگیان جوڵاندوە و خستۆتە رۆژەڤەوە ئەویش بابەتی ( دەوڵەتی کورد لە باشوری کوردستان) زۆر نوسەر و سیاسەتمەدار و رۆژنامەنوس و کەسایەتی رۆشنبیر راو و بۆچوونی خۆیان داوە، منیش وەک هاوڵاتیەک لە باشوری کوردستان بە ئەرکی نەتەوەی و مرۆڤایەتی خۆم دەزانم بە کورتیش بێت سەرنج و بۆچوونی خۆم لەسەر دەوڵەت و بە دەوڵەت بوون دیاری بکەم بەو هیوایەی هەستی کەس بریندار نەبێت، رەنگە هەندێک لایەن بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبێت لەم بابەتەدا ئەوە منیش بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵم.

سەرەتا ئەوە دەڵێم تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی مێژوویی بۆ سیستەمی دەسەڵات و دەوڵەتداری ئەنجام نەدراوە، وەک ئەوەی ئاخۆ دەوڵەت چیە؟ کەی سەری هەڵدا؟ لە کاتی دروست بوونی دەوڵەت رەوشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چی بەسەرهات؟ کێ بوون ئەوانەی بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوەیان دامەزراند؟ ئەو گۆرانکارییانە چی بوون بەسەر کۆمەڵگادا هات؟ ئایا پێش ئەوەی دەوڵەت دروست بێ ژیانی مرۆڤایەتی چۆن چۆنی بووە؟ ئایا چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی لە کەیەوە دەستی پێکردووە؟ پێش دروست بوونی دەوڵەت و پاش دروست بوونی دەوڵەت چەوساندنەوەی مرۆڤیکان لە چ ئاستێکدا بووە؟ ژیانی ئابووری کۆمەڵگا پێش دروست بوونی دوەلەت چۆن بووە؟ ئەی پاش دروست بوونی دەوڵەت چ گۆرانکارییەکی بەسەردا هاتووە؟

دەیان پرسیاری تر کە دەکرێ بکرێ بۆ ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە گرنگە، کە دەبێت کۆمەڵگای ئیمە پرسیار بکەن و بیزانن. هەندێ لە بیرمەندان و شوێنەوارناسەکان دەڵێن مێژووی دروست بوونی دەوڵەت و دەسەڵات دەگەرێتەوە بۆ (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ تا (٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا، کەواتە مرۆڤەکان ماوەیەکی زۆر زیاتر ژیاون کە بێ دەوڵەتیش بوون، کە تەمەنی دەوڵەت ١٪ ی تەمەنی ژیانی مرۆڤەکانە لەسەر رۆی زەوی، وە مرۆڤەکان پێش دروست بوونی دەوڵەت ژیریش بوون کاروباری ژیانی خۆشیان زۆر باش بردووە بەرێوە، مرۆڤی ئەو دەمە دانەبراو بوون لە سروشت بەڵام کاتێک بیرۆکەی دەسەڵات و هێز لەلایەن پیاوەوە سەری هەڵدا بۆ دەسەڵات شەرو شۆرێکی زۆر رویداوە بە جۆرەها شێوە هەوڵی تەڵەکەبازی دراوە، بۆ ئەوەی رەوایی بدەن بەو سیستەمەی دەسەڵات و دەوڵەتداریە تا ئێستا ئەوە بوو کردیشیان، نابینن زهنییەتی دەسەڵات و دەوڵەت چۆن رەگی داکوتاوە لە بیرو هۆشماندا مرۆڤەکان وا تێدەگەن دەڵێن ئەگەر( دەوڵەت نەبێت ژیان نابێ) بەڵام ئەم بۆچوونە پێچەوانەی سروشت و راستیە زانستیەکانە.

**بیرکردنەوەیە تێپەربکەین کەوا بزانین چارەسەری هەموو کێشەکان لای دەوڵەت و دەسەڵاتە**

پێویستە ئیتر لەمەولا ئەو بیرکردنەوەیە تێپەربکەین کەوا بزانین چارەسەری هەموو کێشەکان لای دەوڵەت و دەسەڵاتە. لە دەرەوەی ئەواندا بیر لە بچوکترین چارەسەری نەکرێتەوە.

وتمان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زۆرترین تەمەنیان لە سەردەمێکدا بەسەر بردووە دەوڵەت نەبووە کە بە کۆمەڵگای سروشتی ناوزەند دەکرێت توانیویشیانە کاروباری خۆشیان رێک بخەن و پرسەکانی خۆشیان چارەسەر بکەن و ئاسوودەش بژین. نابینن و نابیستن زۆرجار قسە لەسەر ئەم دەسەڵات و ئەو دەسەڵات دەکرێت، دەوترێت کێ دەڵێ ئێوەش وەک ئەوانی پێشووتر نابن کە دەسەڵات بگرنە دەست، ئەم بۆچوونانە بە زانا بوون یا بە نازانا بوون بووترێن بۆخۆی دەسەڵات و دەوڵەتداری دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە دەلێن لەوەتەی دەوڵەت دروست بووە گەورەترین کارەسات و چەواشەکاری روویداوە کە بەقێزەونترین شۆرشی چەواشە ناودەبرێ کە بەرامبەر زهنیەتی مرۆڤەکان ئەنجام دراوە، کە گەورەترین لادان بووە

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوەتا کە زۆر بە قوڵی ڕیشەی خۆی لە زهنیەتی ئێمەی مرۆڤدا داکوتاوە، بەسەر ڕوانگەو ڕامان و چەمکەکانماندا زاڵە بۆیە دەوڵەت بە چارەسەری کێشەکانمان دەزانین .

ئەلبیرت ئەنشتاین دەڵێت( پارچەکردنی هێزی فێربوونی خو و نەریتەکان لە پارچەکردنی ئەتۆم زەحمەت ترە) کاتێک بیرۆکەی دەسەڵات دروست بوو جیاوازی چینایەتی سەری هەڵدا واتە چەوساندنەوەی مرۆڤ مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەستی پێکرد، لە ڕێگەی هێز و دەسەڵاتی سەربازی و فرو فێڵەوە کۆمەڵگایان فێری حوکمرانی خۆیان کردو مرۆڤەکانیان دابڕی لە سروشت، بۆیە دروست بوونی دەوڵەت و دەسەڵات لە ئەمساڵدا بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دانەمەزراوە. ئەوەتا نابینن ئەمرۆ ژینگە بە کارەساتە ژینگەییەکانی خۆی بانگی ئازادی و ڕێکخستنەوەی ژینگەو پەیوەندییەکانی ژینگە دەکات لەسەر بنەمای هاوسەنگی کۆمەڵگا بانگی ئازادی و یەکسانی دەکات و ناخوازێ ئیتر بەشێکی کۆمەڵگا سەردەست و بەشێکی زۆریشی لەژیانێکی نالەبارو ناشایستەدا بژین. لە مێژووی دروست بوونی دەوڵەت و دەسەڵات تا ئێستا گەلێک شێوەی دەوڵەت و دەسەڵات تاقی کراوەتەوە هەر لە ئیمپراتۆرەکانەوە تا دەوڵەتی نەتەوەیی- فیدرالی- کۆنفیدرالیزمی- ناوەندی- سۆشیالی- سۆشیال دیموکرات- ئایینی- پاشایەتی- بنەماڵەیی، بەڵام هەر هەموویان بونەتە دووبارەبوونەوەی ئەوەی پێش خۆیان نەیان توانیوە چارەسەری بهێنن. ئەوەتا هۆکاری سەرەکی ئەو قەیران و ئاڵۆزییەی ئەمرۆ کە سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات لەلایەک – کۆمەڵگاو تاک- ئابووری و ژینگە لەلایەکی ترەوە تیایدا دەژین، ئەو پێوانانەی دەوڵەت و دەسەڵاتی لەسەر بنیات نراوە ڕەوایی خۆیان لەدەست داوە.

نەک ناتوانن کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن بەڵکو خۆیان بونەتە کێشەی سەرەکی بۆ کۆمەڵگا. کەواتە پێویستە بە شێوەیەکی قوڵتر لە ڕاستینەی دەوڵەت کۆمەڵگا تێبگەین، ئەوەتا دەوڵەتە دروست کراوەکانی نەتەوەی عەرەب تا ئەمرۆش هەن، بونەتە کێشە بۆ کۆمەڵگای خۆشیان، بۆیە ئەگەر لە ڕاستینەی دەوڵەداری تێنەگەین ناتوانین چارەسەری کێشەکانمان بکەین و خۆمان لە دووبارەبوونەوە ڕزگارناکەین.

ئەوەتا ئەمرۆ جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان بە قۆناخێکی هەستیار تێ دەپەڕێ و سیستەمی ئیداری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە قەیرانی قوڵدایە، هەموو لایەک هەوڵ ئەدەن بۆ چارەسەری لەمپەری ڕاست بۆ ئەوپەڕی چەپ. ئەم ئاڵۆزییەی ئەمرۆی کوردستان وعێراقیش تیادا ژیان دەکەین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قەیرانە گشتییە، هەوڵدان بۆ ڕێگە چارە ئەرکی سەرەکی هەموو لایەکە.

## نەریتەکان لە پارچەکردنی ئەتۆم زەحمەت ترە

ئەوەتا هەندێ دەخوازن بە تێزی ( چەپ بوون) هەندێ تر بە ( دەوڵەتی نەتەوەیی) کەسانی تر بە ڕێگەی (ب سیاسەت کردنی ئایینەوە) گروپ گەلێ تر بە ڕێگەی (لیبرالیزمەوە ) ئەم قەیرانە چارەسەربکەن کە هە هەموویان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەسوڕێتەوە هەندێ تر گومانیان وایە کە ئەو تێزانە ناتوانن چارەسەری بهێنن دەخوازن تێزی نوێ پێش بخەن لە ( دەرەوەی وڵات) بۆیە ئەگەربەوردی مێژوی سیستەمی دەوڵەت ودەسەڵات شی نەکەینەوە ناتوانین وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە کەدەڵێت هەرچەندە دەسەڵات لەڕەنگ وڕوخساردا جیاوازن بەڵام لەناوەڕۆکدا وەک یەکن بۆیە دەڵێم بەتایبەت (چارەسەری کێشەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەست نییە بەبوونی یان دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردەوە) هەموو دەوڵەت نەتەوەکان لە جیهاندا دروستکراوی دەست و بیر و زهنی سیستەمی سەرمایەداری جیهانین . ئەوە بوو پاش جەنگە جیهانیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین دەوڵەت نەتەوەیان دروست کرد و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا نەک نەتەوەکان، سیاسەتی پەرتکە و زاڵبیان بەکارهێنا لە پێناو سیستەمی داگیرکاری خۆیاندا نەک نەتەوەکان، هەر لە پێناو خۆشیاندا ئەوەبوو کوردستانیان دابەش کرد بۆخۆی لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ . ئەوەتا چەندین دەوڵەت نەتەوەیان بۆ عەرەب دروست کرد ئێستا کۆمەڵگاکانیان گیریان بە دەستیانەوە خواردووە، عەرەب بۆخۆیان یەک لە دوای یەک دەیان ڕوخێنن، لە شەرو شۆڕدا

ژیان دەکەن ناتوانن کێشەکانی کۆمەڵگاکانیان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە چارەسەر بکەن ئەمرۆ دەبینین سیستەمی سەرمایەداری جیهانی خۆی وا دەردەخات کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چارەسەربکات کە خۆیان دروستیان کردوون بەلام بۆخۆیان لە قەیراندن و خۆشیان بەرهەم هێنی ئەو کێشەو ئالۆزیانەن لە بنەرەتدا. دەبێت ئەوە باش بزانین سیستەمی دەوڵەتداری بەرژەوەندی بە بنەما دەگرێت و پشت بە دام و دەزگا دەبەستێ و لە سنووری جوگرافیای دیاریکراو خۆی ڕێک دەخات و ئیدارە کردن بە بنەما دەگرێت کە لە سەر ڕەنجی کۆمەڵگا دەژی و بەکاربەرەو بەرهەم هێن نییە وە لە بەرێوەبردندا پشت بە یاسا خۆ دەسەپێنێ و تاکی وابەستە دەخولقێنێ و چینایەتی و جیاکاری بە بنەما دەگرێت، مرۆڤەکان دەکاتە ناوەندی ژینگەو هەموو کارەساتە ژینگەییەکان لەسەر دەستی ئەوان ئەنجام ئەدرێ، واتە بەرپرسن بەرامبەر پیس بوونی ژینگەو چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتدا دەبینن.

## دەوڵەت نەتەوەکان لە جیهاندا دروستکراوی دەست و بیر و زهنی سیستەمی سەرمایەداری جیهانین

لە سیستەمی دەوڵەتداری دوو جۆر ئابووری پێش خراوە هەردووکیان خزمەت بە کۆمەڵگا ناکەن یەکەم- ئابووری دەوڵەت/ کە زیاتر لەلایەن دەوڵەتە بەناو سۆشیالیستیەکانی پێشووەوە - ئاینەکانەوە پەیرەو کراوە کە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار بە بنەما دەگرێت.

دووەم- ئابووری تایبەت/ کە سیستەمی سەرمایەداری پەیرەو دەکات و بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و قازانجی ئەوان لە بەرهەم هێنان بە بنەما دەگرێت نەک پێویستی زۆرینەی کۆمەڵگا، ئەو قەیرانەی ئەمرۆ رووبەڕوی سیستەمی سەرمایەداری بۆتەوە لەمە سەرچاوەکەی وەردەگرێت.

ئەوەتا ئابووری دەوڵەت تاک دەکاتە تاکێکی بێ بەرهەم وەکلای خۆمان و بێ باوەری لە نێوان تاکەکاندا دروست دەکات، وە لە سیستەمی ئابووری تایبەتدا تاکرەوی پێش دەخات و زۆرینەی کۆمەڵگا دەکاتە سوپای بێکاران و لەسەر ڕەنجی ئەوان دەژین.لە سەرمایەگوزاریدا سنورو پێوانە ئەخلاقیەکان ناناسێت و لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا گومان و بێ باوەڕی دروست دەبێ.

دەوڵەت لەسەر بنەمای نکولی کردن لەسەر ڕەنج و بەهاکانی (ژن) خۆی بنیات ناوە کە یەکەمین جار بیر لە دەسەلات و دەوڵەت کرایەوە ژنیان کردووە بە ( کۆیلە- موڵک- کاڵا) بۆیە هیچ کات ژنان سیستەمی دەسەلات و دەوڵەتیان لە گەوهەری خۆیاندا قبوڵ نەکردووە، وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن شاراوە لەدژی سیستەمی دەوڵەتگەرا لەسەر پێ بوون.

بۆیە دەڵێم دەوڵەت خوای سەر ئەرز نییە، بێ دەوڵەتیش ژیان دەبرێت بەرێوە، بەشێوەیەکی جیاواز، تاکی ئازاد پەروەردە بکرێت و ئابووری هاوبەش و ئەنجومەنی گوند و کۆڵان و شارو شارۆچکە دروست بکرێت بۆ خۆبەرێوەبردنی کارە ژیانیەکانی کۆمەڵگا بە دەستی خۆیان لەجیاتی سیستەمی بەلای دەوڵەت و دەسەلات باشترین ڕێگای چارەسەری کێشەکانی هەرێمی کوردستانە نەک دروست بوونی دەوڵەت.



# ڕاگەیاندنی کوردی و بوردمانی کەلتووری تواندنەوەی کۆمەڵگا، ئەنفالی مانا و دامەزراوەکانی گەلێکە



ئازاد محەمەد

کە باس لە کلتوور دەکرێت، یاسا و ڕێسا و دابوو نەریتی کۆمەڵگایەک و جل و بەرگ، زمان و خانوو و بینا و شت و مەکی بەرهەم هاتووی پێناسە دەکرێت، بەڵام ئەم پێناسە تێرناکات و کەلتوور لە ئاستێکی بەرزتر واتە هەموو ئەو بونیاد و دامەزراوانەی وا ئەو گەلە بەرهەمیان هێناوە و بەو ناسنامەیە خۆی پێناسە دەکات و لە واتا گشتیەکەیدا مرۆڤ بونەوەرێکی کەلتووریە و و کولتووریش بەرهەمی نەک تەنها شەخسێک بەڵکو بەرهەمی گشت کۆمەڵگایە و واتایەکی فراوانی هەیە و دەتوانرێت بگوترێت دوێنێ و ئەمرۆیە و بەردەوام بوونیەتی لە داهاتوودا.

بۆیە بەردەوام بوونی لە بە ڕەگ و ڕیشە لە داهاتوودا پەیوەستە بە پاراستنی لە بەرامبەر تێکچووندا و میکانیزمی سەرەکی ئەخلاقە لە کۆمەڵگادا کە وەک چیمونتۆ بەردەوامی گەرەنتی دەکات و ئەو کۆمەڵگایەی بێ ئەخلاق بمێنێت یان هێزی ڕێسا و دامەزراوەی نەریتی خۆی لە دەست بدات توشیی بێ سیاسەتی دەبێت، واتە سیاسەت هونەرە بە هێزەکەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگاش خۆی لە خۆیدا واڵا دەبێت.

ئەخلاق و سیاسەت و لە واتا گشتیەکەی کلتووردا لە سەد ساڵی 21دا توشیاری قەیرانێکی قوول هاتووە و دۆخی کۆمەڵگای مرۆیی ئەو ڕاستیانە دەخاتە بەرچاو و قەیرانی کۆمەڵگای مرۆیی و بە تایبەتیش باشووری کوردستان لە ژێر 24ساڵ خۆبەڕێوەبەری کوردیدا توشیاری چەق بەستووی هاتووە و گەلی توشیاری بێ هیوای کردووە و تاکوو دەچێت ئەم دۆخە سەرجەم بوارەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری دەگرێتەوە و دەرئەنجامی کۆچکردن و کۆڕەویی بەلێشاوە.

بۆ ئەوەی گەلێک درێژە بە بوونی خۆی بدات و هەموو ئەو بونیاد و دامەزراوانەی وا ئەو گەلە بەرهەمیان هێناوە بە دروستی ڕادەستی جیلی دوای خۆی بکات پێویست دەکات لە ڕێگای هوشیاری تاک و کۆمەڵگا ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت. بۆیە بە سەرنجدان بە دۆخی هەنوکەی کۆمەڵگا لە باشووری وڵات دەتوانرێت بوترێت لە ئاستی تراژدیایەکدایە.

دام و دەزگای حوکمی لەم بەشە و تەنانەت ڕێکخراوەکانیش لە بن سێبەری حزبەکاندا خنکێندراوەن و نەیانتوانیوە ئەرکدارێکی بەرپرسیار بن، بەڵکو هاندەر بوون بۆ ڤایرۆسی بێ هیوایی وا بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە و ڕاگەیاندنی کوردیش لە باشووری وڵات نەک بەرهەمهێنەر نەبووە تەنانەت بوونەتە ئەرکداری پیشاندانی بەهشتی خەیاڵی وڵاتانی بیانی و بەوەشەوە تەنگ نەماون و بوونەتە زمانحاڵی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و لە ئاستی بەرپرسیاری سەرەکیان بۆ هوشیاری و ڕاهێنانی پۆزتیڤی کۆمەڵگا ڕۆڵیان نەبینیوە و چۆن حزبە سەردەستەکان بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆیان تاکیان فێری ماسی خواردن کرد و لە ماسی گرتنیان خست، واتە کۆمەڵگای بێ بەرهەم و تەمبەڵ کرد بە هەمان شێوە ئەو هەڵسوکەوتە لە ئاستی ڕاگەیاندنی کوردی ڕەنگی داوەتەوە و بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی و وڵاتانی داگیرکاری کوردستان کەوتوونەتە کێبڕکێ و بە تەواوی کۆمەڵگا لە بن شەڕی شاراوە و نهێنی ئەواندا بەرەو توانەوەی خۆ ویست دەبن و بە ملیاردها دۆلاری سامانی وڵات بە خەساردا دەبەن و ئامانجەکانی وڵاتانی زلهێز و داگیرکارانی کوردستان بە جێگەی بوردمانی سەربازی بوردمانی فکری و کلتووری پەیرەو دەکەن و بوونەتە جانەوەرێک وا خەریکی کرتاندن و هاراندنی ئێسک و پروسکی جەستەی خۆیەتی.

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستس ئەم بابەتە پێویست دەکات بە سەرهاتێکی ماڵی مام عەبدولوەهابتان بۆ بگێڕمەوە:
شەوێکی ساردی 18-12-2015یەو لە تاکە ماڵێکی یەکێک لە گوندەکانی سلێمانی دانیشتبوین، لە

## باشووری کوردستان لە ژێر ٢٤ساڵ خۆبەڕێوەبەری کوردیدا توشیاری چەق بەستووی هاتووە

هات و هەرا و قەرەباڵغی شار خۆمان رزگار کرد بوو، سەرمای ئەم ساڵ و قەیرانی دارایی و بودجە لە گەڵ قەیرانی کارەبا و نەوت زەحمەتیەکانی زستانی چەندقات کردووە و لە گوندیش وەک شار خانووی دروستکراو لە چیمەنتۆ و بلۆک و کاشی بە ناو خانووی نوێ کە وەک ساردخانەیە وایکردووە هەمووان لە دەوری سۆبەیەکی نەوتی و لە ژووره هەرە بچووکەکەی ماڵی مام عبدولوەهابدا کۆ بینەوە و ئاخ و ئۆف بۆ خانووە قوڕ و بردینەکەی جاری جارانی کوردەواری هەڵبکێشین.

دوای بێدەنگ بوونی ئامێرە کارەبایەکان و کوژرانەوەی گڵۆپەکان، وەک بڵەی لە بەنجی جیهانێکی سیحراویدا رزگارمان بوو و توانیمان بە دوور لە کەش و هەوای سارد و سڕی ژیانی ئەم سەردەمە کەوا بە هۆی تەلفزیۆن و ئەنتەرنێت و تۆڕی بچڕاندنی کۆمەڵگا، «فەیسبووک» و هتد کەوا بە سەر مرۆڤەکاندا زاڵ بووە رزگاربووین و کەوتینە گفتگۆ و باسمان لە سەر سەرما و سۆڵە و ژیانی گوند وتەنانەت دۆخی شۆڕش و ژیانی شۆرشگێڕانی گەلەکەمان لە کاتی ساردوو سەرما دەکرد.

لە درێژەی قسەکاندا هاتینە سەر ژیان و بە سەرهاتی پێشمەرگە و گەریلا و تێکۆشان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و پێشمەرگایەتی لە کاتی بەعسی ڕووخاو کەوا لە سەر شانی خەڵکی گوند و مەڕدارانەوە بەڕێوە چووە و پێداویستیەکانی شۆڕشیان فەراهەم کردووە و کە هەرکام لەو بەسەرهاتانە بۆ خۆی جوانترین فلیم و شانۆی لێ دروست دەرکرا و بە داخەوە ڕاگەیاندنی کوردی هەر خۆی لێ نادات.

لەم کاتەدا چەند پرسێک هاتەئاراوە و ئەوەش تێکۆشانی گەریلا بە دوور لە گوند و لە شاخە سەرکەشەکاندا چۆن دەکرێت؟ هەروەها زەحمەتیەکانی ژیانی شاخ و مەترسیەکانی لە ناو شاخ و داخ و ئاژەلە دڕندەکان و هتد؟ یان چۆنیەتی فەراهەم کردنی پێداویستیەکانیان؟

بۆیە لەم نیقاشەدا هاتینە سەر باسی دابینکردنی پێداویستیەکان و دژایەتی ورچ لە بەرامبەر ژیانی گەریلا سەر سوڕمانی ئامادەبوانی بە دواوە بوو، کەوا چۆن ورچ دژایەتی شۆڕش دەکات!؟.

بۆ تێگەیشتن لەم راستیە دەبێت ئەمە لە بەرچاو بگرین کە گەریلا پێداویستی زستانی خۆی لە هاویندا دابین دەکات و لە چاڵێکدا وەک چاڵە گەنم لە ناو نایلۆن دەیپێچێت و بانی دادەپۆشرێت و بە پوش و پەڵاش و گەڵای وشک دەشاردرێتەوە کە کەس هەستی پێ نەکات، تەنانەت دوژمن بە هەموو کەرسەتی پێشکەوتوی خۆی بە زەحمەت دەیبینێ. بەڵام ورچ بە ئاسانی جێگاکەی دەدۆزێتەوە و دوای هەڵدانەوەی چاڵەکە خۆی بە شکر شیرەمەنی گەریلا دەگەێنی و ئەوەیتری تێکەڵ و پێکەڵ دەکات و ئەوەش واتە لە ناوبردنی پێداویستی ژیانی زستان و ئاشکراکردنی شوێنی زستانەی گەریلا بۆ دوژمن.

لەم باسانەدا بووین مام عبدولوەهاب کە بە هۆی ماندووبوونی دوای ئیشی ڕۆژانەی لە گەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵان و کشتوکاڵ لە سەر کورسیە پەلاستیکەی پاڵی دابووە و وتی:
ئەوە باسی ورچ و زیرەکی ورچ کرا، ئە، ئەوە ئەڵیین لە زەمانی زوودا باوک و کوڕێک وەک من و کاک پێشەوای کوڕم ڕوو دەکەنە شاخی پیرەمەگروون و دار کۆ ئەکەنەوە و دەیبەنە شاری سلێمانی دەیفرۆشن.
لە شاخەکەدا ورچێکی لێیە کە کۆسپ وتەگەرەیان بۆ نانێتەوە و هەر جار دەچن داری خۆیان کۆ دەکەنەوە و بەم شێویە خۆ دەژینێن.

دوای چەند جارێک هاتووچوو، جارێکیان کوڕەکە بە باوکی دەڵێت:» باوکە ئەوە ئێمە ئەوەندە دێین

ورچەکە لە تەنیشتیانەوە دائەنیشێ و ئەڵێ فەرموو!

و دەچیین و ئەم ورچە ڕێگەمان پێ دەدات و دێ بۆ لامان بۆڵە بۆڵ دەکات، بۆ ئەم جارە لە شار هاتینەوە هۆکەیەک، دوان گۆشتی بۆ نەکڕین؟».
باوکیشی دەڵێت: جا وەڵا قەی چی ئەکات ڕۆڵە ئەم جارە بۆی ئەکڕین.

بۆیە ئەم جار لە سلێمانی دەچن هۆکەیەک (هۆکە: لە زەمانی زوودا بە جێگەی کیلۆ بەکاریان هێناوە بۆ گەنم و نۆک و هتد) دووان گۆشتی نەرم و بەز و ئەمانەی بۆ ئەکڕێن دەگەڕێنەوە لە گەڵ خۆیان دەیبەن بۆ ورچەکە.

لە شاخ ورچەکە، ێی بۆ بەروپیریانەوە و ئەبۆڕێنێت و ئەڵێ: خاڵە هاتیەوە؟

پیرەکەی ئەڵێ: بەڵێ، تۆش بە خێر بێی، وەرە دابنیشە.

ورچەکە لە تەنیشتیانەوە دائەنیشێ و ئەڵێ فەرموو!
خاڵە پیرە: ئەم گۆشتەمان لە شارەوە بۆ تۆ هێناوە.
ورچەکەش ئەڵێ: بۆ واتکرد و ئەزیەتت بینیە.
پیرەکەش ئەڵێ: قەینا زەحمەتی نیە.

بەمجۆرە ورچەکە خەریکی خواردنی گۆشتەکە ئەبێت، تەبعەن ورچ کە گۆشتەکە ئەخوا، ئەبێ بە شلپە شلپی دەمی، کوڕەکە ئەبێ بە پێکەنین، کەپێ ئەکەنێ ورچەکە زۆری پێ ناخۆش ئەبێ...!
ورچەکە تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: ئەوە بە من پێ ئەکەنێ؟
پیرەکە ئەڵێ ناز؛ ئەوە منداڵەو نافامێت و هەروا پێ ئەکەنێ.

ورچەکە ئەڵێ: نا، بچۆ ئەو تەورە بێنا.!
تەورەکە تەوری دارشکاننە و ورچ پێی ئەڵێ: ئەو تەورە هەتا ئەتوانی بیسوە، ئەبێ موو بکات!
ئەویش تەورەکە ئەسوات و جوان تیژی ئەکات.
ورچەکە ئەڵێ: هەستە هەتا قوتت هەیە بیدە بەو ناوچاوانەی منا...!
پیرەکە ئەڵێ کوڕە من چۆن ئیشی وا ئەکەم، خوا چۆن قبوڵ ئەکات و گوناحە و نایکەم.
ورچەکە ئەڵێ: بە خوا وا نەکەی ئەوخۆم.
ئەویش ئەوەستێتەوە و بە هەموو قوەتی خۆی تەورێک ئەدا بە ناو چاوانی و سەری قاش دەکات و تەورەکە لە ناو موودا قاپات دەبێت و ورچەکە بەوە ناتۆپێت.
جا ورچەکە ئەڵێ: ئەم جارە تەورەکە هەڵکێشە.
کە پیرەکە تەورەکە هەڵکێشێ، ورچ خڵتانی خوێن ئەبێ و ڕوو ئەکاتەوە ناو شاخ و زنارەکە.
ئەڵێن بنێشتە تاڵ زۆر دەرمانە و ورچەکە بنێشتە تاڵ دەکاتە ناو سەری و برینەکەی پێی دەرمان



ئەو ساڵە هیچ، ساڵ دوایتر پەیای بووە!
پیر ئەڵێ: ئەوە ئەتۆ ماویت؟!
ورچەکە ئەڵێ: بە کابرای پیر وەرە، دەست بخە سەرم، بزانە شوێن برینێک ماوە یان نە؟
پیرەکە ووتی وەڵڵاهی ورچە بە قەی تاڵە دەزۆیەک شک ئەبەم، بەر دەستم ئەکەوێ و ناکەوێ.
ورچە ووتی: مامە.
پیرەکەش: بەڵێ.
ورچەکە ووتی: ئەو برینە سارێژ بوو. بەڵام برینی ئەو پێکەنینەی ئەو کوڕە سارێژ نەبووە. هەستە بۆ خوا ناوخۆم، جارێکیتر بەم نزارە نەوبینمەوە.
کابرا زۆر پاڕایەوە و بۆ خوا وا مەکە و ڕێگەمان بدە.
ورچەکە ووتی: نا و بارەکەو بار بکەو جارێکیتر بەم نزار نەوبینمەوە.

مام وەهاب لە کۆتایدا ووتی:»بەڵێ ورچ بەزمی زۆرە و ئەمەش باسی برینی ورچ و قسەی نابەجێ بوو».
مام عەبدولوەهاب 2 چیرۆکیتری بۆمان باس کرد کە بە هۆی درێژی بابەتەکە باسی ناکەم.
ئەم نیقاش و گفتگۆیە لە دوای پچرانی کارەباوە دەستپێکرد و لە ناویدا لە گەڵ پێکەوەبوونی

کۆمەڵایەتی لە لایەک و پەند و لایەنی ئەخلاقی ئەم کۆڕە لە لایەکیتر تابلۆیەکە بە هەزاران ساڵ نەخشێندراوە ئەمڕۆ گەیشتووەتە ئاستی نەمان و لە بیر کردن. پێویستی کارەبا لە بواری پێداویستیەکانی ژیانی ناچاریە و بێ کارەبا ژیان زەحمەتە. بەڵام شار و شارگەرایی و ژیانی داڵدەدراو لە شارەکاندا و وابەستەبوونی بێ سنوور و کۆیلەبووین بە تەکنۆلۆژیاوە شێوازێکە لە کۆیلایەتیەکی مۆدێرن وجیاواز لە سەردەمانی پێش.

لەم ئاراستەیەدا لە باشووری کوردستانیش دوای ئاواکردنی حکومەتی بە ناو خۆجەی کورد باروودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کەلتووری لە چ ئاستێکدایە هەرکەس دەزانێت. چەندە لە بواری ئیداری و سیاسی و بەڕێوەبەریدا داگیرکەران و وڵاتانی بیانی دەستیان داوەتە ناوی ئەوەش دەزانرێت، شاراوەش نییە و نمونەی دوایش لەشکەرکێشی سوپای تورکیا بوو کەوا بە ئاسانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان(PDK) بە ژێر ئاڵای هەرێمی باشووری کوردستان لە برایم خەلیلەوە ئاوەدیوی کوردستان کرا.

بەڵام ئەوە شێوازێکی کۆنی داگیرکاریە و ئەمە بووەتە نەریتێکی ڕەشی ڕۆژانەی حزبە سەردەستەکان. بەڵام شێوازێکیتری داگیرکاری لە ژێر ناوی شەڕی تایبەت بەڕێوە دەچێت و زۆرینەی کۆمەڵگا تەسلیمی بووە و سەری بۆ شۆڕ دەکرێت و هیچ کاردانەوەیەکی جدی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بە دیناکرێت و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

ئەو داگیرکاری لە ڕێگەی هونەری سینەما و بە فلیم و حەڵقەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ڕاستەخۆ ملیۆنان دۆلار لە داهاتی وڵات پێشکەشی دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتمان دەکرێت و بە ئاراستەکردنی دژە کەلتوورێک بە دوور لە پیوانەکانی کەلتوری کۆمەڵگای کوردی و بە شێوازی کۆمێدی لە گەورە بۆ بچووک بینەری دەبن و کۆمەڵگاش هیچ کاردانەوەیەکی نییە و لە ڕاستیدا کۆمەڵگا پیێ خەسێندراوە.

بەڵێ ئەو شەو لە ماڵی مام عبدولوەهاب ئەگەرچی لە دەوری سۆپای نەوتی و لایتی شەحن بە چیرۆکی ورچ و بە سەرهاتەکانی هاتینە لای یەک دیمەنێکی خۆش و دەگمەن بوو لەم ڕۆژگارەدا، بەڵام وێستگەی ورچ و تێکەلی سروشت بوون و یەکتر تەواوکردن لە سەر بنەمای پیوان پرەنسیبی سروشتێکی خاوین سەد قاد خۆشتر و دڵرفێنترە لە وێستگەی تاکسی تورکی وا لە ژێر ناوی کۆمیدی و پێکەنین گەورترین گاڵتاجاری و سوکایەتی بە تاکی کوردی دەکات، یان کۆڵانەکانی پشتەوەی پۆلیسە کورد کوژەکان وا لە باکوری کوردستان لە جزیرە، سلۆپی و سوری ئامەد و شارەکانیتر کەسانێک وەک تاهیر ئەلچی و ژن و منداڵی گەلەکەمان کۆمەڵکوژدەکەن، دەکرێن بە پاڵەوان و قارەمان و مرۆڤدۆست وئێمەش کات و ساتی ژیانمانی پێوە سەرقاڵ دەکەین. یان

شێوازێکی کۆنی داگیرکاریە و ئەمە بووەتە نەریتێکی ڕەشی ڕۆژانەی حزبە سەردەستەکان

لە کەسایەتی ژنی کورددا بێ ڕێزی و دەستدرێژی دەکات سەر بەهاکانی گەلەکەمان کەوا لە کەسایەتی گەلی کورد و ژن و دایکدا و شاری ئورفا، شاری پەیامبەرەکان و پیرۆزیەکانی گەلەکەمانیان کردووەتە ئامانج و بێ شەرمانترین بێڕێزی پێوە دەکرێت و گەلێکی پێ ریسوا دەکەن و کچە شۆفێری جەنراڵەکەی ئاتاتوورکی کورد کوژیش ڕۆڵی ژنی بە شەخسیات و ئەرێنێ دەبینی و کۆمەڵگای ئێمەش بێ ئاگا لەو پەیامەی سیاسی و تایبەتەی دوای دۆبلاژی لە لایەن یەکەمین کاناڵی ئەهلی بێ لایەنی کوردی بە هەردوو زاراوەی کورمانجی خوارین(سۆرانی) و کورمانجی سەروو بەرهەم هاتووە گوێ لێ دەگرین و پێی دەکەنین و منداڵ و گەنجی ڕۆڵی ئەکتەرە ڕەگەزپەرەستەکانی ئەم درامایە ئەبینین...!

ئایا ڕاگەیاندنی خۆماڵی و ئەهلی کوردی ئەمە بێ لایەنیەکەیەتی وا بەم شێوازە کۆمەڵگا دەخەنە بن پێی لەشکرکێشی داگیرکەران بە شێوازێکی نهێنی و

بێ زەخت و بێ پەلەقاژێ سەری ویژدان و ئەخلاقی تاک و کۆمەڵگای کوردەواری لێی ئەکەنەوە و وەک مریشکێکی سەر بڕاو بە دار ودیواری ز ئاوی وڵاتانی بیانیدا دەدەن. ئیتر ئەو تاک و کۆمەڵگایەی وا لەم بارودۆخە گەیشتووە ئاستێک کە گاڵتە و فشە بە جدیترین بوارەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکات و ئامادەیە بە ماڵ و منداڵەوە لە ئاودا بخنێکی بەڵام لەم وڵاتە نەمێنی!؟.

**ناتوانین بەرهەمی دەوڵەمەندی هونەری بەرهەم بهێنین و دەبێت ناچاری داگیرکەران و وڵاتانی بیانی بیین**

لێرەدا مرۆڤ ئەم پرسیارە بۆی بەرجستە دەبێت کە ئەگەر داگیرکار لە کوردستاندا لە ڕێگای برسی هێشتنەوە و بێکاری هەوڵی ئەوە دەدات کە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی تەسلیم بگرێت و تاکە ڕێگای گەیشتن بە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و پێشکەوتن و بە دەست هێنانی سەرەتاییترین مافەکانی ژیان لە مل شۆڕ کردن بۆ ئاسیمیلاسیۆن (توانەوە) و قەبوڵ کردنی کەلتوری سەردەستی دوژمنە کە وەک تاکە ڕێگا پێشکەشی دەکرێت و بەوەشەوە ڕۆحی وڵاتپارێزی و کوردایەتی وشک دەکەن و لە ئەگەری کاردانەوە ویژدانی و خۆراگری، ژینوساید و کۆمەڵکوژی و هەژاری و بێکاری دەرئەنجامی دەبێت، وەک ئەوەی لە باکووری وڵاتدا هەر ڕۆژ دەیبینین و ئەویشمان بۆ ئاسایی بووە و ئەنجامی کوردایەتی وەک باشوور دەبێت!. ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردی دوای هەواڵی ڕێکەوتن و ڕێنەکەوتنی حزبەکان و هەواڵی بە پەلەی مووچەی ئەم مانگە هات و نەهات و ...هتد بهێڵێت گەلی بێزارکراو ئاگادار ببنەوە.؟!



سەرئەنجامی ئەم بارەدۆخە وای لێهاتووە بڵێین بە پلان تواندنەوەی کۆمەڵگا کراوەتە ئامانج و لەم بارودۆخە هەمان سیاسەتی سەربڕین بە لۆکەی کۆماری ئیسلامیە و کۆمەڵکوژی و ئەنفالێکی شاراوەیە کە نە بە دەستی داگیرکەران بەڵکو بە دەستی خۆی دەکرێت و ڕاگەیاندنی کوردی بە زانا بوون یان نەزانی بووەتە سەربازی داگیرکاران و دوژمنانی گەلی کورد.

لێرەدا ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەو دامودەزگا ڕاگەیاندنانەی بە ناو سەربخۆی ئەهلی و حزبیانە دەکەم، ئەو کێبەڕکێیە وا لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی باشوری کوردستانە بۆ بڵاوکردنی ئەو فلیمە بیانیانە کە بە خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار و خەریکردنی نوخبەیەکی هونەری سینەما و دەرهێنەران بۆ وەرگێڕان کاری بۆ دەکەن. ئایا کوردستان بە مێژووی دوور و درێژی چەند هەزارساڵەی کە ئەگەر لە گوندی چەرموو بێت سەیری بکەین بە زیاتر لە 8000 ساڵ مێژوویەوە، یان ئەشکەوتی شانەدەری 65000 ساڵە، یان کوردستانی وڵاتی نوح و ئیبراهیمی پەیامبەر، یان تێکۆشانی گەلی کوردستان لە شۆڕشە یەک بە دوای یەکەکانی گەلەکەمان و دوایش ئەم شەڕە داسەپاوەی چەتەکانی داعش و قارەمانیەتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و... هتد، ناتوانین بەرهەمی دەوڵەمەندی هونەری لێی بەرهەم بهێنین و دەبێت ناچاری داگیرکەران و وڵاتانی بیانی بیین؟ یان لە ناو ئەم ماستەدا مویەک هەیە...! ئێوە و ویژدانتان، وڵامتان چییە؟!.

# چۆن پێکهاتەیەکی سیاسی لە باشور پێویستە ؟



نەجیبە قەرەداخی

نەریتی «هەڵکشان»ی دەستبژێر»نوخبە»یەک بەسەر پشتی گەل دا بۆ سەر «لوتکە»ی دەسەڵاتداری، نەریت، بەرهەم و ڕێبازی کاری پارتی سیاسی باوە، کارکردنی نهێنی یان ئاشکرا بێ لە پارتی سیاسی لەم مۆدێلەدا گەل هەمیشە وەک کەرەستەیەک دەبینێ، ئەم ڕێبازە لە زۆر ولاتی جیهان ئەگەر لە گۆڕینی نۆرمە کۆمەلایەتیەکان و گۆڕانکاری سیاسی دا کاری کردبێ ئەدی بۆ لە باشوری کوردستان ناتوانێ ئەو گۆڕانکاریە دروست بکات کە پێویستە و لە ئاستی خزمەتی گەل دا نیە و خۆی نوێ ناکاتەوە؟. بزوتنەوە یان پارتی سیاسی چەند لە کاتی هەلبژاردن دا بانگەشەی دەستکەوت، دیموکراسی و ئازادی دەکات. دواتر ناتوانێ بچوکترین پێویستیەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بەجێ بێنێ.

ئەوەی گومان هەڵنەگرێ کە بوونی ژمارەی زۆری پارتی سیاسی لە باشوری کوردستان نەک هەر کەمترین گوزارەیە لە فرەیی «پلۆرالیزم» کە ڕێبازی سەرەکی ململانێیی سیاسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە بەڵکو لێکچوو و درێژکراوەی ئەو گروپ و نوخبە دەسترۆیشتووەیە کە جڵەوی سیاسیەتیان کردووە لە دامەزراندنی یەکەمین پێکهاتە سیاسیەکانەوە لە باشور تا ئێستا و ئەو نوخبەیە لە پەیوەندیەکانیان دا هەمیشە بەپێی بەرژوەندی و سیاسەتی دەرەوە خۆیان ئاراستە کردووە و لەم شێوازەی سیاسەت دا هەمیشە گەل قوربانی بووە.

ئەم پارتە سیاسیانە لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندی عێراق دا چ لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و چ لە سەردەمی دوای ١٩٩١ و ڕوونتریش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە سیاسەتێکی هەمەلایەن و فرەڕەهەند و فرەکاردانەوەی پێشوەخت» proactive»یان نەبووە، بەهێندەی ئەوەی کە تەنیا سیاسەتێکی تاکلایەنە، تاک ڕەهەند و کاردانەوە « reactive»بووە، لەوەش دا هەمیشە ناوەندیان تاوانبار کردووە و خۆیان لە هەڵەکان دا نەبینیوە. ئەو پارتانەی لە دەسەلاتن لە ١٩٩١ ەوە و ئەوانی دیکەش لە عێراق پارتی ئەتنیکین و چ پرۆژەیەکی دیموکراتیزەکردنیان نەبووە و نیە و چاوەڕوانی کردن لێیان خەیالپەرستیە. ئەم پێکهاتەیە لە پارتی سیاسیش زیاتر بە کەڵکی هێزی نێونەتەوەیی و ناوچەکە هاتوون بۆ بونیان بە کارتی بەکارهێنان لە دژی بەرژوەندی گشتی گەلەکەیان.

ئەو پارتە سیاسیانە چ پارتی کوردی بێ یان هەر ئەتنیکیکی سەردەست بێ لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی تەسک و کورتبین ناتوانێ نەک هەر پرسەکان چارەسەر بکات، بەرنامەی پارتە سیاسیەکەی هەرچیەک بێ، چ جا چەمکی ئاینی ومەزهەنەبی لێ بار بکا کە ئەنجامەکەی قەیرانە قوڵەکەی ڕۆژهەلاتی ناوین و بە تایبەتی باشوری کوردستانە. تێبینی بکە،هەموو پارتەکانی دۆستی کورد لە عێراق دا خاوەن دیدی سونی یان شیعیین بە کەمترین پێوەری دیموکراسی. ئەمە بەو واتایە نایەت کە هێزی دیموکراتیخواز نیە لەعێراق دا بەڵکو پارتە نەریتیەکانی کورد هەمیشە بە دوای دۆست پەیدا کردن بوون بۆ نوخبەیەکی دەسەلاتدار نەک بۆ دۆستایەتی کردنی کورد و لایەنگریتی دیموکراسی، هۆکارەکەشی ئاسانە چونکە خودی خۆیان هەڵگری پلان و پرۆژەی دیموکراسی نەبوون.

ئەو پارتە سیاسیەکانە کەمتر بەرهەمی جەدەلێکی سیاسی و فکرین، لە سەدەی ٢٠ دا ئەوانەی هەوڵی خۆڕێکخستنکردنیان دا ڕووبەڕووی دەستوەردان و گۆڕینی ڕەوتەکانیان کرانەوە، لە لایەن هێزی نێونەتەوەیی و ناوچەییەوە، خۆشیان زیاتر مۆرکی هەرێمێکیان پێوە بووە، لە جێی گۆڕینی پێکهاتە خێڵەکیەکان و خستنە خزمەتی پرۆژەیەکی دیموکراتیەوە، دەسەڵاتی خێلیان وەک خۆی هێشتۆتەوە و و لە کاتی دەنگدان دا بەکاریان هێنان. نەک هەر لایەنگری شۆڕش و گۆڕانکاری ڕیشەیی نەبون لە ڕابردوو و ئێستادا بەڵکو لە

ژێر ناوی چاکسازی دا ساڵانێکە کۆمەڵگە لە دۆخی چاوەڕوانی دا دەهێڵنەوە.

**دەسەڵاتی خێلیان وەک خۆی هێشتۆتەوە و و لە کاتی دەنگدەدان دا بەکاریان هێنان**

سێ قۆناغی سەرەکی دابەش بکرێ. یەکەم قۆناغی دامەزراندنی ڕێکخراوی دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن چەندین کەسی ڕۆشەنبیر کە دواتر فراوان کرا بە بەشداری بەشەکانی تری کۆمەڵگە، دواتر حزبی هیوا دامەزرا. تا ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی جدی نەکراوە لە وردەکاریەکانی مێژووی نێوان هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیوا و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦. قۆناغی دووەم شکستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ و دەستپێکردنی ڕەوتێکی نوێ بەرەئاسا کە پێشتر لەنێو هەنگاوی پارتیەوە سەری هەڵدا و قۆناغی فرەحزبی بە دوای خۆی دا هێنا یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سۆسیالیست، پاسۆک و پارتی گەل دامەزرا و دوای ئەوەش جارێکی تر پارتی دەستی بە دامەزراندنەوەی خۆی کردەوە. لەو کاتەوە تا ئێستاش پارتی هەمیشە لە هەوڵی سەرکوتکردنی پارتەکانی دەرەوەی خۆیەتی بە زەبری هێز و تیرۆر بێ بێ یان بە ڕێبازی نەرم. هەردوو قۆناغ کاریگەری یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی لەسەر بوو. قۆناغی سێیەم لە دوای ساڵی ١٩٩١ سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵێ پارتی تری سیاسی بوو و هەوڵی خۆسازکردنی ڕەوتی نوێ درا بەڵام تەواوی ئەو پارتانە لە تەوەری هەوڵی دەستوەردانی پارتی بە سەرکوت یان توانەوە یان بڵاو پێکردن رزگاریان نەبوو بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ و دواتر قۆناغی گەڵاڵەبونی ئۆپۆزیسیۆنێک بوو لەسەر بنەمای هەڵکشاندنی ڕەوت ئیسلامیەکان و سەرهەلدانی هێزێک لە هەناوی نێو یەکێتیەوە و پاشان جیابونەوە و گەڵاڵە بوونی لە بزوتنەوەی گۆڕان دا.

دروستبوونی پارت و ڕەوتی جیاوازی سیاسی لە باشور دۆخی باشوری کوردستانی بەرەو باشتر نەبرد چونکە کاریگەری کاری سیاسی تاکلایەنە، تاک ڕەهەند و کاردانەوە « reactive» بوو و لەسەر بنەمایەکی بونیادنانی دیموکراتیانە و دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ نەبوو بۆ دۆخی باو. لەبەرئەوەی بنەمای دەسەڵاتداری و نەریتی باوی( یاسادانان، ڕاپەراندن و داد ) کە حکومەت، پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریە بە دەزگا نەبووە، بۆ ئەوەش هەر قسە کردنێک لە چاکسازی گفتوگۆی بێ ئەنجام و خولانەوەیە بە دەوری بازنەی بەتاڵ دا، شتێک کە نەبێ چاکسازی لە چێ دا بکرێ؟. ئەوەی هەیە تەنیا سکلێتێکە و ناوەرۆکی پوچ و بۆشە و پڕنەکراوەتەوە بە میکانیزمی دیموکراتیانە. کەس نیە نەزانێ ئەوەی بڕیار لە ناو پەرلەمانی هەرێمی باشوری کوردستان دا دەدات خودی پەرلەمان نیە بەڵکو نوخبەیەکی زۆر بچوکی ناو دوو پارتی دەسەڵاتدار» پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان»ە. لەم مۆدێلەی کاری سیاسی ئەوەندەی پارتی سیاسی ئیتر بازرگان و کۆمپانیایەکی پەترۆل، گاز و کەلوپەلە لەوە دەرچووە پارتێکی سیاسی بێ و پەیڕەو و پرۆگرامی بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی هەبێ. بۆ ئەوەشە کە گەل باوەڕی بە کاری سیاسی نەماوە، وەک « گەمەی چەپەڵ» و « درۆ کردن» دەیبینێ کە زۆر جار پسپۆرانی زانستی سیاسی لە باشور هەمان دەستەواژە « گەمەی سیاسی» بەکاردێنن بێ ئەوەی کە دەرئەنجامە خراپەکەی لێک بدەنەوە.

مۆدێلی پارتی سیاسی لە باشوری کوردستان لە ماوەی 22 ساڵ حوکمڕانی دا خراپترین مۆدێلی پارتی سیاسیە لە دوای پارتە دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی ڕۆژهەلاتی ناوین تەنانەت هیچ پێوەرێکی باوی سیاسەت ناتوانێ ئەم دۆخە لە کاری سیاسی بخوێنێتەوە. ئابوری هەرێم لەسەر داهاتی قۆرغکراوی پەترۆلە و سەرتاپای بە گەندەڵی گەمارۆدراوە. لە دوای ٢٠٠٩ وە دەرکەوت کە شەڕ و ملمڵانێیەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەستەڵاتیش وێرای گۆڕانکاریەکی زۆر کەم و ڕێژەیی، لە پێناوی دەستەلات و پلە و پۆست دایە.

ئۆپۆزیسیۆن گەر ویستبێتی جیاواز مامەلە لەگەڵ پرس و قەیرانەکان بکات بەلام بەهۆی دەرنەچوون لە بازنەی ئەو بیرکردنەوە کلاسیکە لە نێو کادێرەکانی نەیتوانیوە ئەو دۆخە باوە قەیراناویە تێپەڕێنێ. پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن خۆشیان نایشارنەوە کە

ئەوان لە پێناوی سازکردنی گۆڕنکاری دا ویستویانە بچنە دەستەلات بەڵام لە هیچ جێیەک دا نەبنراوە گۆڕانکاری بێ بوونی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو بکرێ، نەبینراوە کە لە کۆمەڵگەیەدا یان لە سیستەمی حکومڕانیەکەی دا بکری بێ بوونی ئایدۆلۆژیایەک بەڵام هەندێک لەوانە بەشانازیەوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان هەڵگری هیچ ئایدۆلۆژیایەک نین. کە ئەمە خۆی لە خۆی دا کێشەیەکی بونیادی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێ کە هەڵوەشانەوەی ئەو جۆرە بزوتنەوە و پارتانە تەنیا مەسەلەی کاتە. ئەوەی تا ئێستا هەیە لە بازنەیەکی کۆنەپەرست و دوواکەتوودا دەسوڕێتەوە.

لە ناو ئەم مۆدێلەدا گەل ڕەنگی نیە، هەشبێ لەسەردەمی شاخ دا بۆ سوتەمەنیە و، لە سەردەمی دەستەڵاتیش دا تەنیا بۆ دەنگدانە. ژنان، گەنجان، بەشەکانی تری کۆمەڵگە بەشێکن لە دیکۆری ڕازاندنەوەی پارتی سیاسی بۆ دانە قەبوڵ کردنی بە گەل. ئاین ئامرازە، کەی پێویستی پێ بێ دێنێتە سەر سەکۆی سیاسەت و وەک خراپترین کەرەسەی سیاسی کاری پێدەکات لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی لای دەدات. کاتێ کاری پێی نەبێ وەک ئەفیۆنی گەلانە لێکدانەوەی بۆ دەکا.

## پەرلەمان و دەسەلاتی دادوەریە بە دەزگا نەبووە

مۆدێلە کوردیەکەی بزوتنەوە و پارتی سیاسی لە باشوری کوردستان لەم مۆدێلە جیاواز نیە، بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان کاتێ ڕەخنە لە پارتە سیاسیەکان دەگیرێ تەنیا باس لە ناوەندێتی سەرۆکێک یان نەبونی شەفافیەت و گەندەلی دەکرێ. نابینرێ لە هەلویستی نزیکەی هەموو پارتە سیاسیەکان دا چ لە ئاینیەکان و چ لە گوایە «عیلمانیەکان « جیاوازیان لە سەر پرسە کۆمەڵایەتیەکان نیە، هەبێ تەنیا بە قسەیە. لە پرسی نایەکسانی ژێندەری، هەرچی هەیە لە فۆرمی کۆن و کلاسیک دایە کە هیچ وەڵامدەرەوەیەک نیە بۆ ئەو قەیرانە قوڵەی خێزانی کلاسیکی تێدایە. تا ئێستا ئەو پارتانەی شانسی خۆیان تاقی کردۆتەوە پێناسەیەکی نوێیان بۆ دیاردە و ڕوداوەکان نیە لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤایەتی بە گۆڕانکاری خێرا دا تێپەڕ دەبێ.

لە ساڵانی شەستەکانەوە بە دەسپێکردنی شەپۆلی نارەزاییەکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی گەنجان، دواتر سەرهەڵدانی شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم و بزوتنەوەی ژینگەپارێزی کاریگەری لە کاری سیاسی و پارتە سیاسیەکانی تەواوی جیهان کرد بەڵام پارتی سیاسی لە باشور مێشێک میوانی نەبوو. پێدەچێ لە لاوازی پەیوەندی و نەبوونی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی پێویست و کاریگەری پێکهاتەی کۆمەلایەتی و پرسەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین و کوردستان کاریگەری زۆری هەبوبێ بەڵام تەواوی ئەوانە پاساو نەبوون بۆ ئەوەی کە پارتی سیاسی خۆی لە نوێکردنەوەی دوورەپەرێز بگرێ. بەشێکی گەورەی کوردستان « باکوری کوردستان» دەبووە منداڵدانی بزوتنەوەی نوێی چەپ و ئەلتەرناتیڤ کە ئەمەش بێ بەری نەبوو لە پەلاماری پێکهاتە کۆنەپەرستەکانی کورد لە باشوری کوردستان باشترین نمونە کوشتنی دکتۆر شڤان «سەعید قرمزی تۆپراک»و هاوەڵەکانی، هەروەها لەناوچونی شەهید ئارام لە باشور، هەڵوەشانەوەی کۆمەلەی ژێ کاف و زۆر نمونەی تر، دواتر بە کەلکوەگرتن لە هەموو ئەو مێژووە تاڵە سەرهەڵدانی پەکەکە.

ئەوەی لێکۆڵینەوەی کردبێ بنەمای فکری و سیاسی دونیابینیان لەسەر قەبوڵ نەکردنی واقعی باوە. گۆڕانکاری و خۆنوێ کردنەوەیە سەرەتا لە خودی پارتەکەدا و پاشان کار بۆ پێشەنگی گۆڕانکاری. لەم مۆدێلەدا پارتی سیاسی دەست لە کۆمەڵگە وەرنادات بەڵکو پێوەرەکانی ئازادی لە پێشەنگانی دا بەرجەستە دەکات و دەیخاتە خزمەتی کۆمەڵگە و زەمینەی بەشداری و ڕیکخستن بۆ کۆمەڵگە دەکاتەوە، نەک زەمینەی دەستوەردان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە.
باشوری کوردستان پێویستی بە مۆدێلی پارتێکی سیاسیە کە هەڵپەی بۆ هەرچی زوو گەیشتن بە دەستەڵات و دەوڵەت نەبێ بەڵکو ڕوو لە کۆمەڵگە کاری ڕیکخستن کردن و دەرخستنی کۆمەڵگە لەو واقیعە دووبارەیەی کە نزیەکی سەدەیەکە تێدایە.

**ئەم مۆدێلەدا گەل ڕەنگی نیە، هەشبێ لەسەردەمی شاخ دا بۆ سوتەمەنیە و، لە سەردەمی دەستەلاتیش دا تەنیا بۆ دەنگدانە**

دەبێ گرنگترین میکانیزمای ڕەخنە و ڕەخنەدان بێ بێ ئەو میکانیزمایە هەرکەس بێت و خۆی بکاتە ناوەند ئەو دۆخەی لێدەکەوێتەوە کە ئێستا پارتی سیاسی بە دەست گروپ، تاقم و کوتلەوە دەنالێنێ چونکە ئەو میکانیزمایە تاکەکان لە خەوشی شەڕی دەستەلات و دەرهاویشتەکانی پاک دەکاتەوە و ململانێیەکان بە ڕێیەکی بەبەرهەم دا دەبات، بە بەرهەم بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و وەلاوەنانی هەندێ هەلپەرستی کە لەسەر حسابی گەل سیاسەت دەکەن. باشور پێویستی بە پێکهاتەگەلێکی سیاسی هەیە کە کەسایەتیەکانی لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی و ویژدانی و پشت ڕاست بە هێزی خود پەروەردە بکات. باشترین ڕێبازیش بۆ ئەو کارە پەروەردەیە. بە پەروەردەش زیندوو کردنەوەی ئەو یەکانەی کۆمەڵگەیە کە دەوڵەت بەهۆی ئەوەی کە نەکەوتۆتە خزمەتیەوە، پەراوێزی کردوون و گۆشەگیری کردن و، بە کێشەی لاوەکیەوە سەرقاڵی کردوون و هێزی دەستەلاتداری خۆی لەسەر بونیادناون.

فەلسەفەی کارکردنی ئەم جۆرە لە کاری سیاسی لەسەر بنەمای گەلە. گەل بەشێکی گرنگ و ستونی سەرەکی کارسی سیاسیە. کاری سیاسی بەشداری جەماوەرە لە میکانیزماکانی بریاردان دا. نەک بە نوێنەرایەتی هەڵبژێدراو بەتەنیا بەڵکو هەم مۆدێلی هەڵبژاردن و، هەم نوێنەرایەتی ڕاستەخۆ کێشەکانی چارەسەر دەکات. لە ململانێیە نەتەوەییەکان دا هەردوو مۆدێل لەناویەکدا کار دەکەن. هیچ کامیان لەسەر حسابی ئەوی دیکە نیە. لە پێناوی چارەسەری پرسی نەتەوەیی دا چارەسەری پرسە کۆمەڵاتیەکان پشتگوێ و دواناخرێ. بەڵکو هەردوو پرسەکە پێکەوە هاوتەریب لە ڕێی بزوتنەوەی سەربەخۆی ژنان دەخرێتە سەر ڕێی چارەسەری. لەم مۆدێلەی کاری سیاسی دا ژنان و گەنجان پێشەنگ و هێزی ستراتیژین. سەیرە کە هەندێ ڕۆشەنبیر دەڵێن ڕۆژئاڤا « ڕۆژئاوای کوردستان» لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دایە بێ ئەوەی کە ئاگادار بێ چەمکی «ڕزگاری نیشتمانی» زۆر دەمێکە لە فەرهەنگی سیاسی دا لە جیهان دا لە ژێر پرسیاردایە و، چەمکی ئازادی ژێندەری، دیموکراسی و ژینگەپارێزی جێی گرتۆتەوە کە ئێستا لە باکور و ڕۆژئاڤای کوردستان کاری پێدەکرێ.

مەترسیدارترین چەمکی کاری پارتێکی سیاسی هەڵپە و حازرخۆریە لە دەستکەوتی وەهمی بە تایبەتی ئەوەی کە لە زۆر پارتی سیاسی دا لە دوای دەستوەردانی ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی 2003 ڕووی دا، مەبەست لە دەستکەوتی وەهمی ئەو دەستکەوتانەیە کە گەرەنتی نەکراون و وا نیشانی گەل دەدرێ کە بەدەست هێنراون کە و بێ بەشداری گەل هەولی کارکردنی لەسەر دەدرێ لە لایەن نوخبەی سیاسی دەستەلاتدارەوە. هەروەها مل کەچکردن بۆ ئەو کەشە بە مادی کراوەی باشور و بێ باوەر بوونی گەل لە کاری سیاسی و، کردنەوەی ژیانی کۆمەلگە بۆ کاریگەری بەردەوامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی دەرەکی و داگیرکردنی کوردستان و هاوردە کردنی کەلتور و شێوە ژیانێک بە ڕێی میدیا و بەرهەم و کالای دەرەکی کە نامۆیە بە کۆمەڵگە، ئێستاشی لەگەل دا هەبێ هەندێ مۆدێل و شێوازی ژیان هەیە تەنیا بەشێکی زۆر کەمی کۆمەلگەی کوردی گرتۆتەوە کە نزیکن لە نوخبەی سیاسی سەردەستی کوردستانەوە ئەوانی دیکە کە زۆربەیان خەڵکی هەژار یان مامناوەند یان ئەوانەی لە گوندە و دەرەوەی سەنتەری شار دەژین نامۆن لەو ژیانە و ڕۆژانە دەرهاویشتە خراپەکانی کاریگەریان تێدەکا.

**فەلسەفەی کارکردنی ئەم جۆرە لە کاری سیاسی لەسەر بنەمای گەلە**

پارتی سیاسی بە خوێندنەوەیەکی نوێی سۆسیۆلۆژیانە دەکرێ ململانێیە چینی، ژێندەری، مەزهەبی،ئەتنیکی و هەلومەرجی بابەتی و خۆیی، دەست بۆ کێشەکان ببات و لە دەرەوەی کەشی بە مادی کراوی باشوری کورستان دا تەنانەت بە ژمارەیەکی کەم لە کادێرە پێشەنگەکانی تێکۆشانێکی گۆڕانکاری ڕیشەیی بکا. سیاسەت خۆی لە خۆی دا نەک بونە ئەندامێک پارتی سیاسی بەڵکو هونەری خولقاندنی زەمینەی بەئیرادەبونی گەلە و میکانیزما بەشداریە لە گوزارە لە خۆکردن و چارەسەری ڕاستەوخۆی پرسەکانە، دژبەری ئەوەش « سیاسەتی قڕێژ–گەمەی سیاسی بێ پرەنسیپانەیە لە سەر بنەمای هێز» کە دوورە پەرێزکردنی گەلە لە بەشداری و پێشێلکردنی تەنانەت ئەو یاسایانەیە کە خودی پارتە سیاسیەکان خۆیان لە پەرلەمان دا دایانڕشتووە، زەقترینیان هەر وەک ڕوداوی دوورخستنەوەی سەرۆکی پەرلەمان و چوار وەزیری گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەریم لەئەرکەکانیان بە بڕیاری نایاساییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**هێندەی موسڵمانێک چەند ڕووی لە کەعبەیە دەبێ ئەوەندە ڕووی لە گەل و پشتی لە دەستەڵات بێ**

بە بۆچونی من پارتێکی سیاسی خاوەن پارادایمی نوێ بیەوێ لەو زەمینەیەدا پێویستە کە هێندەی موسڵمانێک چەند ڕووی لە کەعبەیە دەبێ ئەوەندە ڕووی لە گەل و پشتی لە دەستەڵات بێ. لە کۆشکەکانی دەستەڵات دا جێێ مردنی خۆی ببینێ، خۆ دوورە پەرێزبگرێ لە هەلویستی هەڵپە و پۆپیلیزم و هەمیشە بە چاوی ڕەخنە لە خۆی و پارتەکەی بڕوانێ، سیاسەت لە ئاستی نوخبەدا بەرتەسک نەکاتەوە، کاری سیاسی بە بەشێک لە کاری گەل ببینێ، ئەوە نهێنی بەشێکی سەرکەوتنی کاری سیاسیە لە ڕۆژاڤا و باکوری کوردستان، گەل خاوەنی مەسەلەکەیە و پارتی سیاسی تەنیا ئامرازێکە. هەر پارتێکی سیاسی

بیەوێ ئەلتەرناتیڤی دیموکراتیانەی هەبێ دەبێ کەسانی پێشەنگ و سازمانکارەکانی هێندە باوەڕیان بە دۆزی دیموکراتیزەکردن و دەزگابونی دیموکراتی هەبێ کە ملکەچ نەکەن بۆ کڕینی ویژدانیان لە لایەن دەسەلاتدارانەوە، ئەوەی ئێمە ڕۆژانە لە هەموو بوارەکانی کاری سیاسی، میدیا و زۆر بواری تری دا دەیبینین.

چڕکردنەوەی چەند مەیدانێک گرنگە بۆ کاری بزوتنەوە، پارت یان پێکهاتەیەکی سیاسی کە خاوەن جیهانبینیەکی نوێ بێت، یەک لەوانە مەیدانی تێکۆشانی ژێندەر و ڕێکخستنکردنی گەنجان و گەلە بە گشتی لەسەر بنەمای چەمکی خۆبەڕێوەبەری یان لامەرکەزی»ناناوەندێتی» باشوری کوردستان پێویستی بە پێکهاتەیەک یان بەرەیەک یان پارتێکی سیاسی هەیە کە ڕێکخستنەکانی لەسەر بنەمای ئاسۆیی بێ نەک شاقولی واتە ئۆرگانەکانی پێشنیار و بڕیاردانی لەسەر ژێر بۆ ژوور بێ. بوارێکی دیکەش مەیدانی تێکۆشانی ژینگەیی و پەروەردەیە. هەروەها شیکردنەوەی جەسورانە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ڕەوتە ئیسلامیە سیاسیەکان دروستیان کردووە و لێکدانەوەی ئەو گێژاوەی کە دووچاری کۆمەڵگە کردوە و پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەوانەی کە لە ژێر ناوی پیرۆزییەکان دا ئاین دەکەنە پێپلیکانەی گەیشتن بە دەستەڵات.

تێکەڵ نەکردنی دوو پێوەری(خزمەتی گەل)و(ملدان بۆ لایەنە کۆنەپەرست و دۆگماکانی کۆمەڵگە) دوو پێوەری قەبوڵ و ڕەت کردنەوەن کە کارکردن بۆ پارتێکی کە بانگەشەی دیموکراتیزە کردنی سیستەم بکات. دوای ئەوە هەموو شکست، قەیران، کۆچبەری، برسێتی، نەبوونی و گەندەڵی و ناشەفافیە بێ شک و گومان پێویست بە پێکهاتەیەکی نوێی سیاسیە. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ وەک بەرەیەکیش پێکبێ لەو پێکهاتە سیاسیانەی کە باوەڕیان بە بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی لە باشور هەیە.

# دەوڵەت بۆکێ سازدەکەن؟!



کوردۆ شوانی

ئەگەر سەرپشک بکرێت لە نێوان هەڵبژاردنی سەربەخۆیی پەیوەس بون بە وڵاتێکی سەردەستەوە گومانی تێدانییە سەربەخۆیی هەڵدەبژێرێت،

بێ ئەوەی لە شێواز و سیستەمی دەسەڵاتداریەکەی پرسیارێک بکرێت، خواستی سەربەخۆیی نەک تەنها بۆ ئێمەی کورد کە تامەزرۆی دەوڵەتی کوردیین بەڵکو هەموگەلانی جیهان خواست وئارەزوی سەربەخۆییان هەیەو ئەوە سروشتی مرۆڤەو ناکرێت ئێمە بەدەربین لەوجیهانە، ئەو باگەرواندە مێژوییە کاریگەری لە سەر ناخی تاکی کورد کردووە، هاوکات سەرهەڵدان و بزاڤە سیاسی و شۆڕشگێڕیەکان هەمیشە ئەو خواست و خەونەیان بۆ کوردی ستەمدیدەو چەوساوە تۆخترکردەوە، بە شێوەیەک پێناسەی دەوڵەت کراوە کە لە گەڵ دروست بون و ڕاگەیاندنیدا ئیدی سەرجەم ئاریشەو نەهامەتیەکان چارەسەردەکرێت و دەگەین بەو بەهەشتەی خەونمان پێوە بینیوە.

هۆکاری سەرەکی شکست وسەرنەکەوتن وبەئامانج نەگەیشتنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد ناتەبایی وپەرتەوازەیی و نەبونی یەکڕیزی وهاوهەڵوێستی خودی کوردبووە لە بەرامبەر دوژمنەکانی، نەک هێزوتواناو سوپای زەبەلاح وتۆپ وتانک وفڕۆکە وچەکی کوشندەی یاساخ کراو، ئەگەر لەهەر زیان وشکستێک وانەیەک وئەزمونێکمان وەرگرتایە ئێستا دەبوو بە ئەزمونترین نەتەوەی دنیابوینایە، بەڵام لەڕاستیدا هەمیشە پێچەوانەکەی بەسەرماندا داسەپیوە هەرگیز خویندنەوەیەک شیکاریەک بۆ هۆکاری شکستەکان نەکراوە لەکاتێکدا وەک ڕۆژی روون کێماسیەکان لەبەرچاوبووە، ئەگەر چاوێک بە مێژوی شۆڕش وسەرهەڵدانەکاندا بگێڕین لە هەرکات وسەردەمێکدا بوبێت نەوەی دوای خۆی بەشێوەیەکی گشتگیریش نەبوبێت گلەیی وگازندەی لە شێوازی خەباتەکە کردووە ڕەخنەی ئاراستەکردووە، ئەوەی جێی سەرنج وتێڕامانە

شۆڕش و سەرهەڵدانەکان یەک لەدوای یەک هەمان ئەو هەڵانەیان دووبارەکردۆتەوە کە خۆیان ڕەخنەیان لێی گرتووە تائێستاش ئەو مژارە دووبارە دەکرێتەوە، سەدەی ڕابردوو زلهێزەکانی جیهان کاتێک نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان کێشابە هۆی ناتەبایی و پەرتەوازەیی خودی کوردەوە پێگەیەکیان بۆ ئەو نەتەوەیە بەڕەوانەبینی، سەرەڕای ئەوەش خاکەکەیان لە دوبەشی داگیرکراوەوە کرد بە چوابەش، هەڵبەتە لەپێش ئەودابەشکاری وداگیرکارییەشەوە کورد هەمیشە خەبات وتێکۆشانی کردووە لەپێناوپاراستنی وڵاتەکەیدا و لە پێناو ئازادی گەلەکەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا شکست وسەرکوتکردن هاوتەریب لێی جیانەبۆتەوە، هەمیشە خاڵی لاوازی سەرهەڵدانەکان ئەوە بووە یەکیتی وتەبایی هاوخەباتی لەبەرچاونەگیراوە.

**شۆڕش و سەرهەڵدانەکان یەک لەدوای یەک هەمان ئەو هەڵانەیان دووبارەکردۆتەوە کە خۆیان ڕەخنەیان لێی گرتووە**

ئێستاش لەدوای دیان ساڵ خەبات وتێکۆشان لەدوای دیان سەرهەڵدانی سەرکوتکراو هێشتا بە هەمان میتۆدی ڕابردوو کاردەکرێت بەهەمان ئاراستەی پڕلە کەندوکۆسپ کاروانەکە بەڕێ دەکرێت، بەڕاستی مایەی سەرسوڕمانە لەمێژوی دورونزیکدا چەندین نمونەی دیاروبەرچاوهەیە کەهێزولایەنە کوردیەکان دۆستایەتی وهاوپەیمانییان لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی هەرێمی وجیهانی کردووە لە پێناو ئامانجێکی دیاری کراو بەڵام جارێک لەجاران ئامادەنەبون دەستبەرداری بەرژەوەندیە تابەتەکانییان بن ولەگەڵ یەکتر کۆبنەوە وپەیمانی نەتەوەی ببەستن، نزیکەی چارەکەسەدەیەکە باشوری کوردستان نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەست هێناوە، دەکرا لەوماوەیەدا زۆردەسکەوتی نەتەوەیی بەدەست بخرایە لەسەروی هەموویانەوە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کە بەرژەوەندیە

ئاشکرایە کورد وەک مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهان هەژمار دەکرێت، خەونی سەربەخۆیی کوردستان یان نەتەوەخوازی زیاتر لە سێ سەدە بەرلە ئێستا لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەوە سەری هەڵداو لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی زیاتر ڕەنگی داوەتەوە و لە دووتوێ زۆربەی شاکاری کەڵە شاعیرو نوسەرانی کورد دا گەشەی کردووە، بێگومان نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تری ئەم جیهانە مافی خۆیەتی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، بەڵام پرسیاری

باڵاکانی نەتەوەی کوردی لەبەرچاوبگرتایە، ئەگەر لەسەرەتاوە ئەوکارە گرنگە ئەنجام بدرایە ئێستا هەل ومەرج ودەرفەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لەبارتر دەبوو، هەروەک ماوەیەکە باس وخواسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشوری کوردستان کراوە بە ڕۆژەڤ، پێشتر ئاماژەم بەوەکرد دروستبونی دەوڵەتی کوردستان خواست وهیوای هەموو کوردێکە بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی سەرجەم هێزولایەنەسیاسیەکانی گۆڕەپانی خەبات کۆک نیین لەوبوارەدا، تەنانەت نەک لە چواربەشەکەی کوردستان لە باشوری کوردستان کۆدەنگی بەدی ناکرێت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، جگەلەوەش ئەگەر ڕاگەیاندنی دەوڵەت تەنها چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لە خۆبگرێت وشاری کەرکوک فرامۆش بکرێت بێگومان کێشەی کورد بۆسەدان ساڵی تربەردەوام دەبێت، بۆیە قسەکردن لە سەردەوڵەتی سەربەخۆ بەم حاڵەی ئێستامانەوە بێ سودو بێ ئەنجامە ئەگەر پشتگیری چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهان و بەرژەوەندی خوازی هەرێمیشی هەبێت، پایەکانی دەوڵەت دەبێت لە ناخی سەرجەم گەلی کورد دا داکوترابێت نەک بە دەستی وڵاتانی زلهێزەوەبێت بەئارەزوی خۆیان وبەپێی بەرژەوەندییەکانیان هەڵیسوڕێنن، ئەگەردەوڵەتی کوردی ڕەگ وریشەی لەناودڵی گەلدا نەبێت ڕەشەبایەکی هەڕەشەی دەوروبەر هەرەسی پێدێنێت،

## شاری کەرکوکیش لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا جێدەگرێت

گرنگ ئەوەیە ئایا لە ڕابردوو تا ئێستا کورد خەبات و تێکۆشانی لە پێناوی چ جۆرە دەوڵەتێکدا کردوە؟ لە پێناوی کام شێوازی خۆبەڕێوەبردن وکام سەربەخۆییدا ڕوبارێ خوێنی ڕشتووە؟ ئەونەهامەتی و ماڵ وێرانییەی بەسەرگەلی کورد دا هاتووە لەپێناوی ئەوەی تەنها خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات وەک هەرگەل ونەتەوەیەکی تری سەر ئەم گۆی زەویە قوربانیدانێکە نمونەی کەمە، بێگومان بون بەخاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەون وخواستی هەموکەسێکە و کۆمەڵگای کوردی

بۆیە ئەگەردەتانەوێت دەوڵەتێک بۆ کورد ڕابگەیەنن دەبێت ڕەچاوی دووخاڵی سەرەکی بکەن.

## کوردستان لە گەڵ باکورو ڕۆژهەڵات وباشوری ڕۆژئاوای کوردستان ڕێکەوتنێکی نەتەوەیی دەستەبەربکرێت

یەکەم: پێویستە بەرلە هەمووشتێک سەرجەم لایەنەکانی باشوری کوردستان دەستبەرداری بەرژەوەندیە حزبی وتایبەتەکانیان بن وبەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتمانی ئامانجی سەرەکی بێت و ژیان و گوزەرانی هاولاتیان ئاسایی بکرێتەوەو ئاشتی کۆمەلایەتی جێگیر بکرێت، پاشان بە بەشداری لایەنە سیاسیەکان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسانی دڵسۆزورۆشنبیروئاکادیمیست لەسەرجەم چین وتوێژەکان کۆنگرەیەک ببسترێت، لەوکونگرەیەدا نەخشەڕێی ئایندەی کوردستان دەست نیشان بکرێت وخوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ ڕاگەیاندنی دەوەلەتی کوردستان بکرێت، لە هەمان کاتدا پەیمانی شەرەف واژوو بکرێت لە یەکڕیزی وتەبایی وهاوهەلوێستی وپارێزگاری کردن لە خاک و وڵاتی کوردستان دریغی نەکرێت.

دووەم: لەدوای دڵنیابون لەهاوخەباتی هێزولایەنەکانی باشوری کوردستان داوای هاوکاری وپشتگیری لە گەل ولایەنەسیاسیە کانی سێ بەشەکەی تر کوردستان بکرێت، بەهەمان شێوازی ئەوپەیمان وبەڵێن وهاوخەباتییەی باشوری

کوردستان لە گەڵ باکورو رۆژهەڵات وباشوری رۆژئاوای کوردستان رێکەوتنێکی نەتەوەیی دەستەبەربکرێت، جێبەجێ کردنی ئەودووخاڵە گەرنتی پاراستن وسەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستان دەبێت، بێگومان ئەگەر ئەوهاوهەڵوێستییە هەبێت لە کوردستاندا شاری کەرکوکیش لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا جێدەگرێت، ئەگەر لایەنەسیاسیەکانی کوردستان بڕیاربدەن پاڵپشتی یەکتربن گەل هەمیشە ئامادەیە بەخوێن وگیان وڵات بپارێزێت، لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە گەرنتی ئەوە بکرێت دەوڵەتێکی دیموکراتی و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان بێت نەک وەک ئەو دەوڵەتانەی دەیان ساڵ گەلی خۆیان سەرکوت کردووە، ئەگەربەردەوام مێژوو دووبارەبکەینەوە وبەپەرتەوازەیی بمێنینەوە ئەوا کورد نەک بەرەو بەدەوڵەت بوون بەڵکو بەرەو ماڵوێرانی زیاتر ئاراستە دەکرێت، هەرچەندە ئەوەی لە ئیستادا قسەی لەسەر دەکرێت سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی بە بڕوای زۆرێک لە چاودێران تەنها پەردەیەکی ڕەشە دەیانەوێت چڵ قەیرانەکەی باشوری کوردستانی پێداپۆشن، هەر وەها ئەوەی گاڵتەجاڕیەکی ئاشکرایە لەو باس و خواسەدا پشت بەستنە بە پشتیوانی تورکیا!! زۆر نالۆژیکیە و هیچ ئاوەزێکی ژنگرتوش پەسەندی ناکات دەوڵەتێکی فاشت و دڕندەو تاسەر ئێسقان دژەکورد پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بکات؟! لە کاتێکدا زیاتر لە دوو مانگە بە سوپایەکی زەبەلاحەوە بە هەمو جۆرە چەکێک خەڵکی سڤیلی باکوری کوردستان قەتڵ و عام دەکات، ئەوەش تەنها لە بەر ئەوەی داوای خۆبەڕێوەبەریەکی دیموکراتی دەکەن لە چوارچێوەی تورکیادا.

> ئێستاش وەک دڵسۆز و خەمخۆری دەوڵەتی کوردی خۆی نمایش دەکات

لە کۆتایدا تەنها ئەوە دەڵێم پێویست ناکات کەس خۆی بکات بە نەتەوەپەرستی عەیار بیست و چوار و ئەندازیاری دەوڵەتی کوردی، زۆر کەس هەیە تا ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس هەبو بەعسیەکی بەرزە عەیاروکاسەلیس بوو تابنکرەکەشی خوار، ئێستاش وەک دڵسۆز و خەمخۆری دەوڵەتی کوردی خۆی نمایش دەکات، هیچ کەسێک دژی سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و دیموکراسی نیە، بەڵام هەرێمێک لە دوای بیست و پێنج ساڵ دەسەڵاتداری بۆ هەر ساڵێک لە تەمەنی یەک ملیار دۆلار قەرزاربێت و لە دوای فرۆشتنی نەوت کە ڕۆژانە یەک ملوێن بەرمیل هەناردە دەکات کەچی موچەی پێنج مانگ فەرمانبەران قەرزاربێت و شارەزایان موژدەی ئەوەبەخەڵک بدەن کە لە ئەم ساڵدا حکومەت توانی پێدانی دوو موچەی هەبێت، بەڕاستی بەو حاڵەوە دەوڵەت بۆکی سازدەکەن؟!



# شەڕی چوارەمی جیهانی، چۆن دەبردرێتەوە، کورد و زاپیتیستەکان باجەکەی دەدەن



**پ. جۆن هالەویی**
لە ئینگلیزیەوە نیاز حامید

شانازیەکی گەورەیە و مایەی سەرسوڕمانێکی خۆشە بۆ من کە لە تەڤگەری ئازادی کوردەوە فێرم بم، پێموایە لە تەڤگەرێکی ئازادی بۆ کورد واوەترە، ئەرێ وانییە ؟ ئێمە لێرەین نەک بۆ ئەوەی کە بەتەنها لە کوردەوە فێربین، چونکە ئێمە بەشێکین لەوان، ئەوانیش بەشێکن لە ئێمە. ئێمە ئەوانەین کە هەمیشە لە ژێر هێرشدابووین و لە هەوڵی ئەوەداین بۆ دیتنەوەیەک بۆ دەرچوون لەم حاڵە. ئێمە لێرەین نەک تەنیا بۆ پشتیوانی ئەوان بەڵکو بۆ دۆزینەوەی هیوایە بە دنیاییەکی جیا لە پشت ئەو دنیایەی کە هەیە و کە پڕیەتی لە وێرانبوون ومردن، دواجاریش نەک بۆ ئەوەی لێرەین کە چۆن ئەوە دەکەین، یا ئەو دنیایە پێکدەهێنین. لێرەین ئەوەی کە دەڕۆین دەپرسین، دەپرسین و دەڕۆیین و فێردەبین کاتێ دەڕۆین، یەکتر ئامێزدەکەین دەڕۆین .

ئێمە رووبەڕووی هێرشێکی دژواردەبینەوە، بەجۆرێک دەڵێی ئەو شەوە تاریکە گزنگی بەیانی نادا. شەڕی چوارەمی جیهانییە وەک زاپاتیستەکان ناوی دەبەن، دەی ناو گرنگ نییە.

لە دوو رۆژی رابوردوودا، گوێمان لە جەنگی سەرمایەداری دژی مرۆڤایەتی دەبێت. ئایۆتۆزیناپا ئەو ناوەیە کە لە ناو گوێی ئەوانەی لە مەکسیک دەژین دەزرنگێتەوە. وێنەی زۆری ترسناک و تۆقینەر دەبینین لە هێرشی سەرمایەداری، گوانتانامۆ، نقومبوونی لانی کەمی «٣٠٠» کەس لە پەنابەران پێش چەند هەفتەیەک لە دەریای ناوەڕاست. کارە توقێنەرەکانی داعش کە پێدەچێت ئەم جەنگە زوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تەواو نەبێت و ئەو زیانانەی کە سیاسەتی سکهەڵگوشین لە ئابوری ئەوروپای دا بە تایبەتی لە یۆنان دەبینرێ. ئەو هێرشانەی لەسەر فیکری ڕەخنەیی لە زانکۆکانی جیهان بەرێوەدەچێ، هێواش و لەسەرخۆیە. تاکە سەمبۆلێکی توند و تیژی لە جیهان دا کە لۆرد و ئەفەندیە. شەڕی چوارەمی جیهانی، ئەم هێرشانە بە وشیارییەوە ناکرێت و لەژێر کۆنترۆڵدا نین بەڵکو هێرشێکی لۆژیکی تۆکمەیە خۆی نوێ دەکاتەوە بە پارە لە بەرامبەر مرۆڤەکان.

جەنگی چوارەمی جیهانی، قەیرانی سەرمایدارییە، پێدەچێت سەرمایەداری بێ ئومێدە لە مانەوەی دا، ئەم سیستەمە شەڕ بە هەر ئامرازێک و کەرەستەیەک دەکات بۆ گەرەنتی مانەوەی کە سیستەمێکی بێ مانایە هیچ مانایەکیشی نییە لە بەرهەمهێنانی کۆپی خۆی.

بەتەنها بوونی سەرمایە واتە دوژمنکاری کە هەموو ڕۆژێ پێمان دەڵێت: ‹پێویستە چالاکییەکانت بەشێوەیەک ڕکبخەیت کە ئەو چالاکییە تاک و تەنیایەش لە کۆمەڵگا چۆن بەشداری دەکەیت لە قازانجی سەرمایە. بە واتایەکی تر کار «ئەمەیە تیۆری کار بۆ بەها کە زۆر لەم رۆژانەدا بە عەیبە دادەنرێ. تیۆری کاری مارکس بۆ بەها (تیۆری کار و سەرمایە – وەرگێڕ)، گرنگییەکی زۆر هەیە کە بۆ سێ هۆکار دەیگەڕێنمەوە.

یەکەم: سەرمایە بەندە بە دزین یا بەزۆر بردن، چالاکی ڕۆژانەمان لە کارکردن (مارکس ناوی دەنێ کاری ڕووت یا ئەوپەڕی کارکردن)، دەکات بەمایە و قازانج کە لەدواجاردا دەبێتە سەرمایە. ئەمە لاوازی سەرمایە دەردەخا، چونکە پشت بە ئێمە دەبەستێت.

دووەم: پێمان دەڵێت ئەو بردن یا دەستبەسەرداگرتنە دەبێتە کارێکی گشتگیرکردن بۆ یەکخستنی لۆژیکی قازانج بۆ پاشکۆکانی سەرمایەدار. ئەمەش پێمان دەڵێت کە شۆڕش پێویستیەکە بۆ لێکترزانی ئەو گشتگیریەی دەستبەسەرداگرتن بۆ ناگشتگیری (ئۆتۆنۆمیزەکردن)، کە لە جیهانێکەوە بکرێتە چەند جیهانێک، هەروەک زاپاتیستەکان دەڵێن.

سێیەم: پێماندەڵێت پاش گۆڕینی چالاکییەکانمان قەوارەی یا چەندێتی نرخ و بەها بە چەندێتی کات بۆ کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی کاڵا دیاری دەکرێت، لەراستیدا لەوەدا چەندێتییەکە بۆ نرخ سەرکەوتوو نابێت.

لاوازی سەرمایەداریی نەک تەنیا لەوەدایە پشت بەوە دەبەستێ کە چالاکیەکانمان بکاتە کار، بەڵکو لەسەر چەند خێرا بە خێراتر کردنمان لە کارکردن

دەبەستێت، لاوازیی لە ناو هەناوی دایە بۆ قەیران.

تیۆری مارکس سەبارەت بە کار هاوارێکە لە ئازار و تورەیی لە هەمبەر ئەو دەستبەسەرداگرتنەی سەرمایەداری، ڕێگایەکیشە بۆ خۆڕێکخستن و هاوڕێکیشە بۆ هیوا کە پێمان دەڵێت ئەو سیستەمە کە وێرانمان دەکات پڕیەتی لە خاڵی لاواز بۆیە پشتیوانیمان لێبکەن (دیارە مەبەستی لەو ڕێکخستنەیە کە پێکدێت – وەرگێر.)

## کار بریتییە لە بەرهەمهێنانی بێمانا

ئەوەی گرنگە بیڵێم، ئەوەیە زۆرێک لەوانەی دوێنێ دەیانگوت کە مارکس کۆمەڵگای بۆ کارکردن هاندەدا، ڕاست نییە بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەگەر سەرمایەداریی(مەبەستی کتێبی سەرمایەداریی مارکس – وەرگێر) نەخوێندۆتەوە، تکایە بیخوێننەوە، خۆ ئەگەر پێشتریش خوێندوتەوە، تکایە جارێکی دیکە بیخوێننەوە، داوا لە هەمووتان دەکەم بەتایبەتی ئەناریشستەکان کە لە نێو ئێوەدان، بەتایبەتریش مارکسیستەکان، وەک دێڤید گاربەر، دێڤید هارڤی، خۆ ئەگەر ڕێگایەک هەیە دەنگم بگەیەنێتە زیندانی ئیمراڵی بە عەبدوڵلا ئۆج ئالانیش دەڵێم.

دوێنی دێڤید گارایێبر زۆرباشی گوت کە کار بریتییە لە بەرهەمهێنانی بێمانا، ئەمە دیارە پێش «١٥٠» ساڵ مارکس ئەوەی گوتووە، کارکردن وێرانکردن و نابووتکردنی مرۆڤایەتیی و ئەوانی دیکەیە لە ژیان!!.

سەرمایەداری خۆی دوژمنکارییە، قەیرانەکانی ئەوەندەی دیکە دوژمنکارییەکەی چڕکردۆتەوە، لە قەیرانی سەرمایەداریی ئێستا ناتوانێت هێشتا بەر بە سەپاندنی لۆژیکی قازانج بگرێت، کە لۆژیکێکی بێ مانایە، خێراکە و خێراکە و خێراکە لەسەر حسابی ژیانی مرۆڤ، ئێمە لەقەیرانی سەرمایەداریداین.

سیستەمی سەرمایەداریی دەیەوێت کێشەکان بەدوو ڕێگا چارەسەربکات، یەکەم لە ڕێگای بەکاربردنی فشار، کە زۆر توندوتیژی پێوەدیارە و پەراوێزکردنی هەر یەکێک کە لەبەردەم خواستەکانی دەبێتە ئاستەنگ. ئایۆتۆزیناپا کە «٥٠» گیراوی سیاسین لە ویلایەتی پۆپیلا کە من لێی دەژیم. دووەم ڕێگا، گەمەکردنێکی گەورە بۆ خۆوانیشاندان: ئەگەر نەتوانین ئێوە ئیستغلال بکەین کە پێویستمانە، لێگەڕێ با خۆ وانیشان بدەین کە دەتوانین قەرزەکانت بۆ زیاد و گەورە بکەین و پاشتریش چنینیەوەی سەرمایەکی زۆر، بەڵام قەیرانی «٢٠٠٨» بە ڕوونی سنوری گەمەکەی ئاشکراکرد. خۆوانیشاندان و بەکاربردنی هێز، گەورەترین توندوتیژییە، جەنگی چوارەمی جیهانییە دژی مرۆڤایەتی.

دەبێ ئەم جەنگە ببەینەوە، چونکە دۆڕان بەمانای لەناچوونی مرۆڤایەتییە. لە میانەی سەرکەوتن لەو جەنگە نەک لە ڕێگای ورژاندنی بانکییەکان و سیاسییەکان یا کۆلۆمنووسەکان، بەڵکو لە ڕێگای لێدانی دینامیکی پەیکەری وێرانکاری کە خۆی لە سەرمایەداری. ڕاگرتنی کەڵکەکردنی سەرمایە، ڕاگرتنی کارکردن، لێگەڕێن باشتێکی ماقوڵ بکەین، شتێکی سوود بەخش، لێگەڕێن با بناخە بۆ ڕێگا جیاجیاکانی ژیان دابنێین.

ستراتیژیەتی دەربازبوون لەسەرمایەداری لە ڕێگای کۆپیکردنی خۆی، ئەگەر لەسەر بناخەی توندوتیژی کەمتریش بێت، کار ناکات. بەڵام نیەتی باش ڕەنگە هەبێت و هەندێ ڕاستیش لەوەدا هەبێت، سەیری بۆلیڤیا بکە، سەیری فەنزویلا بکە، ئێستا سەیری یۆنان بکە، سەرمایەداری نەرم نییە. ئەوەتا لە یۆنان ڕۆژ دوای ڕۆژ ستراتیژییەکی واقعی بەرهەم دێت لەسەر کەلاوەی دەوڵەتێکی ناواقیعی.

لۆژیکی نییە ئەگەر بەوشێوەیە بیربکەینەوە دەوڵەت بەکاربێنین بۆ وەستاندنی سەرمایەداری، چونکە خودی دەوڵەت جۆرێکە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە شێوەیەی سەمایەداری. دەکرێت بە ڕێگای جیا بۆی بچین بە ئاراستەی جیا تا بتوانین بەسەریدا ڕەتبین، بەرپرسیارەتی ئێمەیە، بەرپرسیارەتییەکە ناماندرێتی هی خۆمانە، ناشکرێت بدرێتە سیاسییەکان، ناشبێت تەنیا بۆ تەڤگەری ئازادی کوردستان یان زاباتا بهێڵدرێتەوە. خەبات هی ئێمەیە، ئا ئەوەتە ئێمە لە هامبۆرگین، یا لە هەرشوێنیکدا بژیین، یا هەر شوێنێک بین تەنانەت مەرج نییە لەشوێنی لەدایکبوونمان، لە هەر جێگایەک بین، لە هەرشوێنێک لەدایکبووبین یا ژیابین، گرنگ نییە گرنگ لە هەر شوێنێک کە ئێستا تێداین.

ئێمە لەچەقداین، ئەوەتا پێکەوە دەستمان پێکردووە،

( no / 2 ) - 31 - 1 - 2016

لەگەڵ خۆمان ناکۆکین، پێکەوەش هەنگاو دەنێین و دەپرسین، دەڕۆیین و خەون دەبینین، ئێمە دەڕۆین و تۆڕێک دورستدەکەین، بناخەیەک بۆ پرۆژەیەک ئاوادەکەین کە لە ناوەوەی و دەرەوەیدا لەهەمبەر سەرمایەداریی بوەستێتەوە، لەهەمبەر چالاکییە گشتگیرییەکانی کە هیچ مانایەکی نی یە. ئەوە تەنها پرۆژە نییە بەڵکو بە پراکتیک کاری بۆ دەکەین، ئەو پرۆژە هەمیشە لەناو دڵی هەموو ئەو بزاڤانە بووە کە کاری دژی سەرمایەداریی کردووە.

بەمجۆرە چارەنوسی خۆمان دیاری دەکەین. لە جەنجاڵی و دژبەریەکی زۆردا ین، ئێمە بەرامبەر کێشەو گرفتی گەورەداین لەگەڵ جیهانێکدا کە پارە(سەرمایە) حوکمی دەکات. لە باری بەهاکانەوە تێناگەن کە ئەوە خۆسەرییە، بەڵکو بە پارچە پارچەکردنی دادەنێن. لە فۆرمەکەدا ڕەوتێک هەیە، خەباتی بۆ دەکرێت، ئێمە ئێستا لە دنیایەک دا دەژین کە هێشتا بوونی نییە، بەو هیوایەی کە بتوانین دایمەزرێنین بە ڕێگای ئەزمون کردنی. ئێمە لە دنیایەک دا دەژین کە توانەیەکی هەیە، ئێمە لە دۆخێکی مەرجدار دا دەژین نەک لە دۆخێکی دیار ولێبڕاودا.

## شۆڕشێکە کە هەر ئێستا و لێرە بیکەین بۆ پاککردنەوەی ئاسەوارەکانی دوای سەرمایەداریی

ئەمە شۆڕشێک نییە کە ئاییندە بیکەین لە دژی سەرمایەداری، بەڵکو شۆڕشێکە کە هەر ئێستا و لێرە بیکەین بۆ پاککردنەوەی ئاسەوارەکانی دوای سەرمایەداریی، ئێمە هەژموونی کات و کەشی سەرمایەداری دەشکێنین. بۆ زاباتا، چەمکی کەرامەت(شکۆ) چەمکێکی ناوەندیە. کەرامەت بە مانای خەباتکردنی هەموو ئەوانەی کە بۆ لەناوبردنی دونیایەکی بێ کەرامەتی بەرهەم دێنن. ئەمە ڕوونە و دیارە لە هۆنراوەکانی مارکۆس(ئالان گالیۆنا)، هۆنراوەیەک نیە بۆ جوانکاری، هۆنراوەی بۆ جوڵانەوە و خەبات نووسیوە، بۆ تەنها زابات نەنووسیوە بەڵکو بۆ هەموو ئەو ڕەخنەگرانە فیکریانەی کە بە فەلسەفەی مارکسدا گوزەردەکەن. بلوخ، ئەدرنۆ، بنجامین، مارکوز، ڤانگیم و ئەوانی دیکە ئەو هۆنراوانەیان کە لەو دوو ڕۆژەی رابوردوودا دەگوتەوە. ئەمە پرۆگرامێکی سەرنج ڕاکێشە، جوانی تێدایە، بناخەی ڕەوشتی تێدایە. ڕەوشت و سیاسەتی شۆرشگێڕانە بە دێرێک دەتوانیین بڵێین: ئەو جیهانەی کە دروستی دەکەین، دەبێ ئەوە بوونی هەبێت. ئایا ئەمە واقعییە لە کاتێکدا شەڕێکی گەورەی دوژمنکاری سەرمایەداری لەو کاتانەدا هەیە، ئەمە لە پرۆگرامێکی واقعییە بۆ ئەو جیهانەی دەخوازرێت بونیاد بنرێت؟ بەتەنیا ڕەوشت و ورژاندنی شاعیرانە نابێت، بەڵکو ئەگەر دەمانەوێت وەها جیهانێک بونیاد بنێین دەبێ ئەو شەڕە کە شەڕی چوارەمی جیهانییە، کە جیهانێکە بێ سەرمایەداریی، بکەین.

دەزانین کە پرۆگرامی یەکەم (سەرمایەداریی – وەرگێڕ) کارناکات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە نازانین پرۆگرامی دووەم (دوای سەرمایەداری – وەرگێڕ) کارناکات. دەزانین پرۆگرامی دووەم یا سیستەمی دووەم بێ دژبەری و ناکۆکی نییە، سیستەمی پاک و بێگەرد نییە، جیاوازییەکان زۆرن، ئەمەش لە هەموو جیهاندا بوونی هەیە کە ئێستا و پێشتریش ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە سەرمایەداریی وردخاشی کردوون، ئێستا ئێمە ئەو جیاوازیانە باسدەکەین، نمونەیەکی بچووک، ئەو دەنگە تێکەڵانە کە لەو سێ ڕۆژەدا بوونی هەیە، جیاوازییەکان بوونیان هەیە، کە هیوادارم نمونەیەکی گرنگ بێت. لێرەدا مۆدێلێک نی یە، یاساگەلێک نیە کە دەبێ چۆن بێ، بەڵام هەندێ نمونەی بەرچاو هەن، نمونەگەلێکن کە تاریکی ڕووناک دەکەنەوە، ئاسمانمان دەخاتەدەست، ئەو نمونانە کە بەهێز و بە جوانیان سەرسامان دەکەن. خەباتی زاباتا یەکێ لە نمونەکانە، خەباتی کوردانیش لەگەڵ هەموو ئەو جوانییە بەهادارە دەبیستین نمونەیەکی دیکەیە، کە پێشتر شتی دیکەمان بیستبوو.

جۆن هالەویی ماموستا بەشی کۆمەڵناسی لە پەیمانگای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی Humanidades لە Benem□rita Universidad Aut□noma de Puebla ، و ماموستای شانازی سردانیکاری زانکۆی ڕۆدسی باشوری ئەفەریقایە. بڵاوکراوەکانی بەشێوەیەکی فراوان لەسەر فەلسەفەی مارکسیە، لەسەر بزاڤی زاباتیستیا و هەموو شێوە تازەکانی خەبات دژی سەرمایەدارییە. کتێبی گۆڕینی جیهان بێ گەیشتن بە دەسەڵات ( پلۆتۆ، لەندەن، ٢٠٠٢ ، چاپی نوێ ٢٠١٠)، و کتێبی درز کەوتنە سەرمایەداری(Crack Capitalism) پلوتۆ ، لندن، ٢٠١٠، کە گفتوگۆی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا و بۆ دە زمان وەرگێڕدرا.

# ئیکۆلۆژی و یەکسانی ڕەگەزی کۆمەڵگا و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی



جانێت بێهیڵ
لەتورکییەوە ڕێبوار هەمەوەندی

لە ساڵی ١٩٩٠دا عەبدوڵلا ئۆج ئالان بۆ وەرچەرخانی سیستەمێکی نوێی ناو کۆمەڵگا دەستی کرد بە دوورکەوتنەوە لەو ئایدۆلۆژیایەی کە مارکسیزم و لینینیزمی بە بنەما گرتبوو، بیردۆزییەکی نوێی بۆخۆی کرد بە ڕێچکە، بەشێکی گرنگی هزرە نوێیەکەی عەبدوڵلا ئۆج ئالان لە بیرۆکەی (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی) مورای بوکچین «Murray Bookchin»ەوە سەرچاوەی دەگرت و ئەمەش پەنا دەباتە بەر چەمکەکانی خۆسەری دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی ئیکۆلۆژی کە بەرگری لە یەکسانی ڕەگەزی «ژێندەر» ناو کۆمەڵگا دەکات، کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لە هەموو بوارێکی کۆمەڵگادا بەردەوام شۆڕشێکی کۆمەلایەتی بەرپادەکات و هەوڵێکە بۆ بونیادنانی پێگەیەکی ڕێکخراوەیی کۆمەڵگا. کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتی لە ساڵی ٢٠٠٥وە هەوڵدەدات کە لە چوارچێوەی سیاسەت و یەکسانی و خۆسەری کولتوری و ئابوری و ئیکۆلۆژی و دیبلۆماسیی دا خۆسەری دیموکراسی بخاتە بواری ژیانەوە، بۆ کورد کە بەسەر وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئەرمەنیستان و ئێراندا دابەشبووە تەنها و تەنها دەتوانن بە ڕێکخستنی خۆیی و بە پێکهێنانی ڕێکخراوە بەڕێوبەرایەتییە خۆجێیەکان و لەهەمان کاتدا ئەگەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداری بکەن ئەوە دەتوانرێت چەمک و بیرۆکەی دەوڵەتگەرایی ووردوخاش بکرێت، ئەمەش بۆ گەلی کورد شتێکی زۆر گرنگە، ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتی خاوەن هەمان هێزی هەرێمی دەوڵەتین و ئەندامەکانیشیان لەهەمبەر ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵگەی یەکگرتوودا بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت دەکەن، هێزی هەرێمی خۆجێی دەوڵەت بەرپرسیارە لەوەی کە دەستی خۆی بگەیەنێتە سەرچاوە داراییەکان و دەبێت ئەو داهاتانەش بۆ خەرجی قوتابخانە و فێرگە و جێی حەوانەوەی خوێندکاران و خزمەتگوزاری تری لەم شێوانە بەکار بهێنێت، لەناو خاکی تورکیادا ئەم شێوازی خزمەتگوزارییە لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی گەورەی ئامەد بەرجەستە کراوە و دەتوانرێت بووترێت کە ئەمە شارەکانی وان و گەڤەر و جۆلەمێرگ و دێرسیم و ناوچەی سووری ئامەدیشی گرتۆتەوە، ئایدۆلۆژیای پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە ئانتی کەپیتالیزمە و لەلایەکی تر ئەنجومەنە هەرێمیەکانیشیان بیرۆکەی (فرە ئابوری) تاقیدەکەنەوە کە ئەم بیرۆکەیە خاوەنەکانیان (میشێل ئالبێرت و ڕۆبین هاهنێل)ن.

سیستەمی خۆسەری و پێشکەوتن و یەکسانی و ڕاپرسی هەمەجۆرە و بونیادنانەوە بۆ زۆر گوندی ئازادکراوی کوردنیشین ئێستا بووە بە بناغەی کار و جێبەجێکردنی سەرەکی ئەنجومەنەکانیان، هەوڵدان بۆ پاراستنی چینایەتی و ئاینە جیاوازەکان تەنها و تەنها بۆ کوردە موسڵمانەکان نییە لەهەمانکاتدا بۆ پاراستنی زەردەشتی، ئەرمەنی، ئازەریەکان و و کەمە نەتەوەکانی تریش هەمان بەرنامە ڕەچاودەکرێت، ئەم گروپە جیاوازانە لەناو ئەنجومەنەکاندا پێگەیان هەیە و مافی هەمووشیان پارێزراوە.

ئەو مرۆڤانەی لەناو جوگرافیای کوردستاندا دەژین نەک تەنها ڕووبەڕووی هێرشی دەوڵەتەکان بوونەتەوە وەک ئێستای تورکیا کە هێرشبەرە بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی هێرشی ئیسلامیەکانیش بونەتەوە، بەڵێ لە ڕەوشێکی وەک ئێستادا ئەم مرۆڤانە چۆنیەتی مۆدێلی ژیانێکی دیموکراسی نوێ تاقیدەکەنەوە، ئەو تێکۆشانەی بۆ ئازادی دەیبەن بەڕێوە تەنها لەژێر سێبەری توانستەکانی خۆیان ئەنجامی دەدەن. «مورای بوکچین» لەبارەی ئیکۆلۆژی کۆمەڵگا و بونیادنانی خۆسەری دیموکراتییەوە کتێب و وتارگەلێکی زۆری نووسیوە، ڕێزدار (جانێت بێیهل) چەندین ساڵ لەگەڵ بووکچیندا کاریکردووە، لە دەمێکی کەمدا ناوبراو یاداشتەکانی خۆی لە دووتۆی کتێبێک بەناوی (کارەساتی ئیکۆلۆژی) بلاوکردەوە، ماوەیەک بەر لە ئێستا سەردانی وەلاتی بەریتانیامان کرد و چاوپێکەتنمان لەگەڵ «جانێت بێیهل» سازدا.

پرییتی کاوور:ئەگەر مورای بوکچین بیبینیایە ئێستا لە کوردستان بیروبۆچوون و تێزەکانی خراونەتە بواری پراکتیکەوە و ئەزمونەکانیشی ببینیایە هەستی بەچی دەکرد؟.

جانێت بێهل: ئەگەر ببینیایە کە ئەم مرۆڤگەلە لەو جوگرافییەدا کە چۆن پەیویست بوونە بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی و ڕەنجیشیان بۆ

## ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتی خاوەن هەمان هێزی هەرێمی دەوڵەتین

بەدیهێنانی ئەمە داوە دڵنیان کە زۆر بەختەوەر دەبوو، بەڕای من هەوڵیدەدا کە شۆڕشی ڕۆژاڤا بەشەڕی ناوخۆی ١٩٣٠ی ئیسپانیاوە گرێبدات، ئەوەی زیاتر کە هۆکار بوو بۆ ئەوەی «موررای بوکچین» گرێبدات بە سیستەمی دژبەری دەسەڵات ئەو چالاکیانە بوو کە شۆڕشگێرەکانی ئیسپانیا لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ئەنجامیان دەدا؛ ئەمەش کاریگەرییەکی زۆریان بەسەریدا دروست کردبوو، بەڕای من شۆڕشی ئیسپانیا قۆناخی وەرچەرخانی ژیانی ئەوبوو، بێگومان ئەو ڕووداوانەی لەکاتی شۆڕشی ئازادی ئیسپانیا هاتبووە ئاراوە و ئێستاش لە ڕۆژئاوای کوردستان دێنە ئاراوە بەیەکەوە دەبەستەوە کە پێم وایە شۆڕشی ڕۆژئاوا بە ئازادی کوردان تەواو دەبێت، بەلای منەوە ئەم ڕەوشە زۆر سەرنج ڕاکێشە چونکە ماوەیەک لەمەوبەر چەند جارێک چووبووم بۆ کوردستان، بەرپرسیارانی ئەوێ بەردەوام گۆڕانکاریەکانی ئەوێیان دەهێنایە زمان و هەر لەوێشدا چاوم کەوت بە کۆمەڵە کەسێک کە ئەندامی بەڕێوبەرایەتی و ئەنجومەنی ئەوێ بوون، ئەوەی مایەی سەرنجی من بوو ئەوەبوو کە پێشوتر من هیچ سیستەمی هزری کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی مورای بووکچینم لە چوارچێوەی ژیانکردن و پراکتیکدا نەبینیبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تێزەکانی سەر کاغەز خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی من کەسێکم بە وریایی و وردبینانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان دەکەم لەگەڵ ئەمەشدا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم لەو شوێنانەی کە سیستەمی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی لە کوردستان بەرجەستە کراون بەشێوەیەکی نیمچەیی لەگەڵ تێزەکان و بیربۆچونەکانی موررای بوکچین یەکدەگرنەوە، ئەوەش دەزانم کە ئایدۆلۆژیا میکانیزمێکی زۆر گرنگە، لەم بارەیەوە دەتوانین ببین بە گوێبیستی کەسانێکی زۆری جیاواز کە ئەم ڕاستیانە دەردەبڕن، بەڕای من ئەوانەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە ناوەڕۆکی میکانیزمی ئەم سیستەمە حاڵی بوونە کە بەشێوەیەکی ئاکتیف و ئازادانە بەشداری تێدا دەکەن دەبێتە مایەی ئەوەی کە بتوانێت درێژە بە ژیانی ئازادی خۆی بدات، سەرەڕای ئەم بۆچونەشم لەڕاستیدا مەراقی چۆنییەتی ژیانی ئەو کەسانە دەکەم و دەمەوێت بزانم کە هەموویان لەم بارەیەوە هەست بەچی دەکەن چونکە تاکو ئێستا بەتەواوی گوێم بۆ بۆچوون و هەستی ئەوان نەگرتووە، مەراقی ئەوەم لەلا گەڵاڵە بووە ئەگەر مورای بوکچین لە ژیاندا بوایە ئێستا چی دەگوت، هەمیشە مورای بوکچین قسەیەکی مارکسی دەگوتەوە کە وتبووی (من مارکسی نیم) هەربۆیە ئەویش بەردەوام دەیگوت (من بوکچینیزم نیم لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایەی ئایدۆلۆژیا بە باش و خراپیەوە دروستی دەکات بۆ بەرگریکردن لەخۆی لەوانەیە هەمووشتێکی ڕەوا و ئامادە بۆخۆی بخوڵقێنێت).

پرییتی کاوور: ئێوە لاتان وایە ئارەزوو بوون لە خاوەنداریتی ئایدۆلۆژیایەک لەوانەیە چوارچێوەی چالاکی پێکبهێنێت لەهەمان کاتیشدا لاتان وایە لەبەر هۆکاری ئەوەی کە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیا لە نوێبونەوەدایە لەوانەیە ڕەوشێکی لەو شێوازە ئاڵۆزییە بهێنێتە ئاراوە؟.

جانێت بێهل: بەڵێ، دەتوانم زۆر بەدڵنیاییەوە بڵێم ئایدۆلۆژیا زۆر گرنگە، بەڵام لەوانەشە کێشەکانی گەورە ببنەوە و دەمەکەشی وەک چەقۆیەکی دەمتیژی لێبێت.

پرییتی کاوور: هەمیشە مورای بوکچین وتویەتی (هیچ شتێک شوێنی وشیاری ناگرێتەوە) بەڕای ئێوە پەیوەندی نێوان ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن نەوەکانی ڕابردوو و بەدرێژایی شۆڕش پەرەیان پێداوە و ئەوان و ئەم ئایدۆلۆژیایەی کە دەرەنجامی شۆڕش و ئەزموونەوە بەدەست هێنراوە جیاوازییان چییە؟.

جانێت بێهل: هەمیشە مارکسیزمەکان وتویانە لە ئاکامی موتڵەقی مێژووی ماتریالیزم و ماتریالیزمی دیالێکت دەتوانرێت شۆڕش سەرکەوتن بەدەست بێنێ، نەوەی ڕابردوو پێیان وابوو کە لە دونیادا لە نێوان بورژوازیەت و پرۆلیتادا بەرخودانێکی ئەفسوناوی هاتۆتە ئاراوە، هەربۆیە لە ئەورووپا کۆمەڵە کەسانێک کە ئەندامی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ بوون ئەو تاکە شتەی کە باوەڕیان پێبووە بیکەن پاشەکشەکردن و چاوەڕوانیکردن بووە چونکە بەگوێرەی ئەوان بەشێوەیەکی دڵنیا و موتڵەق پێیان وابووە کە شۆڕش سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت

بەڵام لەئاکامدا بۆیان دەرکەوت ئەمە ڕاست نییە و چاوەڕوانی و پاشەکشەکەیان هەڵە بووە.لەلایەکی ترەوە ئێمەمانان و خەڵکانێکی تری زۆر ڕاهاتووین لەگەڵ ئەو شۆڕشە تەکنۆلۆژیایەی کە پێویست بە زانست ناکات بەڵام تۆڕی ئینتەرنێت ئەو ڕێگایانەی گۆڕی کە مرۆڤ هەڵبژاردبوون، هەربۆیە بە ناچاری ڕێگایەکی تری جیاوازی کۆمەڵگا پێشخرا، زانست لە دەرەوەی گۆڕانکارییەکانی تەکنۆلۆژیا پێداویستییەکی بنەڕەتی و پێویستییەکی بنەڕەتییە، بەڕای من ئەگەر زانست تێکەڵ بە هزری تری جیاواز بکرێت دەبێتە میکانیزمێکی بەهێز، ئەگەر لامان وابێت هزرەکانی تری جیاواز کاریگەری خراپ لەسەر ئایدۆلۆژیا دەکات و ئایدۆلۆژیای پێ هەرەس دێنێت خۆ ئامادەکردن و بەرگری کردن لەم جۆرە هزرە جیاوازانە کارێکی هەڵەیە، بەڕای من نابێت لامان وابێت کە ئایدۆلۆژیا بابەتێکی دڵ ناسکە، ئەگەر لاتان وایە ئایدۆلۆژێکەتان ڕاست و دروستە کەواتە دەبێت لە هەموولایەک و جێیەک گەنگەشەی بکەیت و پێویستە لە هزر و بیروبۆچونەکانی تری جیاواز نەترسیت و خەفەیان نەکەیت، ئەگەر لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ نمونە کەسێک دەیەوێت پەرتوکێک بنوسێت لەمەڕ باشی سیستەمی کاپیتالیزم پێم وایە نابێت ڕێگری لێبکرێت و دەبێت وازی لێبێنیت تاکو بیرو بۆچونەکانی خۆی دەرببڕێ، پاشانیش دەتوانرێت هەموو بەیەکەوە مەسەلەکان تاوتوێ بکەن، ئەگەر بیربۆچوونە جیاوازەکان ڕەد بکرێتەوە ئەوا ڕوبەڕووی کاردانەوەی پێچەوانە دەبن، دواجار کە چووم بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پەرتوکی خوێندنی منداڵانیان نیشانمدا، لەوانەیەکی پەرتوکەکە نوسرابوو (ئێرە نیشتیمانی ئێمەیە، شوێنی وارگەی ئێمەیە، دەبێت بەخشندە بین و دەبێت هەموو شتێکمان گشتی بێت، ئێمە درێژە بە ژیانێکی هاوبەش دەدەین، دەبێت ڕێز لە ژن و ژینگە بگیرێت، هەموو ئەمانە بۆ ئێمە گرنگن)، ئەمە گرنگەو بەچاوی خۆم بینیم کە چۆن بەها بەنرخەکانی کۆمەڵگا فێری منداڵان دەکەن، پیاوێک لەلام دانیشتبوو بەرپرسێکی ڕۆژاڤا بوو پێی وتم (لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ئەم چەشنە کتێبانە گەورە بوومە و ئەم جۆرە کتێبانە هەر یەک لە من و هاوڕێکانمی کرد بە شۆڕشگێڕ) دەتوانرێت ئەو کاریگەرییەی لە ڕوسیا بەسەر ئەو پیاوە هاتووە بەهەمان شێوە لە ڕۆژئاواش بخوڵقێنرێت، ئەگەر هزر و بیروبۆچونەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەرببڕێ ئەوا ئەو منداڵانەی لەگەڵ ئەم کتێبانە گەورە دەبن دەبنە هاوکارییەکی باشی ڕیشەیی پەرەسەندنی ئەم کولتورە، لەئاکامی هەموو ئەمانەدا دەبێت لە ڕۆژئاوا کەموکوڕی و باشیەکانیش هەڵسەنگێنرێت و ئەوکاتە بۆیان دەردەکەوێت ئابورییەکی بە ڕەوشت لە ئابوریە گشتیەکە باشترە.

## ڕەوشێکی وەک ئێستادا ئەم مرۆڤانە چۆنیەتی مۆدێلی ژیانێکی دیموکراسی نوێ تاقیدەکەنەوە

پرییتی کاوور: ئایا لەبارەی ئەو بواری دادوەرییەی وەک کارێکی هاوبەش کە لە هەندێک هەرێمی جیاوازی کوردستان گەشەی کردووە چی دەڵێیت؟ لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوی (تاتۆرت) ەوە نوسراوێک بەناوی «لە باکوری کوردستان خۆسەری دیموکراتی» کە ئێوەش لە ئەڵمانییەوە وەرتانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم نوسراوە خراوەتە دووتوێ پەرتوکێکەوە و باس لە بزووتنەوە و ئەنجومەنی دەستبەکار و ئازادی ڕەگەز «ژێندەر»ی کۆمەڵگا و ئیکۆلۆژی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەم پەرتوکە بووە بە سەرچاوەیەک بۆ میکانیزمی داد لەهەمبەر توند و تیژی ناوخۆ کە لەهەمانکاتدا کار و خەباتێکە بۆ بەدەستخستنی بواری یەکسانی ژنان و لەلایەکی تریشەوە ئەم پەرتوکە باس لەوە دەکات کە لەو حاڵەتەی ئەو گۆڕانکارییەی لە ئاکامی ئەو میکانیزمەی دادوەرییە نوێیە، کە ڕێ لە پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی دەگرێ و زیاتر گرنگی بەیەکسانی ڕەگەزی ناو کۆمەڵگا دەدات لەوانەیە نارەحەتی بخوڵقێنێت، لەم کتێبەدا بە ڕوون و ئاشکرا باس لەوە دەکات کە لە هەندێک نەتەوەدا زۆر هەستیارن لەمەڕ توندوتیژی هەمبەر بە ژنان و ئەم گروپانە لەهەمبەر بابەتەکانی فێمینیزم و یەکسانی ڕەگەزی ناو کۆمەڵگا بە بەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن و لەئاکامی زیادبوونی ڕێژەی خاوەن ئەو هەستیارێتییەدا ئەوانەی لە هەمبەر ژنان دژواری پێکدەهێنن تادێت لەناو کۆمەڵگادا لەبەرئەوەی خێزان بە چەمکێکی پیرۆز دەبینن دەبینرێت کە درێژە پێدان بە زۆرە ملێیی بە زۆر بە شودانی کچان و دژواری لەهەمبەریان بەردەوامە، لەمەڕ چارەسەری و ڕێگرتن لەم جۆرە ڕفتار و کردارانە چۆن بیر لە بواری چارەسەرییەکانی



دەکەیتەوە؟ ئایا کاریگەری داد و یەکسانی ڕەگەز»ژێندەر»ی کۆمەڵگا لەم هەرێمە چۆن دەبینی؟.

جانێت بێیهل: لە ڕۆژاڤا ئەو گروپەی کە ناویان لێناوە ئاشتی و دادی فرە نەتەوەیی، دەیانەوێت ئەو نارەحەتیانە بنبڕبکەن و بەڕای من زۆر بەباشی کارەکانیان دەبەن بەڕێوە، ئەو ڕێکخراوە پێشەوایانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە سازکراون لەئاکامی هەموو ئەمانەدا لە کۆڵان و گەڕەکەکانی خۆیان بەبێ ئەوەی پەنا بۆ دادگاکانی تورک بەرن دەتوانن لەنێوان خۆیاندا مەسەلەکانیان چارەسەر بکەن، بەڕای من ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر جێی بایەخە،ئەو مرۆڤانەی لەوێ دەژین هەست بەوە دەکەن کە ڕەزامەندیان لەهەمبەر توندوتیژی ناو خێزان و پیاوسالاری نیشانداوە، لەو بارەیەوە بەشێوەیەکی ستونی خەبات پێشناکەوێت بەڵام ئیتر بە ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕێ کە چیتر توندوتیژی و پیاوسالاری قەبوڵ ناکرێت، لەکۆندا لەم بارەیەوە ڕاستەوخۆ ژنان تاوانبار دەکران، ئەگەر ژنێک ڕوبەڕووی دەستدرێژی سێکسی ببوایەتەوە ڕاستەوخۆ هەمان ئەو ژنەیان بە تاوانبار لەقەڵەم دەداو دەیانزانی کە لەناو شەرمەزاریدان هەربۆیە پێیان وابوو لەم حاڵەتانەدا دەبێت ژنەکە بکوژرێت یان خۆی خۆی بکوژێت، لەهەمانکاتدا ئێستا لەئاکامی پێشخستنی چەمکی داد و پێشخستنی ئەلتەرناتیفی چارەسەری نوێ ڕاستەوخۆیانە ژنان و کچان تاوانبار ناکرێن و گوێ لەهەردوولا دەگیردرێت، بێگومان هەموو ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە لەئاکامی کۆمەڵێک کاری بنەڕەتی هاتونەتە ئاراوە. بۆنمونە، لە ڕۆژئاوا ئەگەر پیاوێک بە تۆمەتی پەیڕەو کردنی توندوتیژی لەناو خێزانەکەیدا تاوانبار بکرێت ناکرێت بە ئەندام لەناو هیچ دەزگایەکدا یاخود ئەگەر پیاوێک فرە ژنی پەیڕەو بکات سەرەڕای ئەوەی نابێت بە ئەندامی هیچ دەزگایەک دەشبێت سزا بدرێ، ئەمە پێشکەوتنێکی گرنگە، ئەمە لەئاستی هەرێمی لەئەنجامی ئایدۆلۆژیایەکی گرنگەوە بەدەست هاتووە و پێشکەوتنێکی سەرنج ڕاکێشە، دڵنیام لەوەی هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی گرنگ کاریگەری دەکاتە سەر بوارەکانی ناو هەموو چەمکەکانی کۆمەڵگا.

– – – – – – – – – – – – – –

پرییتی باوور: جانێت زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

جانێت: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم.

دەنیز ئولوداغ: لە ئەڵمانییەوە کردویەتی بە تورکی.

سەرچاوە: Zcomm.org

# سەرمایەداری بون چ مانایەکی هەیە



## پ.دەیڤید هارڤی

لە ئینگلیزییەوە، نەجیبە قەرەداخی

بۆ من مایەی خۆشحاڵی و شەرەفێکی گەورەیە کە لێرەم. لە ڕاستیدا من بەنیازی فێربون هاتم بۆ ئێرە. بەڵام پێم وترا بۆ ئەوەی بتوانم فێربم پێویستە قسە بکەم. بۆیە دەبێ بیر لە وتنی شتێک بکەمەوە. بەڕاستی ئەو بابەتەی دیاری کراوە لێرە گفتۆگۆی لەسەر بکەم بابەتی دڵخوازی من نیە، بۆیە پێم باشترە توێکاری و هەڵسەنگاندن بۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بکەم.

بەوتەکانی دواین قسەکەردا بۆم دەرکەوت کە من وەک مارکسیەک پێناسە دەکرێم، وە لە دیدی ئەو پێناسەیەشەوە من دوژمنم، بۆیە باشترە ئاگام لەخۆم بێت. (مورای بوکچین) کە پێموایە ئۆجەلان پێی کاریگەر بوە، لە دواین وتاریدا ئەو پێشنیارە دەخاتە ڕوو کە ئایندەی چەپگەرایی پەیوەستە بە موتوربە کردنی باشترین ناوەڕۆکی مارکسیزم و باشترین جەوهەری ئانارشیزم لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە من و (دەیڤد گرەیبەر) کتێبێکی هاوبەش بنوسین. بەشی یەکەمی کتێبەکە ناودەنێین (گوێ بگرن مارکسیەکان) وە بەشی دووەمیش ناودەنێین (گوێ بگرن ئانارشیستەکان). لەڕاستیدا ماوەی پێشوو من کتێبێکم لەژێر ناونیشانی (حەڤدە ناکۆکی و کۆتایی سەرمایەداری) نوسی. کتێبەکە ئێستا بۆ هەردوو زمانی تورکی و ئەڵمانی وەرگێڕدراوە. دوو ڕۆژ پێش ئێستا دەقە ئەڵمانیەکەیم بینی و ئێستا بەردەست و ئامادەیە. دەقە تورکیەکەش لەسەروەختی دەرچوندایە و مانگی ئایار لە ئەستەنبوڵ دەیناسێنم و پێشکەشی دەکەم. دوو پرسیاری جەوهەری ناوەڕۆک و سەنتەری کتێبەکە پێکدێنن. کە پەیوەندیان بە باسەکەی ئێرەوە هەیە.

پرسیاری یەکەمی کتێبەکە ئەوەیە دژە سەرمایەداری بون چ مانایەکی هەیە؟ من پێم وایە هەمیشە لە هەمبەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا بەد حاڵیبونێک هەیە، بۆیە سەرەتا هەوڵمداوە سروشتی سەرمایە پێناسە بکەم، وە کاتێک بەرەنگاری دەبینەوە چ هێڵێکی ئۆپۆزسیۆن بونیاد بنێین بۆ بەرەنگار بونەوەی؟ هەڵبەت چەوسانەوە شێوازی زۆرە و سەرمایەداریش تاکە فۆرمی ستەمکاری نیە. بۆ نمونە چەوسانەوەی ڕەگەزی، چەوسانەوەی نەژادی و زۆر فۆرمی دیکەی ستەمکاری کە پێویستە هەموو ئەم فۆرمانە بەریان پێ بگیرێ. بەڵام بۆ من زۆر گرنگە بپرسم، باشە ئەگەر ئێمە بەرەنگاری سەرمایە بوینەوە دەبێ چی بکەین؟

پرسیاری دووەمی کتێبەکە ئەوەیە بۆ دەبێ ئێمە دژی سەرمایەداری بین، لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆر بە سیستەمی سەرمایەداری خۆشحاڵن؟ زۆرێک لە ئێمە ئەگەرچی ڕەخنەمان لە سەرمایەداری هەیە، بەڵام خۆشحاڵانە بە تەلەفونە دەستیەکانمانەوە دەسوڕێینەوە کە داهێنان و بەرهەمی سەرمایەدارین. ئێمە تۆڕەکانی میدیای کۆمەڵایەتی بەکاردێنین کە سەرمایەدارانە پەردەپۆش و ڕازاوە ڕێکخراون. هەروەها ئەو پرسیارەی لە نێو خودی دنیای سەرمایەداریشدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە، ئایە دەشێ بیر لە سەرمایەداریەکی ئەخلاقی بکەینەوە؟ بۆیە ئێستا دەرک بە بونی بزوتنەوە یان جوڵەیەک دەکەین کە دەکرێ ناوی بنێین سەرمایەداریی وشیار. ئێستا ئێمە لە چواردەوری خۆمان نیشانەکانی ئەم بزوتنەوەیە هەست پێدەکەین. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین نیشانە یان دەرکەوتەکانی ئەم جوڵەیە لە چەند هەفتەی ڕابردودا ئەوەبوو دوو یاسا لە هەمبەر ئازادی دینی لە ئۆکلاهۆما و هندستان دەرچون، ئەم یاسایانە بە ئاشکرا خەڵکی ئیماندار سەرپشک دەکەن بۆ جیاکاری و پێشێل کردنی مافی هاوڕەگەزبازان بەنێر و مێوە، بەتایبەتی لە ناوچە دینیەکان. لێرەدا کۆمپانیا و دامەزراوە سەرمایەداریەکان وەک بەرگریەک لە مافی هاوڕەگەزبازان، ڕاستەوخۆ داوایان لە یاسادانەرانی ئۆکلاهۆما و هندستان کرد لەو بڕیارە پاشگەز ببنەوە. پێیان وتن ئێمە دژی ئەم فۆرمە لە یاسای سزادانی ئاینی دەوەستینەوە و بەرگری لە مافی هاوڕەگەزبازان دەکەین. بۆیە ئەو دوو وڵاتە بەخێرایی پەشیمان بونەوەو یاساکانیان گۆڕی.

هەنوکە خەڵکێکی زۆر لە چینی سەرمایەداران پێیان وایە نادادپەروەری کۆمەڵایەتی زۆر قوڵ بوەتەوە،

ئەوان چالاکیەکان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتە گشتیەکان بە کردەی زۆر پێویست و ژیاری دەبینن. دیسان خەڵکێکی زۆری سەر بەم چینە بەجدی پێیان وایە کێشەی ژینگە دەبێ چارەسەر بکرێت. بۆیە ئامادەن ببن بە بەشێک لەو بەرخودانەی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەرمبونی زەوی، و فۆرمەکانی تری وێرانکردن ژینگە سەرپێ خراود

لێرەدا کێشە ئەوەیە پێما وابێت ئێمە دەتوانین لە یەک کاتدا دژی نیو-لیبراڵیزم بی بەڵام لایەنگری سەرمایەداری دژی مۆنۆپۆڵی سەرمایەداری بی بەڵام لایەنگری سەرمەداران! ب من زۆر گرنگە بیسەلمێنم ئەم کارێکی نەکردەیە. لەبەر ئەوە زۆربەی کات سەرمایە بەڵێنی زۆ دەدات، هەرچەندە هەندێک لە بەڵێنانە نیوەناچڵ جێبەج کراون، بەتایبەت لە هەمبە مافەکانی مرۆڤ کە لەسە بنەمای خاوەندارێتی تایبە بونیاد نراون وە بەشێوەیەک بەرچاو لە هەندێک شوێن دیاری کراودا پیادە دەکرێن. بەڵا بەهەرحاڵ ئێمە بەهانەیەکی باشمان هەیە بیسەلمێنین لە نێو پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا پرسی کورد چارەسەر ناکرێت. ئێمە لەسەرمانە ئەو بەهانە و هۆکارانە بخەینە بەرچاو. ئەگەر توانرا لە نێو ئەم سیستەمی سەرمایەدارییەدا کێشەکانی گەرم بونی زەوی، کێشەی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کێشەی پەرەسەندنە جیۆگرافیەکان، کێشەی چەوسانەوەی ئەتنیکی و نەتەوەیی چارەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی سەرمایەداری تەندروست بمێنێتەوە، ئەوا بە سوپاسەوە منیش لە پێناوی مانەوەیدا کاردەکەم و دژبەری سەرمایەداری نابم.

بەڵام بەڵێ من لەبەر هۆکارگەلێکی دیار دژی سیستەمی سەرماداریم. هەڵبەت ئەو هۆکارانەی وام لێدەکەن نەیاری ئەم سیستەمە بم، لە بونیادی سەرەتایی مندا ڕێکەوت و بۆماوەیی نین. یاخود تایبەتمەندی و نامۆییەک لە پەروەردە کردنم دا، یان ڕوداوێکم بەسەردا هاتبێت منی لە کەسێکی وشیارەوە کردبێت بە قوربانی. نەخێر هیچ یەکێک لەم هۆکارانە نیە. من ئەنتی سەرمایەداریم لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تەواو عەقڵانی. وە لەڕاستیدا ئەوەش وەک پێویستیەکی ژیاری دەبینم کە خەڵکی عەقڵانی ئەو توانستەیان هەبێ گوێ لە هۆکاری عەقڵانی بگرن بۆیە یەکێک لەو مەسەلە سەرەکیانەی کە جێی بایەخی منە ئەوەیە وەڵامی شیاوو بەجێی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بۆ دەبێ ئێمە دژبەری سەرمایەداری بین.



ئەو ناکۆکیانەی من لێیان ڕاماوم هەمان ئەو کێشانەن کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، ئەگەر ئێمە بمانەوێ دژی سیستەمی سەرمایەداری بین. کۆمەڵێک هۆکاری تێکئاڵاو هەن کە پێکەوە گرێ دراون. یەکێک لە ڕێکارەکانی دژبەریی سەرمایەداری ئەوەیە ئێمە هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە بدەین کە بەهای بەکارهێنان لە بەرامبەر بەهای ئاڵوگۆڕدا توخ دەکاتەوە و دەیکاتە ئالتەرناتێڤ. دەتوانین ئەم هاوکێشەیە لە تێزەکانی ئاپۆشدا بدۆزینەوە. زۆر گرنگە ئەم بابەتە لەبەرچاو بگیرێت. پێویستە بەرامبەر هێزی پارە خۆڕاگر بین. لێرەدا مەسەلەی پارە پرسێکی قەبەیە، پرسێکە ڕوبەڕوی ئەو هەوڵ و بیرۆکانە دەبێتەوە کە دەیانەوێ ناوچەیەکی خۆسەری جیاواز لە جیهاندا بخولقێنن بەشێوەیەکی جیاواز بەڕێوە بچێت. ئەمە پرسێکی ڕیشەییە لە بونیادنان و پەرەسەندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی هاندەر و گەشەسەندوی وەک ناوچەی خۆسەریی کۆبانی و هاوشێوەکانی، بەڵام ئەگەر بتەوێ لەم ناوچە ئۆتۆنۆمیانەدا بەردەوام لەژێر هەیمەنەو هەژمونی دراوە جیهانیەکانی وەک دۆلار

و نمونەکانی دا بمێنیتەوە، مانای وایە تۆ ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ نیت. لە ڕیفراندۆمی سکۆتلاندیەکاندا کەمن پێم وابو کردەیەکی سەرنجڕاکێش و تایبەت بوو، ئەم گرفتە بەڕونی دەرکەوت،

من حەزم بە ناسیۆنالیزمی سکۆتلاندی نیە. لە بنەڕەتدا حەزم لە هیچ شێوەو فۆرمێکی ناسیونالیزم نیە. بۆیە کاتێک ناسیونالیزمی سکۆتلاندی داوای جیابونەوەو سەربەخۆییان کرد من لایەنگریم نەکردن. لەڕاستیدا سکۆتیەکان دوو بەرە بوون. بەرەیەکیان نەتەوەگەراکان و بەرەی دووەمیش ئەو خەڵکانە بوون کە دەیانویست ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم و مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز بۆخۆیان بونیاد بنێن و لە سیاسەتی سک هەڵگوشینی لەندەن ڕزگاریان بێت. بۆیە من لەهەمبەر ئەم تێڕوانینەی بەرەی دووەمدا بڕیارمدا لایەنگریی ڕیفراندۆمی سکۆتیەکان بکەم، وتم بەڵێ فەرموون سەربەخۆیی خۆتان ڕاگەیەنن.

بەڵام لێرەدا پرسیارێکی سەرنجڕاکێش قوت دەبێتەوە. دوای ڕاگەیاندنی جیابونەوە و سەربەخۆیی کێ کۆنترۆڵی دراوی سکۆتلاندی دەکات؟ سکۆتیەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا وتیان ئێمە بەردەوام بانکەکانی ئنگلتەرا بەکاردێنین!. ئەگەر لەبیرتان بێت ئەمە یەکێک بو لەو هەڵە گەورانەی کۆمۆنەی پاریس لەساڵی ١٨٧١ دا کە بەرگرییان لە مانەوەی بانکەکانی فەرەنسا کرد. بەرگریان لە سەرەکی ترین ئامرازی هەیمەنە کرد بەسەر خۆیانەوە. لێرەش لە سکۆتلاندا هەمان هەڵەیان دوبارە کردەوە. بانگەشەی بونیادنانی سەربەخۆیی و مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیان دەکرد و قایلیش بون بە هەیمەنەی بانکەکانی ئینگەلتەرا!.

مارکس و ئنگلس هیواخواز بوون ڕۆژێک جیهان بکەوێتە ژێر حوکمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە. بەڵام لەڕاستیدا ئێستا ئێمە لەژێر حوکمی دیکتاتۆریەتی بانکە ناوەندیەکانی جیهاندا دەژین و ئەمەش خراپترینی خراپەکانە. هەڵبەت ئەم بانکانەش بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و فەرمانگە داراییەکانی زلهێزەکان چواردەوریان گیراوە. ئایە دەتوانین چی لە ناوچەیەکی سەربەخۆ بکەین لەکاتێکدا هەژمونی پارە هێشتا ئامادەیی هەیە؟! لەکاتێکدا هەژمونی پارە وەک مارکس ئاماژەی پێداوە کۆمەڵگاکان وێران دەکات و خۆی شوێنیان دەگرێتەوە. بۆیە ئەم دیموکراتیەی ئێستای دنیا دیموکراتی هێز و قودرەتی پارەیە. ئەمەیە دیمۆکراتیەکەی ئەمریکا کە دەتوانین بەڕونی بیبینین. وە لەلایەن باڵاترین دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتەوە بەرگری لێدەکرێت کە لە یاساکەیدا دەڵێ خەرجکردنی پارە پارێزگاریە لە ئازادی ڕادەربڕین! بەمانایەکی تر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دیموکراتی هەیە، بەڵام جۆرێکی تایبەتی دیموکراتی کە بەدڵنیاییەوە ئەو دیموکراتیە کۆنفیدراڵیە نیە کە ئۆجەلان باسی دەکات. وە بەدڵنیاییەوە بونیادنانی ئەو مۆدێلی خۆسەریەی کە پایەو ڕایەڵەکانی دیموکراسی دەتوانێت تێیدا چەکەرە بکات شتێکی جیاواز و ئەلتەرناتیڤە. بەڵام یەکێک لە گەورەترین ناکۆکیەکان ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان نرخ و پارەدا هەیە.

## دوای ڕاگەیاندنی جیابونەوە و سەربەخۆیی کێ کۆنترۆڵی دراوی سکۆتلاندی دەکات

لە بنەڕەتدا نرخ یان بەها پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە نەک ئۆبژە. ئەو خۆی مادە نیە بەڵکو شوناسێکی مادیانەی لە فۆرم و چوارچێوەی پارەدا هەیە. لەکاتێکدا پارە خۆی لەوە کەوتوە مادە بێت و بوە بە ئەندێشەو شتێکی خەیاڵی. لەڕاستیدا ئێستا بازاڕی پارە خۆی گیرۆدەی گەورەترین و ترسناکترین ناکۆکیە. ئەو ناکۆکیە گەورەیەی کە دەرەنجامی تەقەلای بەردەوامی سەرمایەیە بۆ چەسپاند و بەردەوامیی گەشەکردنی بێسەروبەر. گەشەی ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵ بۆ هەمیشە هەروەک دەزانن ئەم گەشە کردنە ئاڵۆز و ئاوێتەیە بە هێواشی دەست پێدەکات و بە تێپەڕینی کات گەورەتر و گەورەتر دەبێت.

بەشێک لەو مشتومڕەی من لە کتێبەکەمدا سەر ڕێم خستوە ئەوەیە ئێمە لە دۆخیکی زۆر دژواردایین. لە کاتێکدا ئەم کەڵەکە بونە ئاڵۆز و بێسەروبەرە هێندە سەخت و دڕندانەیە، هیچ ڕێگایەک نیە بۆ هیچ کۆمەڵگایەک کە بتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی بیگرێتە خۆی. جگە لە تاکە ڕێگایەک، ئەویش دۆزینەوەی ژینگەیەکە کە تێیدا هیچ سنورێک بۆ گەشەکردن بونی نیە. هەڵبەت پارە تەنیا شتێکە دەتوانێت بەردەوام بەبێ هیچ سنور

و فشارێک گەشە بکات و پەرەبسەنێت. بۆیە لێرەدا بانکە ناوەندیەکان بەردەوام هەڵدەستن بە زیادکردنی ژمارە سفر بۆسەر دراوەکانی جیهان. ئەمەش گەشەکردنێکی جەهەنەمیە. جاران پێمان وابوو ملیۆنێرەکان دەوڵەمەندن، دواتر وا نەمایەوە و بلیۆنێرەکانمان بە دەوڵەمەند زانی. بەڵام ئێستا ئەو ڕایەشمان گۆڕی و بۆ ناسینی دەڵەمەندی ڕاسیەقینە قسە لەسەر ترلیۆن دەکەن. ئەمەیە حەقیقەتی کەڵەکە بون و گەشە کردنی ئاوێتە و تێکەڵ و پێکەڵ. چیتر لەناو پرۆسەی بەرهەمهێناندا بوارێک بۆ ئەم گەشە ناسروشتی و کەڵەکەبونە نەماوەتەوە. بۆیە گوازراوەتەوە بو نێو بازاڕی سامانە هونەریەکان. پەڕیوەتە نێو بازاڕی زەوی و خانوبەرە. ئێستا نرخی زەوی لە جیهاندا لە بەرز بونەوە و هەڵکشانێکی ناسروشتیدایە، بەجۆرێک کە لە توانای هیچ کەسێکدا نەبێت لە ناو عەرشی ئەم سیستەمەدا بژی کە پێی دەڵێن نیو یۆرک سیتی. یان لە سەنتەری شاری لەندەن. لەڕاستیا چیتر خەڵک توانای ژیانی لە زۆربەی شارە گەورەکاندا نەماوە. لەبەر ئەوەی هەموو خەڵک سەرقاڵی سەرمایە گوزاریی خانوبەرەن، لەم بوارەشدا دروست کردن و بونیادنانی خانوبەرە بۆ چێ کردنی ماڵ و خانویەک نیە بۆ خەڵک. بەڵکو پەیوەندی بە بونیادنان و دروست کردنی کۆمەڵێک ئاپارتمان و یەکەی نیشتەجێبونەوە هەیە بۆ حکومرانی هاوبەشی خاوەندارێتی تایبەت و سەرمایە گوزاری کە کەسیان تێدا ناژی.

> **هەموو شتێک لێڵ و نادیار دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ڕێگایەک بۆ دەستنیشان کردنی هەموو مانا داینامیکیەکانی سەرماداری دەدۆزینەوە**

هەر کەسێک شەوان بە نێو ئەم ئاپارتمانە زۆر دەوڵەمەندانەی شاری نیو یۆرکدا پیاسەیەک بکات، بەڕونی ئەو حەقیقەتە دەبینێت. بڕوانە لە ٤٠٠ گڵۆپی ئەم ئاپارتمانە زەبەلاحانە تەنیا ٥ دانەیان دەگرێن، هەموو چراکانی تر خامۆشن، هیچ کەس لەنێویاندا ناژی، تەنیا بۆ مەبەستی سەرمایە گوزاری بونیاد نراون. ئەمە ئەو بارودۆخە شێتانەیە کە بەهای ئاڵوگۆڕ شاڕێکانی بەهای بەکارهێنان و پێداویستی لەبەرامبەر خەڵکدا وێران دەکات و خۆی دەبێتە ئەلتەرناتیڤ. ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە لای تێزەکەی مارکس لەسەر بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ و بازاڕی خانوبەرە، دەتوانین دەستبەجێ دەرک بە سروشتی دژواریەکان بکەین

ئێستا و لێرەدا کاتی من تەواو بو بەڵام دەمەوێ ئەم ئایدیایە تۆخ کەمەوە و بڵێم، هەموو شتێک لێڵ و نادیار دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ڕێگایەک بۆ دەستنیشان کردنی هەموو مانا داینامیکیەکانی سەرماداری دەدۆزینەوە، تا ئەوکاتەی تێدەگەین چۆن و بۆچی ئێمە دژە سەرمایەدارین. مانای ڕاستەقینەی دژە سەرماداری چیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە هەتا ئێمە لە جەوهەر و ناوەڕۆکەکەی تێنەگەین هیچ بەهانەیەکمان بۆ دژبەری کردنی سەرمایەداری پێ نیە.

دەیڤد هارڤی کێیە؟

دەیڤد هارڤی پرۆفیسۆری زانستەکانی جیۆگرافی و مرۆڤناسی، لە ناوەندی خوێندنی باڵا لە زانکۆی نیویۆرک. خاوەنی گەلێک کتێب و وتاری ناوەزەیە لە بونیادنانی زانستی جیۆگرافی هاوچەرخدا.



# دەوڵەتی کوردیی و ئاڵای نەژادیی



کامیار سابیر

لە دوای کەوتنی ڕژێمی سەدامەوە، بازاڕی تیجارەتێکی گەورە بە ناوی دەوڵەتی کوردیی، تەقدیسکردنی ئاڵای هەرێم و نەعرەتەی نەتەوەییەوە، لە زیادبووندایە. هەموو ئەمانەش، بۆ شەرعییەتدانە بەو هەموو دزییی و تالانییەی لە سامانی نیشتمانیی دەکرێ. لە ژوور سەری ئەمانەشەوە، ئاڵای هەرێمی کوردستان دەشەکێننەوە و بە ئەنقەست و بە مەبەستی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەوە بە ئاڵای کوردستان، ناوی دەبەن. لە دیدی ڤێکسیۆلۆجییەوە( ڤێکسیلەم Vexillum ئەو تێرمە لاتینییە بوو کە بۆ ئەو ئایکۆنەی پارچە قوماشێکی پێوەبوو، لە مارشی سەربازیی سوپای ڕۆمانییەکاندا، نمایش دەکرا)، ئاڵاکان، وێڕای ئەوەی سیمبوڵ و ئایکۆنی دەوڵەتیی، نەتەوەیی و نیشتمانیین، مێژووی جیاواز و ریوایەتیی جیاوازییشیان هەیە. ئەوەی کە زۆر روونە، ئەم ئاڵایەی ئێستای هەرێمی کوردستان، لە ساڵانی سییەکاندا، لە گۆڤاری» هاوار» ەوە لەلایەن بەدرخانییەکانەوە، بە دیزاینێکی نزیک لەوەی ئێستا هەیە، بەکار هێنراوە. ئەوکات، بۆ ڕۆحی نەژادیی کورد و بزوتنەوە ناسیۆنالیزمە-نەژادییەکەی( ئێسنۆناسیۆنالیزم) بەکار هێنراوە. ئێستاش، بە جەهلی سیاسییەوە دەیانەوێ بیکەن بە ئاڵایەکی نیشتمانیی کە هەرگیز ئەستەمە ئاڵای نەژادیی بکرێ بە ئاڵای نیشتمانیی، وڵاتێک یان دەوڵەتێک کە نەتەوە، نەژاد و کەمایەتیی جۆراوجۆری تێدا بێت.

بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بە نەتەوەیی کورد، یان دروستتر بگوترێ بە «ناسیۆنالیست»ی کورد دەزانن، لە نێوان نەتەوەی نەژادیی و نەتەوەی نیشتمانییدا، لە نێوان توخمی نەژادیی و چوارچێوە نیشتمانییەکاندا، تێکەڵوپێکەڵ دەکەن، نەک هەر چوارپەلیان تێک دەئاڵێت، بەڵکو عەقڵ و ئاگاییشیان بەسەریەکدا گرموڵە دەبێت.وێڕای ئەوەی چەمکە سیاسیی و کولتوورییەکان بە گۆترە، بە ڕەشۆکیی و بە هەرزەکاریی بەکار دەهێنرێن. کەمال ئەتاتۆرک، زۆر بە شانازییەوە باسی نەتەوەی تورک دەکات و پێیوایە کە تورک هاوتای هەموو جیهانە و بەردەوامیش لە وتارە حەماسییەکانیدا، تورکی بە شێرە عەملاقەکان لە قەڵەم داوە. لێرەدا لینکێک لەنێوان ڕوئیای کوردایەتیی و پانتۆرانییەکەی ئەتاتۆرکدا یەک دەگرێتەوە، چونکە کاژێک، کوردایەتیی و پاسۆکیش، ئەو فەرهەنگەیانهێنایە پێشەوە، کە کورد نەوەی شێرن. لە دیدی سۆسیۆلۆجیشەوە، ئەم هەموو بەکارهێنانی شێرەکورانی کوردایەتییە، جەخت لە ناوەڕۆکی بەتاڵ و جەبانانەی ئەو نوخبە سیاسیی و کولتوورییانە دەکات کە بەکاریان هێناوە و بەردەوامیش تەوزیفی دەکەن. لەجەبانی سیاسیی و لە غوبنی نەژادیی و خۆبەکەمزانییدا، کوردیان بە شێر، واتە بە سیمبۆلی غاباتی کوردایەتیی، چواندووە.

نەتەوەی تاک-نەژادیی یان فرە نەژادیی ( پۆ لیئێسنیسیتی – polyethnicity)

لە دونیای مۆدێرندا، نەتەوە لەسەر بناغەی یەک نەژاد، یان یەک زمان، نەک عەقڵانیی نییە بیر لە دروستبوونی بکرێتەوە، بەڵکو ناسیۆنالیزمی پەرگیر و فاشیزمە سیاسیی و کولتوورییەکانی بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی دونیا، ئەجێندایەکی لەم چەشنەیان، لە خەیاڵدانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆیاندا کاڵ کردووەتەوە. هەندێ ئەکادیمیست و نووسەری نەتەوەیی هەن، بۆ خاڵییکردنەوەی ژێرخانە نەتەوەیی و نەژادییەکەی دەوڵەتی کوردیی، دەوڵەتی «کوردستانیی» بەکار دەهێنن. لە ڕاستییدا، دەوڵەتی کوردستانیی، مەغزا سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکەی لە دەوڵەتی کوردیی، خراپتر نەبێ باشتر نییە. کوردستان، نیشتمان و خاکێکە لەنێوان چەند دەوڵەتێکی ناوچەکەدا دابەشکراوە، دروستتر بگوترێ بەسەریاندا دابەشکراوە. بەشە زۆرەکەی کە بەدەست عوسمانییەکانەوە بوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی لاشەی عوسمانییەکان، هاوزەمان لەگەڵ، یان پاش دروستبوونی دەوڵەتە تازەکانی وەکو، تورکیا، عێراق و سوریا، ئەم بەشەیان بەسەر ئەو سێ وڵاتەدا دابەشکرا. بەشێکی تری لەژێر دەسەڵاتی پانئێرانییەکاندا، وەکو ئیمتیدادی سەفەوییەکان، مایەوە. بەپێی دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییەکان، تەنیا کوردستانی ئێستای عێراق، بە کوردستانی جنوبیی، وەکو یەکەیەکی جیۆگرافیی ناسراوە، بۆ ئەوەی باڵانسی شیعە و سوننە ڕابگیردرێ،

بە عێراقی ئەوکاتەوە نراوە. بەکورتییەکەی کاتێ دەگوترێ کوردستانیی، نە جیۆگرافیا سیاسییەکەی دیاری دەکرێ، نە موقەوەماتەکانی دەوڵەت و دانیشتوانەکەی باس دەکرێ، بەڵکو لە ئەندێشەی سیاسیی ناسیۆنالیستانەوە سەرچاوە دەگرێ. لەم دیدەوە، دەوڵەتی کوردستانیی، هەمان دیدی نەژادیی دەوڵەتە ئێسنیکە کوردییەکەیە، بەکەمێک ئێسێتیکی چەمک-کارییەوە.

## جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە شەنگال، بەهۆی تەنسیقی کوردایەتیی و داعشەوە

کوردستانی باشوور کە دواتر بوو بە کوردستانی عێراق و تا ئەم ساتەش هەر کوردستانی عێراقە، کاتێ بیر لەوە دەکرێتەوە کە ببێ بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەسەر بناغەی نەژادیی، ئیتر لێرەدا مەعدەنی ئەسڵیی ئەم ناسیۆنالیزمە نەژادییە( ئێسنۆناسیۆنالیزم) بۆ هەموو نەژاد، نەتەوە، گرووپە کۆمەڵایەتیی و کەمایەتییەکانی تر دەردەکەوێ. لە کاتێکدا، خودی رابەرانی کوردایەتیی و رائیدە فاشیلەکانی دەوڵەتی کوردیی، جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتی کوردیی، دەوڵەتی هەموو ئەو نەتەوە و ئایینزایانە دەبێ کە لەسەر خاکی کوردستان دەژیەن. بۆ نموونە، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە شەنگال، بەهۆی تەنسیقی کوردایەتیی و داعشەوە، بە ماستەرمایندی تورکیا، شەقارێکی وای کردووەتە رۆح و جەستەی ئێزیدییەکانەوە، بەشێکی بەرچاویان، پێیانخۆش نییە، بە کورد ئەژمارد بکرێن، تا بەوە دەگات، ببن بە بەشێک لەو دەوڵەتە تائیفییەی کە ئێستا بەرەی سوننیزم( تورکیا، قەتەر و سعودییە)، خەیاڵی پێوە دەکەن.

راستییەکەش ئەوەیە، ئەوان، وەکو کورد جینۆساید نەکران، وەکو کورد، ژنان و کچانیان بەسەبایا نەبران، بەڵکو وەکو ئێزیدیی ئەو کارەیان لەگەڵدا کرا. سەرەنجامیش لە دیدی سۆسیۆسیاسیی( سۆسیۆلۆجیای سیاسیی) و ئەنسرۆپۆلۆجیای سیاسییەوە، سەیری جڤاک و تاکی ئێزیدیی بکەیت، سەیری ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی و کولتووریی «ئینسان»ی ئێزیدی بکەیت، بەو عەقڵانییەتە سیاسییە دەگەیت، کاتێ لە دەرەوەی کایەی مرۆڤی ئێزیدییەوە، لە دەرەوەی جڤاکی ئێزیدییەوە، ناسیۆنالیزمی کوردیی و کورادیەتیی، دەیانەوێ چەمکی ( کوردانی ئێزیدیی، یان کوردە ئێزیدییەکان) بەسەریاندا داببڕن، خۆبەخۆ نەژادپەرستیی، راسیزم و هەڵاواردن و وەدەرنان، لە کۆی مانیفێستیقرپۆکی کوردایەتییدادەخوێنێتەوە.

گەلی کورد، رۆژێک زووتر، ئێزیدییەکان وەکو خۆیان نەک وەکو کوردە ئێزیدییەکان، بپەژرێنێت( قەبوڵ بکات)، دان بە فرە کولتووریی، فرە نەژادیی و فرە مەذهەبیی گەلان و جڤاکە جیاوازەکانی کوردستاندا دەنێ و لەناو ئەوانیشدا، ئێزیدییەکان، سێکتێکی بەرینی جڤاکی کوردستان( نەک کوردستانیی) دەبن. ئەم ئارگیومێنتانە، دەچنە ئەو چوارچێوەیەی کە کوردستان، هەر پارچەیەکی بگری، کۆمەڵێ نەژاد، دین، مەذهەب، کەمایەتیی جیاواز جیاوازی تێدا دەژیەت و نابێ،بە بیانووی زۆرایەتییەوە، ناو و ناوەرۆکی نەژادیی بەسەر هیچ لایەکیاندا بسەپێنرێ. لێرەوەیە کە دەوڵەتی کوردیی، ئاڵای کوردیی، سروودی قەومچەویی کوردیی، نابێ فۆرمۆڵە بکرێن، بەڵکو دەبێ دەوڵەتێکی نیشتمانیی لەسەر خاکی کوردستان، ئاڵا و سروودێکی نیشتمانیی نوێنەرایەتیی خەڵکە جیاوازەکانی کوردستان بکات. بەدڵنیاییەوە، ئەم دەوڵەتە زۆرینەی کورد دەبێت کە هەڵاواردنی نەژادیی، نەتەوەیی، ئایینیی و کولتووریی تێدا نەبێت. بە واتایەکی تر، کوردستانێک بێت یان نیشتمانیک بێت کە فرە نەژاد، فرە نەتەوە، فرە کولتوور، فرە ئایین، فرە کەڵت و فرە زمان بێت.

دەوڵەتی کوردیی: دەوڵەتی نەتەوەیی
تا ئێستا لە ناو هەموو کورددا، من نەمدیوە یەک ناسیۆنالیستی عەقڵانیی بوونی هەبووبێت یان هەبێت. هەموویان لەیەک شتدا، یەکدەگرنەوە کە جوێنی زۆر بازاریی و مزر، بە نەتەوە و نەژادەکانی تر( تورک، عەرەب و فارس) دەدەن. باشترینیان ئەوانەی کەمێک ویقاریان بۆ هەیبەتی شەهادە و فەخفەخە ئەکادیمییەکانیان یان پۆستە سیاسییەکانیان هێشتبێتەوە، بە چاوی پیرۆزەوە کە کەڵتێکی دینییە سەیری کورد دەکەن و بەچاوی تەحقیر و سووکایەتییەوە لە نەتەوەکانی تر دەروانن. هەموو ئەمانەش، بەهۆی جەهلی سیاسیی، کولتووریی و فیکرییەوە، بەردەوام کەف و کوڵیان لێ هەڵدەستێ. هاوکات، کەم نووسەر و سیاسیی کوردم بینیوە، کەم تا زۆر، بە وردیی لەسەر رەهەندە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی، وەستابێت. ئەم گرینگیینەدانە بە خوێندنەوەی ورد بۆ قەوام، ناوەرۆک و فۆرمۆلەبوونی دەوڵەتی

نەتەوەیی، چەواشەکاریی فیکریی و سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لە سادەترین پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەییدا، ئەوەیە کە نەتەوەیەک لەسەر بناغەی یەک زمان، یەک کولتوور، یان یەک نەژاد، دروست بکەیت و تاکەکانی کۆمەڵ لە سیستەمی ئەو دەوڵەتەدا، رێکبخرێن و نەتەوە دروست بکەن. ئەم دەوڵەتانە لە ئەورووپا تا رادەیەک سەرکەوتووبوونە. دەوڵەتی بریتانیا، نەتەوەی بریتانیی دروست کردووە، نەک نەتەوەی ئینگلیز. ئاڵمانیا، راستە بەهۆی ناسیۆنالیزمی پانجێرمانییەوە، فۆرۆمۆڵە بووە، بەڵام سەرەنجام و لە ئێستادا، نەتەوەی ئاڵمانیای( نەک ئاڵمانیی، چونکە زمانی ئاڵمانیی لە سویسرا و نەمساش هەیە) دروستکردووە. هەرچەندە لە ئاڵمانیا، هەژموونی جێرمانییبوون زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوەی ئاڵمانیا، هەموو ئەوانەی لەخۆگرتووە کە لە نەتەوە، نەژاد و دینی ترەوە چوونەتە ئاڵمانیا و بوونە بە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە. ئەمە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا دروستە. هەروەها، ئەمەریکا، ئوستراڵیا و کانەدا، نەتەوەی ئەمەریکیی، ئوستراڵیی و کانەدییان دروست کردووە و نەتەوەی ئینگلیزیان فرانسیی( بۆ کانەدا) فۆرۆمۆڵە نەکردووەتەوە. راستە زمانی ئینگلیزیی و فرانسیی( بۆ کانەدا) زمانی سەرەکیی و ستاندەردی ئەو وڵاتانەن، راستە نەژادی سپی پێستەکان و ئینگلیزەکان بەتایبەتیی، زۆرینەی رەهای دانیشتووانی ئەو وڵاتانە پێک دەهێنن، بەڵام نەهاتوونە نەتەوەی ئینگلیز دروست بکەن. لەراستییدا، شتێک بەناوی نەتەوەی ئینگلیزەوە لەم دونیایەدا نەماوە، بەڵکو نەژاد و باکگراوندی خەڵکی ئینگلیز و ئینگلیزیی زمان هەن. لە رووی زمانەوانیی و ئێسنۆنیمەوە Ethnonym، تەنیا ئەو کاتە نەتەوەی ئینگلیز بە مانا واقیعییەکەی هەبوو کە ئەنجلیزە Angles نەژاد ئاڵمانییەکان، کۆچیان بۆ ئێستای بریتانیا کردووە و نەتەوەی ئینگلیزیان دروست کرد.

لە رۆژهەڵاتی ناوین و میزۆپۆتامیادا، کەمێک هاوکێشەکان ئاڵۆزترن. تورکیای کەمالیست، لەدوای عوسمانییەکانەوە، ویستیان، دەوڵەتی تورک لەسەر بناغەی یەک نەژادیی و یەک نەتەوەیی دروست بکەن، بەڵام تورکیا لە دروستکردنی نەتەوەی تورکیادا کە هەر خۆی ناوەکەی نەژادییە، تووشی فەشەلێکی گەورە بوو. تەنانەت نەیتوانیوە نەتەوەی تورکیش، بەمانا گشتگیرییەکەی دروست بکات، چونکە نەتەوەی تورک –باکگراوندەکان، زمانی جیاوازیان هەیە و ناتوانرێ نەتەوەی تورک بەو پوختگەراییەی ناسیۆنالیزمی تورکیی، یان پانتۆرانیی دروست بکرێت. ناکرێ، نەتەوە یان ئوممەی تورکیی لە باڵکانەوە بۆ سین دروست بکرێ کە زمانە ئۆغورییەکان، ئاذەرییەکان، قەشقەییەکان، تەتەرییەکان، قیرقیزییەکان، ئۆزبەکییەکان و تورکمانییەکان...تاد لەخۆ دەگرێ. ناکرێ نەتەوەی تورک، لە ناو شەش لقە زمانی سەرەکیی زمانە تورکییەکاندا ( ئۆغوزییەکان، کیپچاکییەکان= قیپچاق Kipchak، قارلوق Karluk، تورکە سایبیرییەکان= سیبیریا، ئۆغورییەکان= ئۆیغورییەکان و تورکە خەلجییەکان ( ناسراو بە ئەرغوییەکان)بە فۆرمەڵەی نەتەوەی یەک کولتوور، یەک زمان و یەک جیۆگرافیا دروست بکرێ. وێڕای ئەوەی دەیان زمانی جیاواز بە باکگراوندی تورکچە جیاوازەکانی دونیا هەن و هەموویان نەتەوەی جیاواز ، زمانی جیاواز و ئاڵای جیاوازیان هەیە.

> **لەسەر ئەرزی واقیع، هەرگیز نەتەوەی عەرەب، یان ئوممەی عەرەبیی نە دروست بووە و نە دروستیش دەبێ**

لەبەرامبەردا، لە تورکیای قەڵای پانتورکییدا، فاشیزمی تورکیی، فاشیزمی پانتۆرانیی فۆرمەڵە بووە و هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی نا سەقامگیریی تورکیایە کە خۆی بە میراتهەڵگری تورکە عوسمانییەکان دەزانێ. ئەم فاشیزمە تورکییە بەتایبەتیی لەچارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی کورد، زۆر شۆڤێنییانە مامەڵەی لەگەڵ گەلی کورددا کردووە. بۆ عێراق، سوریا، تەنانەت بۆ میصر و وڵاتانی تری عەرەبییش، ئەمە دروستە. هیچیان نەیانتوانی، نەتەوەی عەرەب دروست بکەن، چونکە لە ئەساسدا، بەپێی مۆدێرنیزمی سیاسیی، نەتەوەی عەرەب، بوونێکی مەعنەویی هەیە، بەڵام لە رووی فیزیکیی و جیۆگرافییەوە، لە کورد وێرانتر، ئەوانن. بەهەمان میسۆدی گەلانی تورک نەژادەکان، سەرەڕای ئەوەی عەرەب بەگشتیی، بەهۆی هەژموونی قورئانەوە، یەک زمانی ستاندەرد و رەسمییان هەیە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، هەرگیز نەتەوەی عەرەب، یان ئوممەی عەرەبیی نە دروست بووە و نە دروستیش دەبێ. بەتایبەتیی ئەگەر بەو هەموو تێکهەڵکێشە ئابووریی، سیاسیی و جیۆگرافییانەدا بگوزەرێی کە گەلانی عەرەبیی شەقار شەقار کردووە.

ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و فاشیزمی عورووبیی، نەیانتوانی نە لە عێراق و نە لە سوریا، نەتەوەی عێراقیی و سوریی دروست بکەن. بە پێچەوانەوە ویستیان، نەتەوەی عەرەب، لەسەر ئەساسی نەژادی عەرەب و نەبیلبوونی عەرەب، دروست بکەن. بەدڵنیاییەوە هەردووکیان فەشەلێکی گەورەیان خوارد و ئەوەش دەردی عێراق و سوریایە کە بەرهەمی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. لە ئێران، کەمێک هاوکێشە و بەرکەوتەکان جیاوازن. ئێران، مێژوویەکی چەند هەزار ساڵیی لە حوکمڕانیی پادشاییدا هەیە. ئێرانییبوون، سیمبوڵ و ئایکۆنی ئێرانییەکانە بەجیاوازیی نەتەوە، نەژاد و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە. دووبارە لێرەشدا، راستە فارسەکان، هەژموون، کولتوور و روئیای سیاسیی و نەژادیی خۆیان کەم تا زۆر سەپاندووە، بەڵام بە جیاوازیی لەگەڵ هەریەکە لە عێراق، تورکیا و سوریا، کوردەکانی وڵاتی ئێران، بە شانازییەوە خۆیان بە ئێرانیی دەزانن و ئێرانییبوونیش، مافێکی رەوای خۆیانە و ئەم پانئێرانییە لە زۆربەی ئێرانییەکاندا( بە شیعەکان، بە موجاهیدین، بە سەڵتەنەت تەڵەبان، بەچەپ و راستی ئێرانییەوە، بەهەموو نەژاد و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە) بوونێکی واقیعیی هەیە. لێرەدا تێڕوانینێکی عەقڵانیی قاسملو هەیە، کاتێ خۆی قسەیەکی واقیعیی کردبوو کە گوتبووی( کەس لە خۆیان بە ئێرانییتر نازانن).

**ناسیۆنالیستەکانیان و ئیسلامییەکانیان، خۆیان پێ گەورەیە و بە هەڵبژاردەی خودا، لەسەر زەویی، خۆیان لە قەڵەم دەدەن**

دەوڵەتی نەتەوەیی لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا جێکەوت بووە، بەڵام دەوڵەتە یەک نەژادەکانیش، ئێستا لەسەردەمی گلۆباڵیزەیشن و پۆست-مۆدێرنیزمدا، بە تایبەتیی بەهۆی هەژموونی بیزنس و ئابوورییەوە، بەرەو دەوڵەتی هاووڵاتیی، دەوڵەتی مەدەنیی، دەوڵەتی هەموو تاکەکان، دەڕۆن. هەموو ئەو نەتەوە، نەژاد، زمان و کولتوورانەی لەو وڵاتانەدا هەن، خۆیان بە بەشێک لە نەتەوەی ئەو وڵاتە دەزانن( دیارە بە لەبەرچاوگرتنی نەژاد، دین و کولتووری جیاوازەوە). لێرەشەوەیە، کولتووری عەرەب و دینی ئیسلام کە کولتوور و دینێکە، بەشوێن هەژموونـدا وێڵە، هەمیشە گلەییان زۆرە کە راسیزم بەرامبەر ئەوان، لە رۆژئاوا، زۆر هەیە. ئەمە لەناو ئەو ئاسیاییانەی لە وڵاتانی رۆژئاوا دەژیەن کەمتر هەست پێدەکرێ. هۆکارەکەی ئەوەیە کە کولتووری عەرەب و کولتووری ئیسلامیی، ئینتێگرەیشن، بەئاسانیی ناکەن، چونکە ناسیۆنالیستەکانیان و ئیسلامییەکانیان، خۆیان پێ گەورەیە و بە هەڵبژاردەی خودا، لەسەر زەویی، خۆیان لە قەڵەم دەدەن. لێرەشەوە، دینی ئیسلام و کولتووری عەرەبیی، جڵەوی عەقڵ و ئاگاییان دەکات و تووشی وەدەرنانی رۆحیی، مەعنەویی و فیزیکیی دەبن. هەر ئەمەش وەکو یەکێک لە فاکتەرەکان، ئیسلامییەکانی عەرەب، نەتەوەییەکانی عەرەب، بەتایبەت ئەوانەی لە تاراوگە دەژیەن، زۆر رادیکاڵ و توندڕۆ دەبن.

لێرەدا، ئێمە کە قسە لەسەر دەوڵەتی کوردیی دەکەین، ئەم ناوە، بۆ خۆی هەڵاواردنی نەژادیی، کولتووریی و ئینسانییشە. دەوڵەتێک لەسەر خاکی کوردستانی عێراق، دروست دەکەیت بەناوی دەوڵەتی کوردییەوە کە زمانەکەی کوردیی بێت. دیارە زمانی ستاندەردمان نییە و هەر دایەلێکتە و خۆی بە خاوەنی ئەوە دەزانێ کە زمانی رەسمیی بێت، دەسەڵاتی کوردییش، بەئەنقەست زمانی ستاندەردی ساغ نەکردووەتەوە. هاوکات دەتەوێت، نەژادەکەی کورد بێت و کولتوورەکەیشی کوردیی بێت. ئەمە خۆ بەخۆ نەژادپەرستیی وهەڵاواردنی نەژادییە و لەئاستی سیاسییشدا هەڵاوی راسیزمی لێ هەڵدەستێ. بە واتایەکی تر ئەم کوردایەتییەی رابەرایەتیی دەوڵەتی کوردیی دەکات، وێڕای ئەوەی ناسیۆنالیزمی نەژادییە، لە هەمان کاتیشدا، ناسیۆنالیزمێکی ئێرێدینتیزمە Irredentism ( بە چاوچنۆکیی، شوێنی تر بەخۆیەوە دەلکێنێ) و پێیوایە ئەو کوێخای ناوچەکەیە و بەئارەزووی خۆی دەستکاریی جیۆگرافیای سیاسیی ناوچەکە دەکات. چەمکەکانی ( باشوور، باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا) ی کوردستان، وا دەگەیەنێت کە کوردستان، وڵاتێکە یان نیشتمانێکە جیۆگرافیاکەی دانی پێدانراوە و بەپێی سکەیڵی جیۆگرافیای وڵاتانیش لەسەر هێڵە تەوەرەییەکانی سەر زەویی، باشوور و باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای بۆ دانراوە.

ئەمەیان بابەتێکی ترە و پێوەندیی بەو سەردەمەوە هەیە کە پەککەکە باوەڕی بە کوردستانی گەورە و دیزاینکردنی لەسەر چوار ئاراستەی جیۆگرافیی( باکوور، باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا) هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەم هەژموونی ئێریدێنتیزمەدا یەک دەگرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە، پەککەکە بەکردەوە، بەهۆی فیکری تۆلێرانس و عەقڵانییەتی

رابەرەکەیانەوە( ئۆجەلان)، تەجاوزی زۆر عوقدەی ناسیۆنالیستیی کردووە، بەڵام هێشتا پەکەکە دەستبەرداری ئەو چەمکانە نەبووە کە فیکری سیاسیی نوێی ئۆجەلانی پێ دابڕێژێتەوە. لەبەرامبەریشدا، بۆ بازاڕگەرمیی و شەرعییەتدان بە کوردایەتیی، نەیاران و دۆستانی پەکەکەش ئەم چەمکانە بەکار دەهێنن. بۆ نموونە، مەهزەلەی سیاسیی زۆر سەیر هەیە، حیزبی دیموکراتیی کوردستانی ئێران، ناوی رەسمیی و سیاسیی حیزبەکەیان، حیزبێکی کوردییە لە کوردستانی ئێران، کەچیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەدەبیاتەکەیدا، بەکار دەهێنێت. ئەمە بۆ حیزبی دیمۆکراتیی کوردستان– ئێران، یش هەروایە. ئەمانیش، بە لائیرادیی و نائاگایی، هەردووکیان بەکاردەهێنن.

گەلی کورد، پێویستی بەوە نییە دەوڵەتێکی کوردیی دروست بکات و ئاڵاکەی نەژادیی بێت، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە کە نیشتمانێک بکات بە دەوڵەت، گەلانی تر، نەژادی تر و دینی تریش لە خۆبگرێت کە ئێستا لەگەڵ گەلی کورددا دەژیەن. لێرەوەیە کە ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق، ناتوانێ ببێ بە ئاڵای هەموو کوردستان و تەنانەت بۆ ئاڵای هەرێمیش، کەموکوڕیی زۆری پێوەیە. ئەم ئاڵایە، تەعبیر لە نەژادی کورد دەکات و سیمبۆڵ و ئایکۆنی ناسیۆنالیزمی کوردییە لەسەرەتای چەرخی رابردوودا. ئێستا بە کام پێوەری سیاسیی و عەقلانیی، بەسەر گەلانی کوردستانی عێراقدا دەیسەپەنیت؟ لەوە بگەڕێ، وەهمی ئەوەی ببێ بە ئاڵای هەموو کوردستان، هەر بۆ خۆی لەوە دەچێت، فوو بە دەرچەی باڵۆنی کوناودەردا بکرێت و توونێلی شێتخانەیەکە ئەوسەری دیار نییە.

لە ئاییندەی نزیک و دووریشدا، ئەگەری یەک زمانی ستاندەرد و رەسمیی، لەناو گەلی کورددا، زۆر زۆر ئەستەمە. ئەمە واقیع و فاکتە جیۆگرافیی و گەشە زمانییەکان ساغی دەکەنەوە. لە ئاییندەدا، گەلی کوردیش کە ئێستا وەکو ئیمەیجێکی سیاسیی بەکاری دەهێنین، بەکردەوە دەبێ بە گەلانی کورد– زمان، رێک وەکو گەلانی تورک– زمان، گەلانی عەرەب زمان( ئوردنیی، میسریی و یەمەنیی) و گەلانی فارس زمان( فارسەکان، تاجیکییەکان و هەزارەییەکان)، گەلانی کورد– زمانیش دەبن بە خاوەنی زمانی جۆراجۆر { کرمانجیی سەروو( کرمانجیی)، کرمانجیی ناوەڕاست( بە هەڵە بە سۆرانیی ناوزەد بووە و جێگیریش بووە)، هەورامیی و زازایی...تاد}. چۆن ناعەقلانیی و نا لۆژیکە، بیر لە حەماقەتی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی لەو چەشنە بکرێتەوە کە گەلانی تورک، خاوەنی یەک ئاڵای نەژادیی( تورکچەیی) بن؟ یان بۆ فارس، تاجیک و دەرییەکان، خاوەنی یەک ئاڵای نەژادیی( فارسیی) بن؟ یاخود بۆ گەلانی عەرەب، خاوەنی یەک ئاڵای نەژادیی (عوروبیی) بن لەسەرتاسەری جیهانی عەرەبدا؟ ئەوە بۆ کوردەکان، ئەم حەماقەتە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە، زۆر دەردەدارتر دەبێت و برینەکەیشی کیماوییتر دەبێت؟

## روسەکان، ژێکافیان بە دڵ نییە، چونکە باسی کوردستانی گەورە دەکات

پەکەکە لەم رەهەندە سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و مێژووییە تێدەگات، بەڵام دیمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران، هەر دەڵێی لەسەردەمی کاژێکدا دەژیەن. پەکەکە، سەرەڕای ئەوەی دەیەوێ لە هەموو پارچەکانی تری کوردستاندا، حیزبی سەر بە خەت و روئیای خۆی هەبێت، بەڵام نایەت، یەک ئاڵا، بەسەریانداگشتگیر بکات، بەتایبەتیی ئاڵاکە، نەژادییش بێت. تەنانەت قازی ( قازیی) محەمەدیش کە کاژێکە نەتەوەییە– چەپەکانی ئەوکات، رێگریی ئەوەیان لێدەکرد نەتوانێ بێ بە کاژێک، چونکە کەسێکی ئایینیی بووە، بەڵام بە دوای گرتنی زەبیحییدا، قازیی مەیدانی بۆ چۆڵ بوو، بە کردەوەش سەلمانی لەهەموویان عەقلانییتر بووە! عەقلانییەتەکەی لەچاو کاژێکە ناسیۆنالیستەکاندا، لەوێدا دەردەکەوێ، کاتێ کۆبوونەوە لەگەڵ باقرۆفدا دەکات و دەگەڕێتەوە، دەڵێ روسەکان، ژێکافیان بە دڵ نییە، چونکە باسی کوردستانی گەورە دەکات، ئێمەش ئەوەمان بەدڵ نییە کە روسەکان دەڵێن ببن بەبەشێک لە فیرقەی دیمۆکراتیی کە سەربە ئاذەربایجانە، قازیش بە پێشنیاری روسەکان رازی نابێت و دەڵێ ئێمە حیزبی دیمۆکراتیی کوردستان دادەمەزرێنین و پاش چەند مانگێکیش، کۆماری کوردستان دادەمەزرێ. یەکێک لە ئەولەویاتەکانی حدک، ئەوەبووە کە بتوانێ بە عەقلانییەت و تۆلێرانسەوە لەگەڵ هەلومەرجە ناوچەیی و جیهانییەکەدا خۆی بگونجێنێ کە فاشیزمە نەتەوەییەکەی کاژێک، ئەمەی بۆ نەدەکرا.

ئێستا، پتر لە حەفتا ساڵ دوای کۆماری کوردستان، حیزبە دیمۆکراتییەکانی ( democratic ) کوردستانی

ئێران، زۆر هەرزەکارانە، زۆر ناسیاسییانە و زۆر ناعەقڵانییانە، بەهۆی ئەوەی بوونەتە پاشکۆی سیاسەتەکانی ویلایەتە تائیفییە سوننییەکەی هەرێم کە ئەردۆغان سپۆنسەریەتی، هەمان ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵدەکەن و ئاڵاکەی کۆماری کوردستانیان بەلاوە ناوە. لە کاتێکدا، دەیانتوانی ئیلهام لە ئاڵاکەی قازی وەربگرن و دیزانێکی نوێی لێ دروست بکەن. هاوکات خۆیان کردووە بە بەشێک لە ئەجێنداکانی تورکیە و پارتیی دیموکراتیی کوردستان–عێراق و دەنگەدەنگی بەوەکالەت بۆ ئەوان دەکەن. هەڵکردنی ئەم ئاڵا نەژادییە لەلایەن دیمۆکراتییەکان(دیمۆکرات، هەڵەیە) و کۆمەڵە ( چەپ و راست ) ەکانی کوردستانی ئێرانەوە، چەندین مەغزای سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی، کولتووریی، جیۆگرافیی و ئابووریی هەیە، بەڵام لەهەموویان زیاتر، ئەو بەرچاوەگێرییە ئابوورییەیە کە لە پارەی نەوت و غازی دزراوی کوردستان، رانتی خۆیان لە پارتیی، وەردەگرن.

دەکرێ بڵێی، تورک و عەرەب، یەکێکن لەو گەلانەی زۆر ناسیۆنالیستن، بەڵام لە ناو دەیان وڵاتی جیاوازی ئەو دوو باکگراوندە زمانیی و کولتوورییەدا، هیچ دوو وڵاتێک، هیچ دوو ناوچەیەکی جیۆگرافیی، خاوەنی یەک ئاڵا نیین! تەنانەت تورکمانەکانی عێراق و تورکمانەکانی سوریاش کە بە رۆبۆتی دەوڵەتی تورکیا مۆبەلایز دەکرێن و دەجولێندرێن، بەلام هێشتا ئەوان لە کوردە ناسیۆنالیستەکانی سەر بە کامپی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، عەقڵانییتر و واقیعییترن. ئەوان، وەکو بزوتنەوەی نەژادیی و ناسیۆنالیستی تورکمانەکان، دوو ئاڵای جیاوازیان بۆ خۆیان داناوە کە نزیکایەتیی لەگەڵ ئاڵای ئێستای تورکیادا هەیە، بەڵام لای کەم، رەنگ و دیزاینەکانیان جیاوازیی هەیە. ئاخر عەقڵانییەت لەکوێی ئەوەدایە کە ئاڵای کرمانشاە، مەهاباد و سنە، لەگەڵ ئاڵای هەولێر و سلێمانییدا لەیەک بچێت. دیارە بە وڕێنە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی کوردایەتیی و دەوڵەتی کوردیی و کوردستانی گەورە بێت، دەبێ هەمان ئاڵاش لە قامیشلۆ، کۆبانێ و ئامەد، بشەکێنرێتەوە. هاوکات، لە دیدی سوپای تورکیا و ئەردۆغانەوە، ئاڵای هەرێمی کوردستان، ئاڵای کوردە باشەکانە( good Kurds ) و هەر ئاڵایەکی تریش پێوەندیی بە خەباتی سیاسیی و کولتووریی کوردەکانی تورکیا و سوریاوە هەبێت، ئەوە بە کوردە خراپەکان( bad Kurds) ئەژماردیان دەکات.

بە باوەڕی من، سیحری ناسیۆنالیزم بۆ کورد بەتاڵ بووەتەوە. ناسیۆنالیزم ناتوانێ کورد بەهیچ شوێنێک لە مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی بگەیەنێت. فەشەلی گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردیی لە کوردایەتیی و دەوڵەتی کوردییدا بەرجەستە دەبێتەوە. رەنج و بەروبومی کوردایەتیی لە دزینی دەیان بیلیۆن دۆلاری نەوت و غازدا کۆ دەبێتەوە. لە کردنی هەرێمی کوردستان بە موستەعمەرەی دەوڵەتی تورکیادا کورت دەبێتەوە. ناکرێ، چارەسەری

## کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێران ئەم ئابڵۆقانە نین بەڵکو کێشەکە دەستەڵادارانی ئێرانن

سیاسیی کورد، بەیەک پاکێج و بەیەک ئاڵا و بەیەک سروودی نەژادیی چارەسەر بکرێ. واقیعییەت و عەقڵانییەت ئەوەیە کە هەر پارچەیەکی کوردستان، ئایکۆنێکی رەمزیی و ئاڵایەکی سیمبۆلیی بۆ خۆی هەبێت. دەکرێت ئاڵای هەموو بەشەکانی کوردستان، سوود لە دیزاینی ئاڵا نەژادییەکەی بەدرخانییەکان و ئاڵای کۆمارەکەی کوردستان( سەردەمی قازی محەمەد) و تەنانەت دەکرێ کەڵک لە دیزاینی ئاڵای سەردەمی «خۆیبوون» و شێخ مەحمودییش وەربگیردێ، بەڵام بەهیچ کلۆجێ دروست نییە ئەم ئاڵا نەژادییەی ئێستا، بەسەر گەلانی کوردستان و تەنانەت گەلی کوردییشدا، بە خۆڕنینەوەی نەتەوەیی و قاووقریوی دەوڵەتی کوردیی و فاشیزمی کوردایەتییەوە، بسەپێنرێ.

لە راستییدا، باسکردنی ئەوەی بەو تێرمە کلاسیکییانەی نەتەوە یان ئوممەت، کە عەرەب، تورک و فارس، یەک نەتەوەی هۆمۆجینیەس homogeneous ن یان نا، پێویستی بە لێکۆڵینەوە فرە مەودا هەیە، بەڵام لە رەهەندی زمانیی و سیاسییەوە، دروستترە بە گەلانی (تورک ، فارس و عەرەب )باکگراوند، بنووسرێن. ئوممەی عەرەبیی، یان ئوممەی تورکیی، وەهمێکی سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و خورافاتێکی ناسیۆنالیستییە و وەکو دیفاکتۆی جیۆگرافیای سیاسیی بوونی نییە. ئێستا ئەدەبیاتی پەکەکە و لایەنگرانیان، چەمکی گەلی کورد زیاتر بەکار دەهێنن، بەراورد بەوەی نەتەوەی کورد بەکاربهێنن. دیارە ئارگیومێنتی ئەوەش هەیە

کە کورد، قۆناغی نەتەوەبوونی تێنەپەڕاندووەو هێشتا لە هۆز، تیرە، عەشیرەت و ناوچەگەرایەتییدا ماوەتەوە. ئەم بۆچوونە ئەگەر دیوێکی راست بێت، دیوەکەی تری زۆر پریمیتیڤانە و رووکەشانەیە. پرسیار ئەوەیە، ئایا گەلی کورد، بە هیچ شوێنێک دەگات ئەگەر ببێ بە نەتەوەیەک لەسەر بناغەی نەژادیی؟ پرسیارێکی فیکر و زمان، لێرەدا دێتە پێشەوە ئەم نەتەوەچییەتییە، ئەم نەتەوە–نەتەوەبازییە، تەنیا لەئەدەبیاتی کوردییدا هەیە. ئەویش لە کۆڵەواریی، هەژاریی فیکریی و هەژاریی سیاسییدا بەکاری دەهێنین، ئەگینا لە زمانە بیانییەکاندا بڵێی یان بنووسی نەتەوەی کورد، هەر شتێکی زۆر بێ مانا و بێناوەڕۆک دەردەچێت. لە زمانە بیانییەکاندا، تەنانەت بە عەرەب، تورک و فارسیش نەتەوەیان پێ ناگوترێ. لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیشدا، کەمتر چەمکی نەتەوە بۆ ئەو گەلانە بەکار دەهێنرێت.

نەتەوەی کورد، فۆرمۆڵە نەبووە، ئەم بۆچوونە، ناسیۆنالیستە کوردەکان تورە دەکات، بەڵام لە دیدی سیاسیی، جیۆگرافیی و زمانییەوە، لە دیدی سۆسیۆلۆجیای سیاسیی و رۆئیای مۆدێرنەوە، تازە دروست نابێ و بێ عەقڵیشە بیری لێ بکرێتەوە. لەبەرامبەردا گەلی کورد، دەتوانێ بەهاوکاری ئەو گەل و نەژادانەی لەگەڵیدا دەژیەن، لەسەر بەشێک لە خاکی کوردستان، نیشتمانێک چێ بکات و نەتەوەی کوردستان، یان نەتەوەی ئەو وڵاتە بە کرایتێریای فۆرمۆڵەبوونی نوێی نەتەوە، دروست بکات. بەدڵنیاییەوە نەتەوەی کورد نابێت، بەڵکو نەتەوەی ئەو وڵاتە یان ئەو نیشتمانە دەبێت.

لەو نیشتمانە ئازادەدا، زمانی کوردیی( هەر دایەلێکتێک بێت)، لەپاڵ زمانی نەژادەکانی تردا، زمانی رەسمیی دەبێت. ئاڵای ئەو کوردستانە یان ئەو پارچەیەی کوردستان، باشترە ئاڵایەکی نیشتمانیی بێت، نەک ئاڵای نەژادیی بێت. ئەمە دەبێت لە دیبەیتی گشتیی و ریفراندۆمی گشتییدا بڕێندرێتەوە. بەهەمان میسۆدیش، سروودی نیشتمانییش دەبێ سروودی قەومیی نەبێت. ئەی رەقیب، سروودێکی قەومچەویی و نەژادییە و زۆر بە سووکایەتییش، بە زمانێکی زۆر وێرانیش سەیری گەلی کورد دەکات و بە «قەوم» ی فارسیی باسی کورد دەکات کە دەکاتە تیرە، هۆز و عەشیرەت. کاتێ دەڵێ « ماوە قەومی کورد»، مەبەست ئەوەیە تیرە، هۆز و عەشیرەتەکانی کورد، ماون و هەر نەرەیان دێت! ناکرێ بە زمانی نەژادیی و پریمیتیڤی شاعیرێکی هەرزەکاری وەکو »دڵدار»، بە زمانی ناعەقڵانیی و شاعیرانەی پەنجا تا شەست ساڵ لەمەوبەر، گەلی کورد ئەوەندە سووک و چرووک بکەیت و بە قەوم و خێڵ و بەرەباب لەقەڵەمی بدەیت و بە فاشیزمی کوردایەتییش، ئەمە بە نیشتمانییبوون، بیخەیتە بازاڕەوە.

**ناکرێ فاشیزمی کوردایەتیی رێگەی پێ بدرێ کە ئاڵای نەژادیی گەلی کورد بەسەر پارچەکانی تری کوردستاندا بسەپێنێت**

کێشەی سیاسیی کورد کە کێشەی گەلێکی ٤٠ ملیۆنییە، ناکرێ بە هەواوهەوەسی سەرکردەیەکی سیاسیی، حیزبێکی سیاسیی و ریتۆریکی قوتابخانەیەکی بەتاڵ و داشۆڕاو لەهەر فیکر ومەعریفەیەکی سیاسیی، بڕوات بەڕێوە. ناکرێ فاشیزمی کوردایەتیی رێگەی پێ بدرێ کە ئاڵای نەژادیی گەلی کورد بەسەر پارچەکانی تری کوردستاندا بسەپێنێت، وەکو ئەوەی بەسەر کوردستانی ئێراندا لەڕێی حیزبە پرۆکسییەکانیەوە، سەپاندی. ئەمە شێتخانەیەکی زۆر سیاسییە و دەبێ رێگە لە هەژموونی ئەم ناسیۆنالیزمە نەژادییە بگیردرێ.

حیزبە دێمۆکراتییەکان و کۆمەڵەکانی کوردستانی ئێران، درەنگ یان زوو باجی ئەم شێتخانە سیاسیی و فیکرییە دەدەن و زیاتریش وەکو پرۆکسیی پارتیی سەیر دەکرێن تا بەوەی حیزبگەلێکی سیاسیی بن، هەلومەرجی کوردستانی ئێران و ناوچەکە بەوردیی بخوێننەوە.

خۆشبەختانە، ئێستا لەو پارچەیەی کورستاندا، دەیان هەزار گەنجی ئازاد و ئازا پەیدابوونە کە گوێ بە ریتۆریکە سیاسییەکانی ئەم حیزبانە نادەن و بگرە ئەم حیزبانە بە بارێکی قورس دەزانن بەسەر کێشەی سیاسیی گەلی کوردەوە لەو پارچەیەدا. گومانی تێدا نییە هەر ئێستا لەهەردوو گەورە شاری کوردستاندا (سنە و کرمانشاه) دا، ئەم حیزبە پرۆکسییانە، هیچ قورساییەکی سیاسیی و فیکرییان لەناو خەڵکی ئەو دوو شارە و ناوچەکانیاندا نییە و هەر لێرەشەوەیە کە شەرعییەتی سیاسیی خۆیان، بەهۆی پرۆکسییبوونیانەوە، لەدەست دەدەن.

# توانەوە لەسیاسەتی تورکیادا



کامەران گوڵپی

زۆرترین هەوڵ لەسەرئاستی گەلان کەمێژوو لەسایەی زلهێزاندا بەشەرمەوە تۆماری کردووە نەتەوەی کوردە کەتامەزرۆی گەشتن بووە بەسەربەستی وسەربەخۆیی ، هەربۆیە بەیەکێک لەهەرە میللەتە پێشەنگەکانی دونیا دێتە ئەژمار لەڕووی سەرهەڵدان و بەرخودان وشۆڕشەوە ، ڕۆژئاوای خۆشەویست ئەم ڕاستیەی بەجیهان پیشان دا ، بەڵام جیاواز لە وەرگرتنی ئەم سمپڵە دروست وئەرێنیەی ڕۆژئاوا ، ئەوانەی پێشەنگایەتی نەتەوەی کوردیان کردووە زۆربەی کات بەئاگا یان بێ ئاگا تووشی خلیسکانە ناو زۆنگاوی بەکرێ گرتەیی و دەمڕاستی کردنی دوژمنان بوونەتەوە بۆ خەفەکردنی دەنگی ناڕازی نەتەوەکەمان چونکە وولاتانی سەردەست بەدەمامکی دۆستایەتی توانیویانە برەو بەم ڕێچکەی گوێ ڕایەڵیە بدەن لەژێر چەندین ناوو دەستەواژەی بریقەدارو بێ ناوەرۆکدا.

ئەم کارەش زۆر بەئاسان چووەتە پێش چونکە بەرژەوەندی بنەماڵەیی و حەزی پۆست و قۆرخکاری لەناخی کەسانی خاوەن پێگەو بڕیاردا بە نۆرماڵ کراوە، بەجۆرێک سیفەتی فریاد ڕەسی سەرکردەو لێ هاتوویی درۆینە بەڕیکلامی بێگانە بووەتە مۆرکی پیرۆزکردن و مانەوەی لەپێگەی بڕیار بەسەر گەلدا لەپێناو جێ بەجێ کردنی مەرامی وولاتانی سەردەست.

تەنانەت بەڕێزان تەوقەکردنی ئاردۆگان ئەوەندەی من شکاندنەوەی دەستی لێ دەخوێنمەوە بۆ کورد ئەوندە دۆستانە نیە چونکە خۆی وەک دوژمن بەباکور و ڕۆژئاوا ناسیوە لەڕێی ئەو هەموو کوشتارگەیەی بەرامبەر بەوان بەڕێی خستووە، بۆیە بارزانی ئاگاداری ئەم ماسکە بەرژەوەندی خوازانەی ئاردۆگان بێت باشترە. لێرەوە خودپەسەندی لای سەرکردە دروست دەبێت و هەموو بەرامبەرەکانی بەدوژمن سەیر دەکات، چونکە ئەم بووەتە خاوەن پێگەو قبوڵ ناکات کەس باس لەکۆتایی ماوەی یاسایی بکات، بەم شێوەیە بیری تاکڕەوی و دیکتاتۆری لەدایک دەبێت، کە ئیتر نابێت بیر لەهەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی بکرێتەوە چونکە



ئەم تاکە کەسی قبوڵکراوە لای وولاتانی سەردەست و خاوەن بەرژەوەندی لەناوچەکەو لەناوخۆش سودمەندبوان بانگەشەی ئاسایشی نەتەوەیی بەمانەوەی ئەم سەرکردەیەوە دەبەستن کە لەدەرەوە ڕیکلامی بۆکراوەو هەوادارانی ناوخۆ وەکو درووشم دەیڵێنەوە.

لێرەوە گەمەیەکی سیاسی گڵاو بەرامبەر بەنەتەوەی کورد پیادەکراوە بۆیە هەرەمی دەستەڵات لەژێر ناوی بانگێشت کردن و پێشوازی فەرمی و لەئامێزگرتن لەلایەن سەردەستەکانەوە شەرعیەت بە تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوە دان دەدەن، ئیتر داخوازی نەتەوەیی دەبێتە سەرابی تینووەکان لەهاوینێکی گەرمدا و تەنها لەئاستی ناوخۆییدا بۆ چەواشەکاری

ناوی نەتەوە دێتەگۆڕێ لەڕاگەیاندنەکاندا. باشووری کوردستان ئەو بەشە بزێوو سەرکەشە بوو بەرامبەر بەداگیرکەران کەزۆرترین تراژیدیاو، قوربانی، داوە بەڵام لەڕێی ئەوسیاسەتەی کەئاماژەمان پێکرد توانراوە هەموو شۆڕشەکان لەباربربرێن و لەبەرژەوەندی وولاتانی دراوسێ بشکێتەوە، بەجۆرێک ئەم سیاسەتە هۆکاری درووست بوونی ئەو هەموو قوربانیانە بووە لەڕیزی خەڵکی سڤیلدا دوور لەویستی خۆیان کەدەکرا ڕوو نەدات، لەکاتێکدا بەرخودان وبەرەنگاری دوژمنان بەکەسانی تایبەت وچەکدار دەسپێررێت.

هیچ کات کورد لەباشوور نەی توانیوە کاراکتەری مەیدانی بێت لە گۆڕینی هاوکێشەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستیناوچەیی بەڵکو بەردەوام کورد وەکو کارتی فشار بەکار هاتووە لەلایەن وولاتانەوە بۆ بەدەست هێنانی مەرامەکانی خۆیان، لێرەوە ئەو خوێندنەوەمان بۆ دروست دەبێت کە کورد هەموو مەینەتیەکانی و ڕەنجی بەرخودانی وەکو جوتیارێکی خاوەن هێزوبازو دارنراو لەئیرادە کاری بۆ ئاغاکەی کردووە بۆ ئەوەی لەکۆتادا ژیانی کۆیلایەتی لێ نەسەنێتەوە.

ئێستا هەرێم لەلایەن تورکیاوە لەڕێی سیاسەتی دەستەمۆکردنی بڕیاری سیاسی کەخۆی لە بارزانی دا دەبینێتەوە خەریکە دەکرێتە تاقیگەی زلهێزان و دەستەواژەی(زەوی سووتاوی)ی بەسەرداجێبەجێ دەکرێت، لەژێر ناوی بوژانەوەی ئابووری و کرانەوەی دیبلۆماسی. پێگەی تورکیا ئێستا لەڕووی نێودەوڵەتیەوە زۆر بێزراوە چونکە هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کەتاکە هاوپەیمانی داعش تورکیایە، بۆیە ئەم پەیوەندیەی باشوور لەگەڵ تورکیا زۆر جێی نیگەرانیە چونکە ئێمە ئەوەندەی پشتیوانی وولاتانی ئەوروپامان پێویستە بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیمان لەدەرەوە، نابێت ئەوەندە تورکیامان مەبەست بێت لەبەر ئالوێری بازرگانی کەسوودمەندی یەکەم تورکیایە، بۆیە کۆمەڵگەی ئەوروپی بۆ ئێمە گرنگە لەڕووی پشتگیری سیاسی و سەربازیەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری داعش، لەگەڵ مەترسیەکانی سونەو شیعە لەئێراق.

لەڕووی نەتەوەییەوە پ.د.ک پارییەکی مەترسیداری دەست داوەتێ چونکە تورکیای ئاکەپە کاتێک تۆیان قبوڵە کە هەردوو مەرجەکانیان قبوڵ بکەیت کەیەکەم ودووەم گرێدراوی یەکدین و بەبێ ئەو مەرجە ناسینت مەحاڵە، کە بریتیە لەدژایەتی ئاشکاری(خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا، بەتیرۆر ناسینی پەکەکە)، لێرەوە ئەم گومانە دەبێتە ڕاستی و بەواقعی بۆ هەمووان دەردەکەوێت، چونکە دۆستایەتی باشوور کاتێک دانی پیادەنرێت لەلایەن تورکیاوە کە پێشتردژایەتی ڕۆژئاوا لەلایەن باشوورەوە ڕاگەێنرابێت.

تورکیای ئاکەپە ڕاستەوخۆ دوای ئالۆزبوونی پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕووسیا، بانگێشی بارزانی کرد بۆ بەکارهێنانی غازی سروشتی هەرێم وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ڕووسیا، بۆیە باشوور خراوەتە قەیرانی داراییەوە لەپێناو خۆشگوزەرانی تورکیادا. مێژوو هەرکات فەرامۆش کرا لەلایەن خاوەن بڕیارو سەرکردەوە ئیتر نەتەوە ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە، بەو پێیەی کە وولاتانی سەردەست دەیانەوێت بڵێن کەتاکە کەناڵی شەرعی بۆ نەتەوەیێک ئەم کەسەیەو جگە لەم کەسی ترمان قبوڵ نیە، هەربۆیە ئەم جووڵە دیبلۆماسیانەی بارزانی بۆ شەرعیەت دانە بەمانەوەی لەپۆستەکەیدا کە لەڕووی یاساییەوە تەواو بووە، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێم لەبۆشاییکی یاسایدا دەژی بۆیە هیچ پۆستێک وەکو خۆی بەڕێوە نابرێت و ئێستای باشوور تەنها دۆخی نمایشکردن لەخۆ دەگرێت لەڕووی پێناسەوە، چونکە یاساکان پەکخراون و کار بەپێگەی سیاسی و بوونی هێزی چەکداردەکرێت.

هەرێم هەتا لەگەڵ ناوەند پابەند بووبە پرۆتۆکۆلەکانیەوە
لەڕووی پراکتیزەوە هیچ کێشەو قەیرانێک بوونی نەبوو

دەبێت ئێمە پرسیارێک بکەین دۆستایەتی تورکیا چەند سوودی بەهاووڵاتیانی باشوور گەیاندووە؟ یان دۆخی هەرێم پێش کرانەوە بەڕووی تورکیادا لەڕووی نەوتیەوە چۆن بوو؟ هەرێم هەتا لەگەڵ ناوەند پابەند بووبە پرۆتۆکۆلەکانیەوە لەڕووی پراکتیزەوە هیچ کێشەو قەیرانێک بوونی نەبوو لەڕوی داراییەوە، بەڵام لەگەڵ تورکەکان سەرانی (پ.د.ک) یان هاندا بۆ ئابوری سەربەخۆو دەرکردنی نەوت لەڕێی کۆمپانیاکان و ناردنی بەبۆری بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، کێشەو قەیرانەکان سەریان هەڵداو موچەخۆرانی هەرێمیش کەوتنە بەر بەرداشی تورکیاو ناوەند، کەهەمووان تۆڵەیان لەتاکی کورد دەست پێکرد بەجۆرێک ئێستا هەرێم لەقەیرانێکی سەختی دارایی و سیاسیدایە ئەویش لەسایەی بەڵێ کردنی سەرانی کورد بۆ داخوازیەکانی تورکیا، دوور لەهەڵسەنگاندن و ووردبینی کردنی لەلایەن پەرلەمان و کەسانی پسپۆر لەبواری پەیوەندی ئابوری و نێودەوڵەتیدا.

بۆیە سیاسەتی هەڵەی هەرێم لەبواری نەوت




هاووڵاتیانی تووشی سەرگەردانی و بێ ئیرادەیی کردووە، چونکە ئەم هەموو قەیرانانە لەگەردنی ئاڵێنراوە و توانای داواکردنیشی نیە لەنوخبەی فەرمانڕەوا، چونکە بێ ئیرادەکراوە لەلایەن خودی حزبەکانەوە. تورکیا ئێستا خۆی بەخاوەنی باشوور دەزانێت بەجۆرێک هێزی سەربازی وهەواڵگری خۆی بەبێ پرس و لەدەرگادان خستووەتە ناو باشوور، ئەم هەنگاوەشی لەکاتێکدایە کە پێشتر لەڕێی ڕێگری پ.د.ک لەسەرۆکی پەرلەمان توانرا پەرلەمانی باشوور ئیفلیج بکرێت و لەوەرگرتنی بڕیار بێ بەش بکرێت، بۆیە هێنانی هێزی تورکیا لەم ساتەوەختەدا بەرنامە بۆ دارێژراوە لەڕووی تەوقیتی کاتەوە، چونکە پەرلەمانێک بوونی نیە تاوەکو لێپێچینەوە لە ئاوا پێشهاتێک و دەست درێژییێک بکات، لایەنەسیاسیەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی هەرێمیش لەئاست گۆڕانکاری وداواکاری جەماوەردا نین، چونکە فێری مشەخۆری پاراستنی پێگەی حزبی کراون نەک بەرژەوەندی گەل ونیشتمان، بەجۆرێک ئامادەن هەرای گەورە دروست بکەن ئەگەر نەسریەی حزبێک نەدرێت، بەڵام چوارمانگ موچەی فەرمانبەران لای حکومەتە هیچ لایەنێک خۆی نەکردووە بەخاوەنی ئەم کەیسە، بۆیە نازناوی پاشکۆیەتی حزبەکان بۆ ویستی لایەنێک کە(پ.د.ک)یە لەم دۆخەدا بۆ هەموان دەستەواژەیکی دروستە بەبێ جیاوازی.

تورکیا هەرێمی خستووەتە نێو گروپێک قەیرانەوە کە هەموویان پەیوەستن بەهەڵوێستی نەرم و شەرمنانەی سەرانی سیاسی لەهەرێم بەرامبەربەپاوانخوازی تورکیا بۆیە بەهەموو پێوەرێک لەفرۆشتنی نەوت داهاتێک دێتە بوون بەڵام باشوور لەبری داهات لەفرۆشتنی ئەو هەموو نەوتە تووشی قەرزی دەرەکی وناوخۆیی قەیران کرایەوە. بۆیە پێویستە لایەنە سیاسیەکان ڕۆڵی (کەڕەی شەربەت)نەگێڕن بەرامبەر بەو هەموو نادادپەروەریەی خراوەتە گەڕ لەلایەن سیاسەتێکی هەڵەوە، چونکە مێژوو لێپرسینەوەی بۆ هەموو ئەوانە هەیە کەئێستا یاری بەقووتی گەل و داهاتی نەوەکانیەوە دەکەن.

داعش دوژمنی ئێمەو دۆستی تورکیایە، ئیتر چۆن پەیوەندی ئابووری وسیاسی و هەواڵگری لەگەڵ دۆستی دوژمنەکەماندا نۆرماڵ بکرێت وبە بەدەستکەوت بەنەتەوەکەمان بفرۆشرێتەوە؟ لەمێژوودا ناوی (تەتەر، مەغۆل، فارس، رۆم، بیزەنتینی، عوسمانی، سەفەوی.هتد هاتووە بەڵام مێژوو چۆن لەئامێزی گرتوون لەنێولاپەڕەکانیدا، ؟ ئایا جێگەی شەرمن یان شانازی بۆ نەوەکانیان؟ بۆیە پێویستە بۆ داهاتوو ئاگامان لەسەربەرزی نەوەکانمان بێت لەناو گەلاندا لەڕێی هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ئەمڕۆمانەوە. لەخۆنەویستیدا قازی ئێمەی سەربەرزکرد، لەخۆڕاگریدا ئۆج ئالان ئێمەی پێناسەکرد.

# کۆچ لەپێناو مەرگدا





## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

### تۆماری یاسایی

ژمارە 111

ڕێکەوت 2015/11/16

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ئازادی کۆمەڵگە ) مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( محمد کیانی عبدالرحمن ) و سەرنووسەرەکەی ( گوران علی حسن )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( 111 ) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

2
sala Ekemin
hijmara duhem
31-1-2016
Rebendana
٢٧١٥

# Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye




# کۆبانێ بە رۆح و خوێنی یەکێتی نەتەوەیی رزگاری بوو